## ئاگاداریەک لەکۆمپانیای بەرێزەوە بۆ سەرجەم شارەزایانی بواری بیناسازی

کۆمپانیای بەرێز بانگێشتی هەموو ئەو کەسانە دەکات کەستافی کارکردنیان هەیە لەبواری دانانی ئاوو ئاوەڕۆو کارەباو کاشی و لەبغ و گەچکاری دەتوانن سەردانی کۆمپانیا بکەن بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر بۆ خانووەکانی (گرین سیتی، بروا سیتی، چەرموو سیتی)
دووا بەروار بۆ وەرگرتنی تەندەر (٢٠/٦/٢٠٠٩) یە.
ناونیشانی وەرگرتنی تەندەر :
ئۆفیسی سەرەکی کۆمپانیای بەرێز/ سلێمانی.
کەمپی پرۆژەی چەرموو ستی/ چەمچەماڵ.
کەمپی پرۆژەی گۆران ستی/ هەڵەبجە.

کۆمپانیای بەرێز



# ڕۆژنامە ٧

www.rozhname.com

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 487 چوارشەممە 10/ 6/ 2009 | نرخ 500 دینار | No.487 Wed 10/ 6/ 2009


## بەپێی یاسای کۆمسیۆن؛

# ئەو لیستەی پێشێلکاری بکات سەرۆکەکەی زیندانیی دەکرێت




سامان بەشارەتی

بەپێی یاسای کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دەبێت سەرۆکی لیستی کوردستانی بۆ ماوەی شەش مانگ زیندانیی بکرێت، لەبەرامبەر ئەو پێشێلکارییانەی لیستەکەیان پێش وادەی یاسایی بانگەشەی هەڵبژاردن ئەنجامیداوە.

لیستی کوردستانی پێش ئەوەی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن دەستپێبکات، لەهەندێک ناوچە لەلایەن لایەنگران و هەڵسوڕاوانییەوە لافیتەیان بەمەبەستی بانگەشەکردن هەڵواسیوەو پڕوپاگەندە بۆ لیستەکەیان دەکەن.

فەرەج حەیدەری سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «هەر قەوارەیەکی سیاسی ئەگەر پێش پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، پڕوپاگەندە بۆ لیستەکەی خۆی بکات، غەرامە دەکرێت و سەرۆکی لیستەکەش بۆ ماوەی شەش مانگ زیندانیی دەکرێت».

فەرەج حەیدەری ئاماژەی بەوەکرد، ئەگەر هەر قەوارەیەکی سیاسی بەبەڵگەوە بیسەلمێنێت هەرلیستێک پێش پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن کە لەلایەن کۆمسیۆنەوە دیاریدەکرێت، پڕوپاگەندەی بۆ لیستەکەی کردبێت، کۆمسیۆن سزای دەدات، ئەو قەوارە سیاسییەش دەتوانێت لەدادگا شکاتی لێبکات و وێنەکان بداتە دادگا.

## پەرلەمانی ماوە بەسەرچوو

ل٣

## کاتی دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن دیار نییە

شارا عەبدولڕەحمان

عەبدولڕەحمان خەلیفە بەڕێوەبەری گشتیی پەیوەندییە جەماوەرییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: تائێستا کاتی دەستپێکردنی بانگەشە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دیار نییەو هەرکاتێک کە وردبینی ناوی پاڵێوراوانی لیستەکانی بەشدار لەهەڵبژاردندا تەواوبوو ئەوکاتە ڕادەگەیەنرێت، کە چ کاتێک بانگەشە دەستپێدەکات.

لەلایەکی دیکەوەو لەبەیاننامەیەکیاندا، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕایانگەیاندووە: لەڕۆژی (١)ی تەمموزی داهاتوو پلانێکی ڕاگەیاندنی فراوان بۆ قۆناغی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەستپێدەکات، کە بڕیارە (٢٥)ی هەمان مانگ بەڕێوەبچێت.

## کوردۆ قاسم:




## داواکاریی ئێمە بۆ ریفۆرم تەنیا بۆ ناوخۆی یەکێتی نییە

ل٦و ٧


## شاری دییەی وەرزشکاران

کۆمپانیای بەرێز قیستەکانی کڕینی شوقەیەکی لەشاری دییە کرد بە 10قیست، بەبڕی دوو ملێۆن و پێنج سەد هەزار دینار دەتوانی گرێبەستی کڕینی شوقەیەک ئەنجام بدەیت جگە لەوە نیوەی پارەی شوقەکان لەسندوقی نیشتەجێبوون بەقەرزی 10ساڵ پێت دەدرێ.




شوقەکانی شاری دییە
تەنها 140شوقەیەولەمواصەفاتدا
بێ وێنەیە.
شوقەیەک بریتییە لە:
چێشتخانەو میوان و دوو نوستن و
بەلەکۆن و گەنجینە.
کەوانتەری مەتبەخ و سیستەمی
ساردو گەرم و دوو مەسعەدی تێدایە.
هەموو شوقەیەک سەوزایی و
پەرکی کراوەی ئۆتۆمبیل لەخۆ دەگرێ
بۆ زانیاری زیاتر 07501530090


www.netewe.com

# پەرلەمانی ماوە بەسەرچوو

هیوا جەمال

بەپێی بۆچوونی ژمارەیەکی زۆر لەپەرلەمانتاران‌و بەشێکی زۆر لەچاودێران، پەرلەمانی کوردستان لەماوەی یاسایی خۆیدا پەرلەمانێکی شەرمن بووەو ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەریی‌و بڕیارەکانی مەکتەبی سیاسی حیزبەکاندا پرۆژەکانی پەسەند کردووە، ئەوە جگەلەوەی سێیەکی کارەکانی بەجێهێناوەو بەدواداچوون‌و لێپرسینەوەی نەکردووە.

تەنانەت بەوتەی ژمارەیەک لەپەرلەمانتاران پێش کۆبوونەوە لەسەر هەندێک پرۆژەیاساو خستنەبەر گفتوگۆو دەنگدان لەسەریان، فراکسیۆنەکان لەلایەن مەکتەبی سیاسی حیزبەکانەوە کۆبوونەوەیان پێکراوەو ئاراستەکراون، کە چۆن لەسەر مادەو بڕگەکانی پرۆژەیاساکان دەنگبدەن‌و لەسەر چی پێدابگرن‌و چ مادەیەک بڕوێنن.

کارگەیشتە ئەوەی وەک نوکتەیەک لەنێو پەرلەمانتاراندا باسیدەکرێت هەندێک پەرلەمانتار کە لەکۆبوونەوەکان دواکەوتوون یان بەکارێک چوونەتە دەرەوەی هۆڵی پەرلەمان‌و هاتوونەتەوە هەر لەدەرگای پەرلەمانەوە بینیویەتی ئەندامانی فراکسیۆنەکەی دەستیان بەرزکردووتەوە ئەویش بێئاگاداریی هیچ شتێک دەستی بەرزکردووەتەوە، یان بەپێچەوانەوە.

هۆکارە سلبییەکانی دەستوەردان لە کاروباری پەرلەمان‌و مامەڵەکردن لەگەڵ پەرلەمانتارەکان وەک کۆیلەیەکی سیاسی، وایکرد پەرلەمان لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا دەیان بڕیارو یاسای ناجۆر، پەسەند بکەن‌و چەندین یاسای لاوازیش بۆ جێبەجێکردن بنێرنە دەرەوەی ئەو هۆڵەی ناوی پەرلەمانە.

## ماوەی یاسایی

بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان-عێراق‌و سێ هەموارکردنی یاساکە، پێش هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان، بەپێی یاساکانی ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٤و ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٩٨و ژمارە (٤٧)ی ساڵی ٢٠٠٤و بەپشتبەستن بە مادەی (٤٦)ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و مادەی (٥١)ی هەموارکراو «بەپێی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٤»ی هەمان یاسا. مادەی (٥١)ی هەموارکراوی (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق، کە ئاماژە بەوە دەدات (ماوەی ئەنجومەن چوار ساڵەو لەیەکەم دانیشتنیەوە دەستپێدەکات‌و بەدوا دانیشتنی لەساڵی چوارەمی کۆتایی دێت)، بەڵام مادەی (٤٦)ی هەمان یاسا «پێش هەموارکردنی چوارەمی بەپێی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٩ کە بەسەر خولی داهاتووی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا جێبەجێ دەبێت»، بەڕوونی‌و بەوردی کاتی یەکەم دانیشتنی هەر خولێکی پەرلەمان دیاریدەکات بەمشێوەیە: (ئەنجومەن دانیشتنی یەکەمی خۆی لەسەعات دەی ڕۆژی دەیەمی پاش ڕاگەیاندنی دەرەنجامەکانی هەڵبژاردن دەبەستێت).

لەبەرئەوەی هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠٠٥/١/٣٠) ئەنجامدراو پاش دوو هەفتە دەرەنجامەکانی ڕاگەیەندرا، ئەوا دەبوو یەکەم دانیشتنی پەرلەمان لە (٢٠٠٥/٢/٢٥) ئەنجام بدرێت‌و دوا دانیشتنیشی پێش (٢٠٠٩/٢/٢٥) ئەنجام بدات. بەم پێودانگەش خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان لەم بەروارەی دوایی کۆتایی پێهاتووەو لەوە بەدواوە شەرعییەتی یاسایی نەماوە.

لەبەر ئەوە لەڕووی یاساییەوە هەموو درێژکردنەوەیەکی ماوەی نوێنەرایەتی لەلایەن خودی نوێنەرەوە بەنایاسایی‌و ناشەرعیی دادەنرێت. گرنگیی دیموکراسیش هەر بەوە نییە کە ناوە بەناوە هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، بەڵکو دەبێت هەڵبژاردنەکان دەوریی بن‌و هەمووان پابەندبن بەکاتی ئەنجامدانی».

## درێژکردنەوە

دوای هەموو خاڵە سلبییەکانی کارەکانی پارلەمان هەندێک خاڵی ئیجابیشیان هەیە کە بەڕای چاودێران (زۆر کەمن‌و لەئاست ئەو ژمارە پەرلەمانتارەو ئەو بودجەو ئیمتیازە زۆرەدانین) پارلەمانتارەکان بڕیارێکیان بۆ درێژکردنەوەی ماوەی کارکردنیان‌و وەک دەڵێن: «درێژەدان بەگوێرایەڵی مەکتەبی سیاسی حیزبەکانیان» دەرکردو بەزۆرینەی دەنگ بەبڕیاری ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٠٩ بڕیاری ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٩یان دەرکرد.

دەقی بڕیاری ژمارە ٦ کە ڕۆژی (١٧)ی مایسی ٢٠٠٩ دەرچووە

**یەکەم:** خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان- عێراق کە لەڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٤ کۆتایی پێدێت بەردەوام دەبێت‌و پەرلەمان دەمێنێتەوە تاکو هەڵبژاردنی پەرلەمانێکی نوێ‌و گرێدانی کۆبوونەوەی یەکەمی.

**دووەم:** کار بەهیچ دەقێکی یاسایی، یان بڕیارێک ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت.

**سێیەم:** لەسەر ئەنجومەنی وەزیران‌و لایەنە پەیوەندیدارەکان پێویستە حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێبکەن.

**چوارەم:** ئەم بڕیارە لەڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێدەکرێت‌و لەڕۆژنامەی ڕەسمیی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

## کارەکانی داهاتوو

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لەوتاری کردنەوەی دواخولی دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان لەسەرەتای مانگی ئازار چەند پرۆژەیاسایەکی باسکرد، کە پێویستە کاریان لەسەر بکرێت وەک: پرۆژەیاسای پاراستنی خاوەندارێتی هزری‌و هونەری. پرۆژەیاسای پاراستنی موستەهلیک. پرۆژەیاسای قۆرغکردن (ئیحتیکار). پرۆژەیاسای لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان.

هەروەها باسی لەبەشێکی دیکەی پرۆژەیاساکان کرد، کە خوێندنەوەیان بۆکراوە ئاراستەی حکومەت کراون بۆ وەرگرتنی ڕاوبۆچوونیان، بەتایبەتی ئەو پرۆژانەی کە پێویستیان بەدابینکردنی پارە هەیە وەک: پرۆژەیاسای بودجەی حیزبەکان کە لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لەئەندامان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرابوو، ئاراستەی حکومەت کراوە؛ پرۆژەیاسای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی‌و دیاریکردنی سەرمایەی بەرپرسانی هەرێم، «کە پرۆژەیەکی گرنگەو لەلایەن ئەندامان ئامادەکراوە، پێویستە کاری بۆ بکرێت‌و وەک یاسایەک دەربچێت‌و لەگەڵ یاساکانی دیکەی وەک دەسەڵاتی دادوەری یاسای دیوانی چاودێری دارایی ڕۆڵی هەبێت بۆ نەهێشتنی دیاردەی گەندەڵی، وەک هەنگاوێکی گرنگ بۆ پلانی چاکسازیی‌و چەسپاندنی حوکمی یاسا». پرۆژەیاسای قەدەغەکردنی توندوتیژیی لەدژی ژنان‌و ئافرەتان. پرۆژەیاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان. پرۆژەیاسای بەدەستهێنانی زانیاری، پرۆژەیاسای خۆپاراستنی تیشک. جگەلەم پرۆژانە زۆر پرۆژەی جۆراوجۆر لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی پێشکەش بەپەرلەمان کراون‌و بەرەو ڕووی ئەنجومەنی وەزیران کراونەتەوە.

## کارە قورسەکە

ئەو پرۆژانەی کە پەرلەمانتاران بەپرۆژەی قورسی دەزانن‌و پێویستە لەم کاتە زیادکراوەی پەرلەماندا کاریان لەسەر نەکرێت، چونکە پەلەپڕوزێی پێوە دیاردەبێت، ئەوانیش پرۆژەیاسای بودجەی هەرێم‌و ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستانە.

ڕای جیاواز لەسەر بودجەی هەرێم هەیە، ئەو ڕایەی زاڵە ئەوەیە، کە بودجەی هەرێم زۆر دواکەوتووەو پێدەچێت دواخستنیشی مەبەستی ئەوەی لەدواوە بێت کە بەشێوەیەکی سەرپێییانە لەماوەیەکی کەمدا پەسەند بکرێت.

ئەوەی دەمێنێتەوە پێنووسی دەستووری هەرێمە، کە بڕیارە پێنجشەممە لیژنەی دەستووری کۆبوونەوەی لەسەر بکات‌و هەفتەی داهاتووش پەرلەمان کۆبوونەوەی لەبارەوە بکات بەمەبەستی پەسەندکردنی.

بڕیارە قورسەکە، پەسەندکردنی دەستووری هەرێمە.

لە ٢٠٠٨/١١/٢٦ پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە ١٦ی ساڵی ٢٠٠٨ی (یاسای پەسەندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستانی پەسەند کرد) کە لە (١١) مادە پێکهاتووە، بۆ دیاریکردنی میکانزمەکانی دانانی دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ هەرێمی کوردستان، بەپێی ئەو یاسایە دوای تەوابوونی کارەکانی لیژنەی پێداچوونەوەی دەستوور، سەرۆکایەتی پەرلەمان دەیخاتە بەرنامەی کارەوەو پەسەند دەکرێت، بەڵام زیاتر لەساڵێکیشە ئەو لیژنەیە کارەکانیان تەواوکردووەو تائێستا پرۆژەکە پەسەند نەکراوە.

بەپێی یاسای پەسەندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان، دوای پەسەندکردنی دەستوور بەدەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان بەهەموو زمانی نەتەوەکانی کوردستان بڵاودەکرێتەوەو پاشان دەخرێتە ڕاپرسی سەرتاسەرییەوەو کۆمسیۆنی باڵا هەڵدەستێت بەسەرپەرشتی پرۆسەی ڕاپرسی بۆ دەستووری هەرێمی کوردستان.

«ئەگەر لەم ماوە کەمەی کەماوە لەبەردەستی پەرلەماندا دەستوور پەسەندبکرێت، ئەوا شێوە هەڵپرۆکاندنێکی پێوە دیار دەبێت».

دەستووری هەرێم چەندین گرفتی هەیە، لەوانەش دەستوورەکە دیباجەیەکی درێژی هەیەو مافی نەتەوەکانی دیکەی جگەلە کورد بەباشی ڕوونەکراوەتەوەو ناوچەجێناکۆکەکان نەگەڕاونەتەوە سەر هەرێم.



# لە کوردستان زیندانی سیاسی هەیە؟

ستارە عارف

ئەگەرچی بەرپرسانی حکومەتی هەرێم نکۆڵی لێدەکەن، بەڵام چاودێران‌و چالاکوانانی بواری مافی مرۆڤ‌و ڕێکخراوەکان‌و بەشێک لەئەندامانی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە تائێستا لەهەرێمی کوردستاندا زیندانی سیاسی هەیە کە لەسەر بیروڕای جیاوازو بەتۆمەتی دیکە دەستگیرکراون.

تاڤگە محەمەد، ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ لەپەرلەمانی کوردستان لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە، ئاماژە بەبوونی زیندانی سیاسی لەهەرێمی کوردستان دەکات‌و دووپاتی دەکاتەوە کە هێشتا کەسانێک هەن لەسەر بیروڕای جیاواز لەزیندانەکانی هەرێمدان‌و وتیشی: «هەبووە لەسەر ئەوەی کۆمەڵ یان یەکگرتوو بووە تۆمەتبارکراوە بەتیرۆرو زیندانیکراوە»، تاڤگە بەڵگە بۆ قسەکانی دەهێنێتەوەو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ساڵی ڕابردوو (٧٩) خێزان هاتوونەتە بەردەم پەرلەمان‌و داوای ئازادکردنی زیندانییەکانیان دەکرد، پاشان لیژنەی ناوخۆو یاسایی‌و مافی مرۆڤی پەرلەمان سەردانی زیندانی هەرسێ پارێزگاکەیان کردو لەئەنجامدا هەندێکیان حوکمدران، بەڵام «تائێستاش هەندێک لەو بەندکراوانە لەزیندانەکانی هەرێمدا ماون».

د.شوان محەمەد، وەزیری مافی مرۆڤی هەرێمی کوردستان لەوبارەیەوە بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «هیچ زیندانییەک لەسەر بیروڕای جیاواز لەزیندانی کوردستاندا نەماون» وتیشی: «یەک بەیەک ئەو زیندانیانە دەناسین‌و ناویان لامانەو سەردانمانکردوون، ئێستا کەس نییە لەسەر بیروڕای سیاسی لەزینداندا بێت، ئەوەی کە هەیە پەیوەندی بەتیرۆرەوە هەیە، ئێمە نەمانوتووە ئەوانەی کە گیراون ئیسلامین، بەڵکو پەیوەندیان بەتیرۆرەوە هەیە بۆیە بەندکراون، ئەگەر کەسێکیش بەڵگەی لەسەر یەک زیندانی بەمشێوەیە هەیە با پێمانبڵێت».

لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا حکومەتی هەرێم لەڕێگای دەزگاکانی ئاسایش‌و دەزگای دژەتیرۆرەوەو بەتۆمەتی تیرۆر چەندین کەسی لەئەندامانی پارتە ئیسلامیەکان دەستگیرکردووەو ئەو لایەنانەش ئەوە بەپێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ‌و ئازادیی کاری سیاسی لەقەڵەمدەدەن.

عەبدولستار مەجید، کارگێڕی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: وەک کۆمەڵی ئیسلامی خەڵکێکی زۆرمان لەسەر ئیسلامیبوون گیراوە، ئەگەرچی هەندێکیان ئازادکراون، بەڵام ئێستاش خەڵکمان لەزیندانەکاندا ماوە کە دەڵێن لەسەر تیرۆر گیراون‌و هیچ سۆراغێکیان نییە، وتیشی: «ئێمە ئەو تۆمەتانە بەناڕاست دەزانین‌و ئەگەر کەسێک بەهەر تومەتێک دەستگیرکرابێت، دادگا هەیە بادادگایی بکرێت‌و بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت‌و مافی ئەوەی هەبێت بەرگری لەخۆی بکات‌و پارێزەر بۆ خۆی بگرێت».

# کۆمسیۆن: لەو باوەڕەدا نەبووین هاوڵاتییان بەو شێوە زۆرە سەردانی ناوەندەکانی دەنگدان بکەن

سامان بەشارەتی

بەهۆی کەمیی فەرمانبەران لەبنکەکانی تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران زۆربەی هاوڵاتییان ناتوانن لەناوەکانی خۆیان دڵنیا ببنەوە لەچی بنکەیەک دەنگدەدەن.

بەرپرسی نووسینگەی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانیش ئاماژە بەوە دەکات، کۆمسیۆن لەوباوەڕەدا نەبوون بەوشێوە زۆرە هاوڵاتییان سەردانی بنکەکانی تۆماری دەنگدەران بکەن، بۆیە داوایان لە UNو ئەنجومەنی کۆمسیاران کردووە ماوەکە بۆ دوو سێ ڕۆژی دیکە درێژ بکەنەوە.

بەهۆی زۆریی سەردانی هاوڵاتییان بۆ بنکەکانی دەنگدان، بۆ دڵنیابوون لەناوەکانیان، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ماوەی دوو ڕۆژی زیادکردو حکومەتی هەرێمیش دوێنێی کردە پشوو، بۆئەوەی فەرمانبەران بتوانن سەردانی بنکەکانی دەنگدان بکەن، بەڵام لەزۆربەی بنکەکانی تۆمارکردن، بەهۆی کەمیی فەرمانبەرەوە زۆرێک لەهاوڵاتییان نەیانتوانی دڵنیابن لەناوی خۆیان لەو بنکانە.

زرار عەبدوڵڵا حەمە یەکێکە لەو هاوڵاتییانەی لەبەرەبەیانەوە چووتە بنکەی ٢٠٣ی باداوە بۆئەوەی لەناوەکەی خۆی دڵنیا ببێت، بەڵام وەک خۆی دەڵێت: «ئەوە ماوەی (٦) سەعاتە سەرەم گرتووە تاوەکو ئێستا سەرەم بەرنەکەوتووە، چۆن دەبێت ئەو هەموو هاوڵاتییە بە ١٠ فەرمانبەر بەڕێوەبچێت»

ژیان محەمەد، هاوڵاتی، ئاماژە بەوەدەکات لەبەرەبەیانەوە هاتووە تا سەعات سێی دوای نیوەڕۆ سەرەی بەرنەکەوتووە.

ڕێناس کەمال زوهێر وەک فەرمانبەرێکی کۆمسیۆن لەبنکەی ٢٠٣ی باداوە بێزاریی خۆی نیشاندا، بەهۆی زۆریی هاوڵاتییانەوە، وتی: «گەورەترین کێشەی ئێمە کەمیی فەرمانبەرانە لەناو بنکەکاندا، بەتایبەتی بنکەکەی ئێمە زۆر قەرەباڵغە، نزیکەی (٦٧) هەزار کەسمان هەیە کە مافی دەنگدانیان هەیەو ١٠ فەرمانبەرین بەبەڕێوەبەرو جێگرەکەشیەوە».



سەبارەت بەکەمیی فەرمانبەران لەبنکەکانی تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران هەندرێن محەمەد، بەرپرسی نووسینگەی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەو باوەڕەدانەبووین بەمشێوە زۆرە هاوڵاتییان سەردانی بنکەکانی تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران بکەن، بۆیە دوو ڕۆژمان درێژکردەوە، بۆئەوەی هاوڵاتییان فریابکەون ناوی خۆیان لەبنکەکاندا بدۆزنەوە، بۆئەوەی لەڕۆژی دەنگداندا بزانێت لەچی بنکەیەکدا دەنگدەدات، وەک دەیبینین ئەمڕۆ قەرەباڵغییەکی زۆر لەبنکەکاندا هەیە، ئێمەش فەرمانبەرەکانمان دابەشکردووە بەسەر ئەو بنکانەی کە قەرەباڵغن، بەڵام هەر بێسوودە، لەوەناچێت فریای ئەو هەموو خەڵکە بکەوین.

بەرپرسی نووسینگەی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ئاماژە بەوە دەکات، ئەگەر هاوڵاتییان ئێستا نەزانن ناوەکانیان لەچی بنکەیەکدایە لەڕۆژی دەنگداندا زەحمەتە بیدۆزنەوەو بێبەش دەبن لەدەنگدان، «بۆیە لەهەوڵی ئەوەداین و داوایان لە UNو ئەنجومەنی کۆمسیاران کردووە، کە تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران بۆ ماوەی دوو سێ ڕۆژی دیکە درێژ بکرێتەوە، بەهۆی زۆری سەردانی هاوڵاتییانەوە».

# زیاتر (٦٥٪)ی دەنگدەران بەشداری هەڵبژاردنی داهاتووی هەرێم دەکەن

ڕۆژنامە

زیاتر (٦٥٪)ی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەیە لەهەرێمی کوردستان بەشداری هەڵبژاردنی داهاتووی هەرێمی کوردستان دەکەن و (٣٣٪)یش بەشداری ناکەن.

بەپێی ڕاپرسییەکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق، کە لەسەر ماڵپەری ڕەسمیی خۆی ئەنجامیداوە (٦٥,٨٪)ی دەنگدەرانی هەرێم بەشداری هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەن و (٣٣,٣٣٪)ی دەنگدەران بەشداری ناکەن و (١,٥٩٪)ی بەشدارانیش تائێستا خۆیان یەکلایی نەکردووتەوەو بڕیاریان نەداوە کە بەشداری دەکەن، یان نا.

ڕاپرسییەکەی کۆمسیۆن تایبەتە بەو دەنگدەرانەی کە مافی بەشداریکردنیان هەیە لەهەڵبژاردنی داهاتووی هەرێمی کوردستاندا کە بڕیارە لە (٢٠٠٩/٧/٢٥) ئەنجامبدرێت و (٢٤) قەوارەو هاوپەیمانی کێبڕکێ دەکەن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و (٥) کاندیدیش بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم کێبڕکێ دەکەن.

# دوای بودجەی هەرێم، دەستووریش پەسەند دەکرێت

شارا عەبدولڕەحمان

لەچەند ڕۆژی داهاتوودا لیژنەی داڕشتنەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان لەپەرلەمانی کوردستان دوایەمین کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەماندا ئەنجامدەدات و پێدەچێت لەهەفتەی داهاتوودا لەدانیشتنی گشتی پەرلەماندا دەستووری هەرێم پەسەند بکرێت.


کەرخی ئاڵتی بەرماخ ئەندامی لیژنەی داڕشتنەوەی دەستووری هەرێم لەپەرلەمانی کوردستان بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: سەرۆک و جێگرو بڕیاردەری لیژنەی داڕشتنەوەی دەستوور لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەماندا دانیشتنێکی تایبەتیان لەسەر دەستووری هەرێم ئەنجامداوەو بڕیارە هەر لەم چەند ڕۆژەی داهاتوودا لیژنەکە بەگشتی لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەماندا بۆ هەمان مەبەست کۆببێتەوەو لەهەفتەی داهاتوودا لەدانیشتنێکی پەرلەماندا دەستووری هەرێم پەسەند بکرێت.

ئەو ئەندامەی لیژنەی داڕشتنەوەی دەستوور ئاماژەشی بەوەکرد، کە روون نییە ئایا دوای پەسەندکردنی دەستوور بەمزووانەو لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەماندا دەستووری هەرێم بخرێتە ڕیفراندۆمی سەرتاسەرییەوە.

سەبارەت بەبەکارهێنانی کاتی زیادکراوی پەرلەمان بۆ مەسەلەیەکی گرنگی وەک پەسەندکردنی دەستوور، کەرخی ئاڵتی بەرماخ ئەوەی بۆ ڕۆژنامە ڕوونکردەوە، کە لەسەرەتادا وادەی پەرلەمان بۆ ئەوە درێژکرایەوە کە بۆشاییەک دروست نەبێت تاکو کاتی هەڵبژاردن، بەڵام «دەستووری هەرێمیش کارێکی ئەوتۆی نەماوەو زۆربەی خاڵە ناکۆکەکان چارەسەرکراون و ئەوانەشی کەماوە لەدانیشتنی پەرلەماندا یەکلایی دەکرێنەوە، لەبەرئەوە پێدەچێت دوابەدوای پەسەندکردنی بودجەی هەرێم دەستووریش پەسەند بکرێت».

## ڕوونکردنەوە

رائید فەریق ڕەتی دەکاتەوە لەسەر بێ بروانامە دەرکرابێت لێرەدا بروانامەکەی بڵاودەکاتەوە



سەبارەت بەو بابەتەی دەربارەی رائید (فەریق) لە لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەکەتان ژمارە (٤٨٥ لە ٢٠٠٩/٦/٨) بڵاوکراوەتەوە

ماوەی چەند مانگێکە لە وەزارەتی ناوخۆوە داوای ناوی ئەو ئەفسەرانە کراوە کە بڕوانامەی ناوەندیان نییە بە مەبەستی گواستنەوەیان لە بەڕێوەبەرێتییەکانی پۆلیس، هاتوچۆ، ڕەگەزنامەوە بۆ بەڕێوەبەرێتی گشتی بەرگری و فریاکەوتن بڕیارەکە پێشتر لە هەولێر جێبەجێکرابوو لە ڕۆژانی ڕابردووش لە سلێمانی جێبەجێکرا.

ئێمە لە هاتوچۆ (٦) شەش ئەفسەرمان هەبوو لە ناویاندا رائید (فەریق عەلی غەریب) کە ئەوکاتە پلەی نەقیب بوو ئەو بڕیارە دەیگرتنەوە بە نووسراوی بەڕێوەبەرێتی گشتی هاتوچۆ ژمارە (١١٥٠ لە ٢٠٠٩/٤/١) ناوەکانیان ڕەوانەی وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرێتی گشتی دیوان/ سەربازی کراوە.

بە فەرمانی وەزارەتی ناوخۆ/ ژمارە (٧٦٠٤ لە ٢٠٠٩/٥/٣١) کە بە فەرمانی بەڕێوەبەرێتی گشتی هاتوچۆ/ ژمارە (٥٤٩٤ لە ٢٠٠٩/٦/٢) بەدەستمان گەشتووە، فەرمانی گواستنەوەیان بۆ بەڕێوەبەرێتی گشتی بەرگری و فریاکەوتن دەرچووە.

**عەمیدی هاتوچۆی یاسایی**
**فەرەیدون عومەر ئەحمەد**
**بەڕێوەبەری هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی**

# ڕێکخراوەناحکومییەکان ئاگاداری پرۆژەیاساکەیان نین

ئارام شێخ وەسانی
ئاوارە حەمید

چەند ڕۆژێک لەمەوبەر تۆڕی ڕێکخراوی (ماف) پرۆژەیاسایەکی ئامادەکردووە بۆ هەموو ڕێکخراوە ناحکومیەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و بەرزیکردووەتەوە بۆحکومەت، بەڵام ئێستا بەشێک لەڕێکخراوەکان بێئاگایی خۆیان لەمەڕ ئەو پرۆژەیاسایە نیشاندەدەن و تێبینی و سەرنجیان هەیە سەبارەت بەپرۆژەیاساکە، ئەوە لەکاتێکدایە ڕەشنووسی پرۆژەیاسای ڕێکخراوە ناحکومیەکانی کۆمەڵگای مەدەنی تائێستا کۆدەنگی لەسەر نییەو پرۆژەیەکی گشتی بەئامادەبوونی هەموو ڕێکخراوەکان ئامادە نەکراوە.

هێمن مەلازادە سکرتێری ڕێکخراوی (ڕا) بۆ پرسە نەتەوەییەکان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ماوەیەک بەر لەئێستا تۆڕی ماف پرۆژەیەیاسایەکی ئامادەکردووە، کە تایبەتە بەڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، خۆی لەبیست وحەوت بڕگەدا دەبینێتەوەو دراوە بەحکومەت، بەڵام ژمارەیەکی زۆری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئاگاداری ئامادەکردنی ئەو پرۆژەیە نین، زۆرینەی ڕێکخراوەکانیان فەرامۆشکردووە لەکاتی ئامادەکردنی پرۆژەیاساکەدا».

تەنیا لەهەولێر (٧١) ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی بێئاگایی خۆیان سەبارەت بەم پرۆژەیاسایە نیشانداوە، لەسلێمانی و دهۆک و شارو شارۆچەکانی دیکە، سەدان ڕێکخراوی تر بێئاگان لەپرۆژەیاساکە، هێمن وتیشی: ترسەکە لێرەدایە ئێمە تێبینیمان هەیە لەسەر زۆرینەی بڕگەکانی ئەو پرۆژەیاسایە، هەروەها مەترسیشمان هەیە کە پرۆژەکە بدرێتە پەرلەمان و لیستەکانی پەرلەمانیش وەک دەسکەوتێکی ئەو کابینەیە پرۆژەکە پەسەند بکەن، بۆ ڕەواندنەوەی ئەم ترسانە ئێمە لیژنەیەکمان پێکهێناوە لەهەموو ڕێکخراوەکان تێبینیەکانمان ئامادەکردووە، هەروەها ڕەشنووسێکیش ئامادە دەکەین و بەرزی دەکەینەوە بۆ حکومەت.

## نەوت، کوردو بەغدا!

# رووداوەکەی (٦/١) دەستکەوت بوو، یان ...؟

**حکومەتی هەرێم سەرەڕای ئەوەی نەوتی کوردستانی خستووەتە ژێر دەسەڵاتی بەغدا، پارەی کۆمپانیا بیانییەکانیش لە (١٧٪)ەکە، کە بەشەداهاتی خەڵکی کوردستانە، دەیدات**

**نەوتی یەدەگی کوردستان بە (٤٠- ٤٥) ملیار بەرمیل نەوت دەخەمڵێنرێت، ئێستا رۆژانە (١٠٠ هەزار) بەرمیل نەوت لەو یەدەگە سەرف دەبێت، ساڵی داهاتوو ئەم ژمارەیە زیاد دەکات بۆ (٢٥٠ هەزار) بەرمیل، لەماوەی دوو تا سێ ساڵی دیکەدا هەموو رۆژێک یەک ملیۆن بەرمیل نەوتی کوردستان بۆ گەلی عێراق سەرفدەبێت**

**ئەوەی حکومەتی هەرێم کردی، کتومت ئەوەیە کە شەهرستانی ماوەیەکی درێژە داوای دەکات، نەوتی کوردستان دەبێت بگەڕێتەوە بۆ بودجەی عێراقو حکومەتی ناوەندی تەحەکوم بە سەروەتو سامانی کوردستانەوە بکات**

نامۆ عەبدوڵڵا

سەرەتای ئەم مانگە هەواڵێکی خۆش بیسترا: کورد بە فەرمیو بە رەزامەندیی حکومەتی ناوەندی، نەوت دەنێرێتە بازاڕەکانی دەرەوە. هەردوو سەرۆکە کوردەکە ئەم رووداوەیان بە مێژوویی لەقەڵەمدا، بەڵام لەڕاستیدا ئەگەر بەوردی سەیرێکی ئەو رووداوەی ٦/١ بکەین، دەبینین ئەم ناردنە دەرەوەی نەوتە، نەک هەر مێژوویيو گرنگ نییە، بەڵکو سازشێکی حکومەتی هەرێمو سەرکردایەتیی کوردە بەرامبەر بەغدا.

### رۆژی ٦/١ چی روویدا؟

٢٠٠٩/٦/١ حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ یەکەمجار نەوتی هەرێمی کوردستانی لە رێگای بەندەری جیهانی تورکییەوە ناردە بازاڕەکانی دەرەوە، ئەم نەوتە کە بڕی ناردنە دەرەوەی (١٠٠ هەزار) بەرمیلە لە رۆژێکدا، لە هەردوو چاڵە نەوتی (تەقتەقو تاوکی) دەردەهێنرێت، (٤٠ هەزار) بەرمیل لە یەکەمیانو (٦٠ هەزار) لە دووەمیان.

ئەم رووداوە دوای ماوەیەکی زۆری ململانێی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستانو وەزیری نەوتی حکومەتی ناوەندی هات لەسەر ئەو گرێبەستانەی کە هەرێم تاکلایەنە لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکاندا ئیمزای کردوون، حسێن شەهرستانی، وەزیری نەوتی عێراق، دەیوت گرێبەستەکان کە ژمارەیان لە بیست گرێبەست زیاترە، نایاسایین، بەڵام سەرۆکی حکومەتی هەرێم دەیوت ئێمە «هیچ بەهایەک» بۆ شەهرستانیو قسەکانی دانانێینو گرێبەستەکانمان هاوتایە لەگەڵ دەستووری عێراق.

لە تێڕوانینی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، رووداوەکەی ٦/١ رۆژێکی مێژوویی بوو، کە بپرسین بۆ؟ دەڵێن چونکە بۆ یەکەمجار کورد نەوت دەنێرێتە دەرەوە، ئەم رووداوە رەنگە مێژوویی بێت لە پیشاندانی ئەو رۆڵە روخسارییەی کە حکومەتی هەرێم لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دەیەوێت بیگێڕێت. حکومەتی هەرێم سەرەڕای ئەوەی دەوڵەت نییە، دەیەوێت تەحەدای تیۆری بەهەژموونی ریالیزم بکاتو بڵێت لە سیستمی نێودەوڵەتیدا ئەوانەی کە رۆڵ دەگێڕن، تەنیا دەوڵەت نین، بەڵکو ئەکتەری وەکو منیش بوونی هەیەو دەبێت چاوتان لێی بێت.

بەڵام کە دێتە سەر ئەوەی بزانین ئەم کارە چۆن کراوە، دەبینین ئەم رووداوە مێژووییە هیچ نییە جگە لە سازشێکی گەورەی حکومەتی هەرێم بەرامبەر بە بەغدا، کە سەرکردە کوردەکان لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا، ئەم سازشەیان وەک دەستکەوت بە خەڵکی کوردستان فرۆشت.

ئەوەی حکومەتی هەرێم کردی، کتومت ئەوەیە کە شەهرستانی ماوەیەکی درێژە داوای دەکات، نەوتی کوردستان دەبێت بگەڕێتەوە بۆ بودجەی عێراقو حکومەتی ناوەندی تەحەکوم بە سەروەتو سامانی کوردستانەوە بکات.

ئەو رووداوەی ٦/١، لەلایەکی دیکەوە بێ پلانیی حکومەتی هەرێمی نیشاندا کە نەدەبوو پەلە لەم چاڵە نەوتانە بکاتو هەڵیانبداتەوە. هەڵدانەوەی ئەم چاڵە نەوتانە، ئەگەر سەرەتاکەی دروست بووبێت کە حکومەتی هەرێم بۆخۆی ئەم نەوتەی دەفرۆشت، ئەوە کۆتاییەکەی بە هەڵە کەوتەوەو دەردەکەوێت هەرێم پەلەی کرد لە دەرهێنانی نەوتدا، نەیتوانی نەوتی یەدەگی خۆی هەڵگرێت بۆ کاتێک کە توانای هەیە بۆخۆی بیفرۆشێت.

سیاسەتمەدارێکی عەرەب لە بەغدا بۆ سیاسەتمەدارێکی کورد سەرسامیی خۆی دەربڕیبوو، لەوەی بۆ کورد پەلەدەکات لەدەرهێنانی نەوتو گرفتەکانی زیاتر دەکات لەگەڵ حکومەتی ناوەندی، با بێ گرفت لە نەوتی باشوورو ناوەڕاستی عێراق بخواتو نەوتی خۆشی هەڵگرێت.

### سەرکردایەتیی کوردیو وتارێکی ئەپۆلۆجیست

نەوتی یەدەگی کوردستان بە (٤٠- ٤٥) ملیار بەرمیل نەوت دەخەمڵێنرێت، ئێستا رۆژانە (١٠٠ هەزار) بەرمیل نەوت لەو یەدەگە سەرف دەبێت، ساڵی داهاتوو ئەم ژمارەیە زیاد دەکات بۆ (٢٥٠ هەزار) بەرمیل، لەماوەی دوو تا سێ ساڵی دیکەدا هەموو رۆژێک یەک ملیۆن بەرمیل نەوتی کوردستان بۆ گەلی عێراق سەرفدەبێت.

چەند پرسیارێکی دیکە دەمێننەوە کە دەکرێت هەر رۆژنامەنووسێکی جدیی بیکات:

یەکەم: ئەگەر حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی عێراق رێککەوتووە، بۆ مالیکی لە رووداوێکی وا گەورەدا ئامادەنابێت؟

دووەم: ئەی بۆچی شەهرستانی هێشتا گرێبەستەکان بە نایاسایی لەقەڵەمدەدات؟

لەڕاستیدا ئامادەنەبوونی مالیکیو بەردەوامیی شەهرستانی لە رەتکردنەوەی گرێبەستەکان، گومانمان لا دروستدەکەن کە هیچ جۆرە رێککەوتنێک بوونی هەبێت، ئەوەی ئێستا بەڕوونی دیارە ئەوەیە کە حکومەتی هەرێم یەکلایەنە جارێکی دیکە دەبێتە فریادڕەسی بەغداو لەو قەیرانە ئابوورییە رزگاریان دەکات، کە وەکو زۆربەی وڵاتانی جیهان ئەمیش تێیکەوتەوە، هەڵبەتە ئەگەر رێککەوتنێک هەیە، حکومەتی هەرێم پێویستە تەواوی چۆنێتیو ناوەرۆکی رێککەوتنەکە بۆ گەلی کوردستان روونبکاتەوە، تا چەند گەلی کوردستان لێرەدا قازانج دەکات؟ ئەگەر نا، بۆچی دەبێت حکومەتی هەرێم بەردەوام هێندە دڵو دەروون فراوانبێت بەرامبەر بەغدا؟ ئایا سەخاوەتی سیاسەتە؟

خاڵێکی دیکەش هەیە کە تائێستا دیارنییە راستە یان نا، بەڵام توێژەرێکی بیانی پێیوتم حکومەتی هەرێم سەرەڕای ئەوەی نەوتی کوردستانی خستووەتە ژێر دەسەڵاتی بەغدا، پارەی کۆمپانیا بیانییەکانیش لە (١٧٪)ەکە، کە بەشەداهاتی خەڵکی کوردستانە، دەیدات. دوای ئەوەی راپۆرتێکم لە رۆژنامە بڵاوکردەوە لەوبارەیەوە، ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێم، لە رۆژی دواتردا لە لاپەڕە (١)ی رۆژنامەی خەبات (چوارشەممە ٢٧ی مایس)، زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان، وەڵامی راپۆرتەکەمی دایەوە، بەڵام لەڕاستیدا ئەوەی ئەو وەڵامی دایەوە هەر نەک وەڵام نەبوو، بەڵکو کۆمەڵێک تۆمەتبارکردن بوو، ئەو نەهات میکانیزمەکە روونبکاتەوە کە چۆن چۆنی پارەکە دەدرێتو کێ دەیدات، بەڵکو ریپۆرتەرو رۆژنامەی رۆژنامەی بە «دژی میللەتی کورد» دایە قەڵەم.

بەڕاستی ئەوەی گوێی لە وتارەکانی هەریەکە لە بەڕێزان تاڵەبانیو بارزانیو نێچیرڤان بووبێت لە رۆژی (٦/١)دا، خێرا یەک شتی بۆ دەردەکەوێت، ئەویش وتارێکە کە بە ئینگلیزی پێی دەوترێت (ئەپۆلۆجیست)، واتا پۆزشهێنەرەوە، وتارەکانی هەرسێ سەرۆک بەتایبەتی مەسعود بارزانیو نێچیرڤان بارزانی، وەکو دوو سەرکردەی هەرێمی کوردستان پڕبوو لە عوزرخواهێنانەوە. دەیانوت، ئێمە بەم کارە بە پراکتیک دەیسەلمێنین کە نامانەوێت لە عێراق جیاببینەوە، پابەندین بە دەستووری عێراقو ئا لەم شتانە. سەرۆکی هەرێم وتی: «ئەمرۆ ئیسپاتمانکرد کە پاپەندی دەستووری عێراقین، بە کردەوە ئیسپاتمانکرد کە نەوتو غازی عێراق بۆ هەموو عێراقە.»

## ئەحمەدی نەژاد هێرشدەکاتە سەر مێزەر بەسەرەکان

# زمانی کاندیدەکان توندتر دەبێتو هەڵبژاردنی ئێران گەرمتر

جەمال ئیختیار

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئێراندا زمانی بانگەشەکان دژی یەکتر توندتر دەبنەوەو بەڕای چاودێران کێبەرکێی نێوان موسەویو ئەحمەدی نەژاد هەڵمەتو بانگەشەکانی گەرمترکردووە.

لەرۆژی (١٢)ی ئەم مانگەدا هاوڵاتیانی ئێران سەرۆکی وڵاتەکەیان هەڵدەبژێرن.چاودێران پێیانوایە، کە ئەحمەدی نەژاد ئابووری ئێرانی بەرەو خراپی بردووەو ئازادییە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی سنووردار کردووە، دەوڵەتی کرد بەدەوڵەتێکی سەربازیو دوژمنایەتی زۆر دەوڵەتیشی بۆ ئێران مسۆگەر کرد.

لەگەڵ هەموو ئەو رەخنەو کەموکوڕیانەدا، زمانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەرەو توندی زیاتر دەچێتو ئەگەرچی رووبەکی ئەم زمانە توندوتیژ بوونە، بەڵام لەڕووەکەی دیکەیدا هەڵدانەوەو ئاشکراکردنی کەموکوڕی زیاترو راستیەکانە.

رۆژنامەی نیویۆرک تایمز دەنووسێت: بەشێکی ئەو گەرموگوڕییە هی ئەو گڕوتینەیە کە کەمپەینی (میر حوسێن موسەوی) داویەتی بەهەڵبژاردنەکەو لەم دوایيەدا توانیویەتی ژمارەیەکی زۆر لەخەڵک بەلای خۆیدا رابکێشێتو بیانهێنێتە ناو مەسەلەکەوە، راپرسیەکان واپیشاندەدەن (٢٤٪) دەنگدەران دەنگ بەو دەدەن، لەکاتێکدا ئەو رێژەیە بۆ سەرۆکی ئێستا، ئەحمەدی نەژاد (٣٩٪)و ئەو دوو رێژەیە بەبەردەوامی روویان لەزیادو کەمییە.

زۆربەی ئێرانیەکان پێیانوایە، کە توندبوونی زمانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکان لەئەستۆی ئەحمەدی نەژادە، کە بەهێرشە ئاگراوییەکانی بۆسەر ئەوانیتر خۆیانو لایەنگرانیان هاندەدات وەڵام بدەنەوە.

سادق زیبا کەلام، چاودێری سیاسیو مامۆستای زانکۆی تاران دەڵێت: ئەم کەمپەینە لەمێژووی ئێراندا تازەیەو پێشتر شتی لەوجۆرە نەبووەو ئەحمەدی نەژاد خەریکە هەموان تۆمەتبار دەکات بەگەندەڵی، تەنانەت ئەوانەش کە لایەنگری چاکسازینو لەخەمی ئەم وڵاتەدان.

زۆربەی چاودێران پێیانوایە، رووبەڕووبوونەوە تەلەفیزیۆنییەکەی موسەویو ئەحمەدی نەژاد ساتێکی یەکلایی کەرەوە بووە، ئەحمەدی نەژاد دەستی لەکەس نەپاراستو هێرشیکردە سەر هەموو لایەک، بەکۆنەپارێزو ریفۆرمیستەوەو هەمووانی بەگەندەڵ لەقەڵەمداو لایەنگرانی گۆڕانو چاکسازیی کە خۆیان بەخەمخۆری وڵات دەزانن تووڕە کردووە.

چاینا نیوز باس لەوەدەکات، کە لەلای خۆیەوە موسەوی ئەحمەدی نەژادی بەوە تەمەتبار کردووە، کە راستیەکان لەخەڵک دەشارێتەوەو لەگەڵ ئەوەدا کەباری ئابووری زۆر خراپە، نەژاد بەخەڵک دەڵێت: کە ئەوان هیچ کێشەیەکیان نییەو موسەوی پێیوایە، ئەوە دوورە لەڕاستیەوەو لەڕاستیدا دەسەڵاتدارانی ئێستا بەرپرسن لەزۆربەی ئەو کێشانەی بۆ خەڵک دروستکراوەو پێویستە ئەو دۆخەی ئێستا چاکسازیی تێدا بکرێتو رێز لەبەرژەوەندییەکانی هاوڵاتییان بگیرێت.

فارس نیوز نووسیویەتی: کە تەواوی کاندیدەکانی سەرۆکایەتی ئێران ئامادەییان پیشانداوە ماڵو سامانی خۆیان بۆ دەسەڵاتی دادوەری ئاشکرا بکەن، لەکاتێکدا کە جگەلە ئەحمەدی نەژاد کە ئێستا سەرۆکە، کەسیان تائێستا پۆستەکەیان وەرنەگرتووەو ئەوە دەتوانێت یارمەتی پرۆسەی شەفافیەت بداتو دەربڕی کلتوورێکی بەرزە، کە یارمەتی تەندروستی پرۆسەی سیاسی وڵات دەدات.

لەلای خۆیەوە سەرۆک کۆماری پێشووتری ئێرانو سەرۆکی ئەنجومەنی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی، عەلی ئەکبەر هاشمی رەفسەنجانی، داوای لەکاندیدەکان کردووە کە دەست لەهێرشکردن بۆ سەر یەکتر هەڵبگرن، لەبەرئەوەی بەڕای ئەو، گۆڕینەوە توندەکانی ئەم دواییە کاردەکاتە سەر هەڵبژاردنەکان.

سایتی یوناتێد پرێس ئینتەرناشناڵ، بڵاویکردووەتەوە، ئەحمەدی نەژاد کە لەهەوڵی ئەوەدایە جارێکی دیکە هەڵبژێردرێتەوە، ئەو تابۆیەی شکاندووەو رەفسەنجانیو خاتەمیشی بەگەندەڵی تۆمەتبار کردووە.

رەفسەنجانی نیگەران بوو لەوەی «هەموو جۆرە درۆکردنێک» تێکەڵاوی ئەم هەڵبژاردنە بووەو تاکتیکی نابەجێ بەکاردێتو ئەوانەی کە وادەکەن لەوانەیە بەگشتی لێخۆشبوون بیانگرێتەوە، بەڵام کاتێک کە دێنە سەر بنەماو پرەنسیپە سەرەکیەکانی شۆڕش لێخۆش بوون نایانگرێتەوە.

## هۆکاری شکستی پێنج لیژنەکە چی بوو؟

# «سەرکردایەتیی کورد کەمتەرخەمبووە لە گەیاندنی زانیارییەکان»

دلێر عەبدولخالق

ئەو پێنج لیژنەیەی کە لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی رابردوودا بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکومەتی مەرکەزو هەرێم پێکهێنرابوون، دوای تێپەڕبوونی حەوت مانگ بەسەر کارەکانیاندا، بە بنبەست گەیشتوون لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا، تائێستاش سەرکردایەتیی سیاسیی کورد هۆکاری شکستی کاری لیژنەکانی لە شەقامی کوردی شاردووەتەوە، کە بەبڕوای ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، «سەرکردە باڵاکان کەمتەرخەمبوونو پێویستبوو وەک چۆن سەرەتای دروستبوونی لیژنەکانیانو کارەکانیان لە ڕێگای راگەیاندنەکانەوە بڵاوکرایەوە، دەبوو هۆکاری شکستی لیژنەکانیشیان لەڕێی راگەیاندنەوە بە خەڵک بوترایە».

لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی رابردوودا، پێنج لیژنە کە بریتی بوون لە لیژنەکانی (بەرگریو ئاسایش، سیاسەتی دەرەوە، حوکمڕانی، یاسای نەوتو غاز، مادەی ١٤٠) بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لەنێوان حکومەتی مەرکەزو هەرێم هەن، پێکهێنران، لیژنەکانیش راستەوخۆ لەلایەن جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆمارو عادل عەبدولمەهدیو تارق هاشمی دوو جێگرەکەی سەرۆک کۆمار، نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانو مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە سەرپەرشتی دەکران، بڕیاروابوو لیژنەکان دوای (١٥) رۆژ، واتە لە ٢٠٠٨/١١/١٥دا راپۆرتەکانیان تەواوبکەنو بیگەیەننە دەستی پێنج سەرکردەکە، بۆئەوەی لەو وادەیەدا سەرکردەکان کۆببنەوەو گەنگەشەی کێشەکان بکەن، بەڵام بەهۆی قوڵبوونەوەی زیاتری کێشەکان، سەرکردەکان بۆ ئەو مەبەستە دانەنیشتن، هەروەک لەگەڵتێپەڕبوونی کاتیشدا شکستی کاری لیژنەکانیان بۆ شەقامی عێراقیو کوردی روونتر دەبووەوە.

کێشەکانی ناوچە دابڕاوەکان، جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ی دەستووری عێراقی، چارەنووسی هێزی پێشمەرگە، سیستمی فیدراڵی لە عێراق، گرێبەستەکانی حکومەتی هەرێم لەبواری نەوتو غازدا لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان، لە گرنگترین ئەو کێشانە بوون ئەو لیژنانەیان لەپێناودا پێکهێنرا، ئەو کێشانە لە کێشە بنەڕەتیو چارەنووسسازەکانی کورد بوون لەگەڵ رژێمو حکومەتە یەکلەدواییەکەکانی عێراقیدا، هەروەک بە ئاکام نەگەیشتنی لیژنەکان بۆ دانانی میکانیزێکی شیاو بە ئاراستەی چارەسەکردنی کێشەکان، ئاماژەکانی ئیجابی نین، چونکە ئەگەرو پێشهاتەکان بەو ئاراستەیەن کە مانەوەی ئەو کێشانە کاریگەریی خراپی لەسەر چارەنووسی کورد دەبێت لە ئایندەی عێراقدا.

خاڵی هەڵوەستە لەسەرکراو، شاردنەوەی زانیارییەکانە لەلایەن سەرکردایەتیی سیاسیی کورد لە بەغداو لەسەر زۆربەی مەسەلە چارەنووسسازەکانی پەیوەندیدار بە کورد لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا، ئەمەش یەکێکە لەو رەخنانەی بەشێک لە چاودێرانی سیاسی ئاراستەی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردی دەکەن، پێیانوایە کەمتەرخەمبوون لە چارەسەرکردنی کێشەکانو ئاگادارنەکردنەوەی شەقامی کوردی لەچۆنێتی سیاسەتکردنیان لە بەغدا، هاوکات لەگەڵ ئەوەی ماوەیەک تێپەڕیوە بەسەر شکستی کاری ئەو لیژنانەدا، بەڵام تائێستا هیچ بەرپرسێکی کوردی هۆکاری شکستی ئەو لیژنانەی رانەگەیاندووەو زانیارییەکان لەناو ژووری بەرپرسە باڵاکاندا قەتیسکراون.

مەحمود عوسمان، پەرلەمانتاری سەربەخۆی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەو سەرکردانەی سەرپەرشتی کاری لیژنەکانیان کردووە بە «کەمتەرخەم» دەزانێتو پێیوایە هۆکاری شکستی کاری لیژنەکانیش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە: «هەریەک لە مام جەلالو کاک مەسعودو نوری مالیکیو دوو جێگرەکەی سەرۆک کۆمار، لیژنەکانیان راسپردووە بچن کارەکانیان بکەنو دوای (١٥) رۆژ راپۆرتەکانیان بۆ بەرزبکەنەوە، بەڵام تا ئەم کاتەش کە حەوت مانگ تێپەڕیوە، کە ئەو سەرکردانە کۆنەبوونەوە، کە ئەوانیش کۆنەبنەوە، کەواتە لیژنەکانیش ئیشیان نەکردووە».

بەبڕوای ئەو پەرلەمانتارە کوردە، شاردنەوەی زانیارییەکان لەسەر شکستی کاری لیژنەکان، یەکێکی دیکەیە لە کەمتەرخەمییەکانی ئەو سەرکردایەتییە، ئاماژەی بەوەکرد وەک چۆن پێشتر ئەو سەرکردانە پێکهێنانی لیژنەکانو سروشتی ئیشکردنیان لەڕێی راگەیاندنەکانەوە بڵاوکردەوە، لە بەرامبەریشدا پێویست بوو هەر خۆشیان هۆکاری شکستی لیژنەکان لە ڕێگای راگەیاندنەکانیانەوە بڵاوبکەنەوەو خەڵکی لێ ئاگاداربکەنەوە.

بەپێچەوانەی بۆچوونی ئەو پەرلەمانتارە، جەبار یاوەر، ئەندامی لیژنەی بەرگریو ئاسایش، کە نوری مالیکی سەرۆک وەزیر سەرپەرشتی دەکات، پێیوایە مام جەلالو کاک مەسعود لە چەندین دیداری رۆژنامەوانیدا باسیان لە کێشەکانی ئەو لیژنەیە کردووەو زانیاریان لە ڕێگای رۆژنامەنووسانەوە بە خەڵک گەیاندووە، باسیان لەوەکردووە چارەسەرکردنی زۆربەی ئەو کێشانە لەدەستی حکومەتی مەرکەزیدایە، وتی: «حکومەتی مەرکەزی جدیی نەبوون لە بەرەوپێشبردنی کاری لیژنەکانو چارەسەرکردنی کێشەکاندا، چونکە ئێمە هەمیشە لەگەڵ کاراکردنی کاری ئەو لیژنانەدا بووین، بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو هێزەکانی فرەڕەگەز کۆبووینەوەو داوامان لێکردوون فشار بخانە سەر حکومەتی مەرکەز بۆ دەستپێکردنەوەی کۆبوونەوەکانی لیژنەکان». ئاماژەی بەوەشکرد، هۆکاری کۆنەبوونەوەی سەرکردەکانو نەچوونی سەرۆکی هەرێم بۆ بەغدا، دەگەڕێتەوە بۆ نەڕەخساندنی هەلی کۆبوونەوە لەلایەن حکومەتی مەرکەزییەوە، کەواتە کەمتەرخەمییەکان لە هەرێم نییە.

لەگەڵ ئەوەی ئەو بەرپرسەی هەرێم هۆکاری شکستی کاری ئەو لیژنانە بۆ بەرپرسانی حکومەتی مەرکەزییو بەتایبەت مالیکی دەگەڕێنێتەوە لە جدیی نەبوونی چارەسەری کێشەکاندا، لە بەرامبەریشدا بۆچوونێکی دیکە هەیە پێیوایە دۆخێک دروستبووە، کە لە گۆشەنیگای حیزبیو کاریگەریی شەخسییەوە دەڕوانرێتە کێشە چارەنووسسازەکانی کورد لە بەغدا، هەروەک لە کوردستانیشدا گوتارێکی سیاسیی یەکگرتوو بەرامبەر دەسەڵاتی مەرکەز نەبووە.

زانا رەئووف، مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سلێمانی، دەڵێت: ئەو سروشتەی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستاندا هەیەتی، کە خۆی لە نەبوونی شەفافیەتو پێنەدانی زانیارییدا دەبینێتەوە، هەمان هاوکێشەش بەرامبەر کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمو بەغدا بوونی هەیە، هاوکات جۆرێک لە دوالیزمی لە سیاسەتی هەرێم بەرامبەر دەسەڵاتی مەرکەز پەیڕەودەکرێت، بۆ نموونە لەکاتێکدا دەسەڵات خەڵک هاندادەت لەدژی حکومەتی مەرکەزیی، کەچی خۆی گفتوگۆی لەگەڵدا دەکات؟ جاری وا هەیە نوری مالیکی وەک سەدام حسێنو دیکتاتۆرێک دەشوبهێنرێت، کەچی لەلایەکی دیکەوە متمانەی پێدەبەخشرێتەوە، بەوهۆیەشەوە شەقامی کوردی سەری لێشێواوەو ئاگاداری چۆنێتی پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ حکومەتی مەرکەز نین.

وتیشی: «گریمانەیەکی دیکە هەیە کە دەسەڵاتی کوردی بەهۆی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانەوە، نەیوستبێت ئەو زانیاریانە بە خەڵک بدات یاخود بیدرکێنێت، چونکە دەزانێت لە هەڵبژاردنەکاندا زیانی لێدەداتو وەک خاڵێکی لاواز لەسەریان حساب دەکرێت، کە نەیتوانیوە ئیدارەی کێشەکانی لەگەڵ حکومەتی مەرکەزدا بکات».

پێشتر لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا، نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق رایگەیاندبوو، بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغدا، گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی ئایندەی هەرێمی کوردستان دەکات، واتە ئەو حکومەتەی دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ٧/٢٥دا پێکدێت.

هاوکاتیش زۆربەی ئاگایانی سیاسیو ئامرازەکانی راگەیاندن ئەوە دەزانن کە پەیوەندییەکانی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم کە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانیشە، لەگەڵ نوری مالیکی سەرۆک وەزیر لە دۆخێکی خراپدایە.

زانا رەئووف لەوبارەیەوە ئاماژە بەوەدەکات ئەو حاڵەتە بوونی هەیەو کاریگەریی خراپیشی دەبێت لە بچوکوکردنەوەی کێشەکانی کورد لە دەوڵەتی عێراقدا، لێدوانەکەی مالیکیش لەلایەکەوە ئاماژەیە بە بوونی کێشە لەنێوان هەرێمو حکومەتەکەیدا، لەلایەکی دیکەشەوە خوێندنەوەیەکی دیکەی هەیە، ئەویش ئەوەیە لە ریزی کورددیدا بۆچوونەکان یەک نین، چونکە هەندێکیان گفتوگۆکان بە ئاقاری شەخسیدا دەبەنو هەندێکی دیکە بە ئاراستەی نیشتمانیی. وتیشی: «بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە پێویستمان بە مەرجەعیەتێکی سیاسیی تەندروست هەیە کە خزمەت بە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان بکاتو کاریگەرییەکانی دیکە فەرامۆش بکات».

> «رەنگە دەسەڵاتی کوردی بەهۆی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانەوە، نەیویستبێت ئەو زانیاریانە بە خەڵک بدات یاخود بیدرکێنێت، چونکە دەزانێت لە هەڵبژاردنەکاندا زیانی لێدەداتو وەک خاڵێکی لاواز لەسەریان حساب دەکرێت، کە نەیتوانیوە ئیدارەی کێشەکانی لەگەڵ حکومەتی مەرکەزدا بکات»



# ـــۆرم تەنیا بۆ ناوخۆی یەکێتی نییە

ئیشی خۆت بکەیت. سەبارەت بە قسەنەکردنیش لە میدیاکان ڕاستە، بەڵام ئێمە ویستمان کێشەکانی ناو حیزبەکە چارەسەربکەین، چونکە ئەوە حیزبەکەی خۆمانە، نەمانویستووە بچینە دەرەوە.

**ڕۆژنامە: بۆچی نەتانویستووە، ئێوە خۆتان دەڵێن حیزب‌و حکومەت یەک شتە؟**

* عەیبی یەکێتی عەیبی هەموومانە، ویستمان بەشێوازێکی مەدەنیانە کێشەکان چارەسەربکەین، نەک لەسەر بنەمای شکاندنی فڵانە برادەر، بەڵام بەڕاستی برادەران بواریان نەداو ئازادیی ئیشکردنیشمان تەسکبووەوە، من بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییە کوردستانییەکان بووم، کە پەیوەندی بە چەند حیزبێکی سەرەکی وەک پارتی‌و یەکگرتوو هەبوو، هیچ پەیوەندی بە منەوە نەبوو، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەسەرەوە هەبوو.

**ڕۆژنامە: واتا شتەکان ڕەمزیی بوون؟**

* بەڵێ.

**ڕۆنامە: بۆ پێشتر دەستان لەکار نەکێشایەوە، خۆ ماوەیەکی زۆری خایاند کە ئێوە لەو پۆستەدا بوون؟**

* ئێمە نەمانویستووەو ناشمانەوێت دەست لەکار بکێشینەوە، چونکە ئێمە ویستمان کێشەکانی ناو حیزبەکە چارەسەربکەین.

**ڕۆژنامە: لەسەرەتادا باستان لەوەکرد کە کێشەکانی ناو یەکێتی ئەوەی کە دەسەڵاتەکان لەلای یەک کەس کۆبووەتەوە، ئایا دەسەڵاتەکانی باڵی ڕیفۆرمیش لای یەک کەس کۆنەبووەتەوە کە ئەویش کاک نەوشیروانە؟**

* نەخێر، کاک نەوشیروان مستەفا پەیوەندی بە باڵی ڕیفۆرمەوە نییە، پەیوەندی بە لیستی گۆڕانەوە هەیە.

**ڕۆژنامە: ئایا ئەو ڕیفۆرم ئاراستە ناکات؟**

* نەخێر، لیستی گۆڕان جۆرەها کەسی تێدایە، ڕیفۆرمی تێدایە، پاسۆک، شیوعی، ئیسلامی، پارتی تێدایە، بەڵام ڕیفۆرم هەمووی یەکێتییە، ڕیفۆرم ڕێکخستن‌و هەندێک لە سەرکردەکانی یەکێتییە، گۆڕان‌و کۆمپانیای وشە هی هەموو خەڵک‌و لایەنەکانەو زیاتر لیستێکی جەماوەرییە.

**ڕۆژنامە: باس لەوەدەکرێت کە ڕیفۆرم تەنیا یەکێتی ناگرێتەوە، بەڵکو خەڵکی دیکەش دەگرێتەوە، بۆچی ئەو باڵەی کە پێی دەوترێت ڕیفۆرم تەنیا ڕێکخستنەکانی یەکێتی دەگرێتەوە، لەکاتێکدا باس لە ڕیفۆرمی کۆمەڵگا دەکرێت؟**

* لەناو حیزبەکانی دیکەشدا داواکاری ڕیفۆرم یان وەک دەوترێت ڕیفۆرمخواز هەیە، بەڵام شێوەی خەباتی ئێمە جیاوازە لەوان، ڕەنگبێت ئێمە کەمێک بوێرتربین لەوان، پەیوەندی بەوەشەوە هەیە لەناو خەڵکێکدابین کە ئیستیعابی ئەو شتانە بکات، تەسەور دەکەم لێرە کەمێک ئازادیی زیاتربێت.

**ڕۆژنامە: مەسەلەی نابڕینی کادیرانی یەکێتی لەلایەن حیزبەکەیانەوە تا چەند دروستە، ئایا لە مێژووی یەکێتیدا شتی لەوجۆرە هەبووە؟**

* یەکەمینجارە یەکێتی شتی وابکات، جاران شتی وانەبوو، برادەر هەبووە عاجزبووەو دانیشتووە، بەڵام مووچەی خۆی‌و پاسەوانەکانی دراوە.

**ڕۆژنامە: بۆچی لەم کاتەدا بەتایبەت ئەمە دەکرێت؟**

* بۆ فشارە لەسەر ئێمەو قاعیدەکەمان، بەڵام بەلای ئێمەوە هیچ نییە.

**ڕۆژنامە: بۆچی هیچ نییە؟**

* چونکە ئێمە خۆمان بڕیارمانداوە کە دەبێت ڕیفۆرم بکرێت لەناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا.

**ڕۆژنامە: پێتانوایە نانبڕین‌و ئیغراکردن کاریگەریی هەبێت لەسەر خەڵکی دیکە؟**

* چەند کەس ئیغرا دەکەن؟ بەڕای خۆم خەڵک ئێستا فیکری هەیە، حەز بە گۆڕانکاریی دەکات لەم کۆمەڵگایەدا، ئەم ڕیفۆرمە ئێستا لەگەڵ جەماوەرەو جیانابێتەوە، ئەوا پەنجا کادیریان ئیغراکرد، خۆ کادیر بڕیارنادات، جەماوەر بڕیاردەدات، باڵی ڕیفۆرم لەناو یەکێتی نیشتمانیدا بەشێکی بچووکە لە میللەت، چونکە میللەت گەورەترە، بۆیە بەڕای من هیچ کاریگەرییەکی نییە.

**ڕۆژنامە: لەگەڵ ئەوەدان ئەو ئەندام‌و بەرپرس‌و کادیرانەی کە لەگەڵ ڕیفۆرمدان، دەست لەکار بکێشنەوە؟**

* ناچارکراون‌و دەکرێن‌و دەست لەکار ناکێشنەوە، بەڵکو دەردەکرێن، پێیان دەوترێت خۆت ساغبکەرەوە، ئەوانەش کادیرن هەڵوێستیان هەیە، بۆچوون‌و بیروباوەڕیان هەیەو بۆ پارە تەنازول ناکەن.

**ڕۆژنامە: لە پەیڕەوو پرۆگرامی یەکێتیدا شتێکی لەوجۆرە هەیە کە هەرکەسێک ئەندامی یەکێتی بێت، دەبێت دەنگ بدات بەو لیستەی کە یەکێتی دایدەنێت بۆ هەڵبژاردن؟**

* لەڕاستیدا پەیڕەوی ناوخۆو بەرنامەی یەکێتی شەرعیەتی نەماوە، چونکە لە ٢٠٠١دا کە کۆنگرە کراوە، بۆ دوو ساڵ بووە، بۆیە ئێستا ناشەرعین، لەبەرئەوەی بۆ دوو ساڵ دانراوە، نەک پەیڕەوی ناوخۆ، بەڵکو ئێمە لە سەرکردایەتی ئەم حیزبەین، ئەوە بۆ شەش ساڵ‌و نیو دەچێت بە ناشەرعیی سەرکرایەتیی ئەم حیزبە دەکەین، نە بەرنامە، نە پەیڕەوی ناوخۆ، نە ئێمەو نە ئەوانیش شەرعیی نین.

**ڕۆژنامە: وا دادەنێین ئێوە سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتمانین، کۆمەڵێک لە برادەران‌و کادیرەکانت دەیانەوێت دەنگبدەن بە لیستێک لەدەرەوەی یەکێتی، ئەمە قبوڵ دەکەیت؟**

* ئەگەر شەرعیی نەبین بەڵێ، شەرعیەتمان نەماوە، من خۆم شەرعیەتم نەماوەو بەرامبەرەکەشم شەرعیەتی نەماوە.

**ڕۆژنامە: شەرعیەت چۆنە، چونکە ئەوە چەمکێکی مەتاتییە؟**

* شەرعیەت لەناو کۆنگرەدایە، کۆنگرە بڕیاریداوە دوو ساڵ جارێک کۆنگرە بکرێت، ئێمە ١٩٩٢ کۆنگرەمان بەست تا ٢٠٠١، من یەکێک لەوانە بووم تا ٢٠٠١ سەرکردایەتی بووم، یانی حەوت ساڵ من بە ناشەرعی سەرکردایەتیم دەکرد، چونکە شەرعیەت تەنیا لەکۆنگرە وەردەگیرێت.

**ڕۆژنامە: یەکێتی جیاواز لە هەر حیزبێکی دیکە، هەر لەسەرەتاوە لەسەر بنەمای چەند باڵ‌و ڕای جیاواز دروستبووە، ئەگەر جیاوازیی بیروڕا بۆ حیزبێکی دیکە ئاساییتر بێت، ئەوا بۆ یەکێتی دەبێت زۆر ئاساییتربێت، بۆچی یەکێتی لەئێستادا بەوجۆرە سەغڵەت بووە؟**

* ئەو پرسیارە لە خۆیان بکە، خۆی لەسەرەتادا یەکێتی سێ خەت بووە، بەیەکەوە دەژیاین‌و هەریەکەو کۆنگرەی خۆی دەبەست‌و لە هەمانکاتدا مەکتەب سیاسییەک هەبوو سەرپەرشتیی ئەو سێ باڵەی دەکرد، ئێستا ئەوانە بۆ قبوڵی ناکەن، نازانم!

**ڕۆژنامە: هەستدەکەن ئەمەی دوایی توندی کردووەتەوەو کاتەکە هەستیارە؟**

* بەپێچەوانەوە، ئەم باڵەی ڕیفۆرم زۆر شتمان داواکرد نەیانکرد، داوای ڕیفۆرممان کرد، ڕەتیانکردەوە، داوامانکرد ببین بە ڕەوتێک، ڕەتیانکردەوە، وتیان بچن حیزبێکی دیکە دروستبکەن‌و جیاببنەوە لە یەکێتی.

**ڕۆژنامە: ئەوەی ئێستا لەناو باڵی ڕیفۆرمدایە، دەتوانن بەڵێنی ئەوە بدەن بە خەڵک کە ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەیەکی سیاسیی ئابووریی فیکری بکەن؟**

* لەناو یەکێتی بەڵێ.

**ڕۆژنامە: ئەوان توانای ئەوەیان هەیە کە بتوانن ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەیەکی لەوجۆرە بکەن، کە تا ئەم لەحزەیەش خەڵک گومانی هەیە؟**

* دڵنیاتان دەکەمەوە خەڵک هیچ گومانێکی نەبێت، دەتوانین پێشەوایەتیی بزووتنەوەیەکی گەورەو بەهێز بکەین.

**ڕۆژنامە: دەوترێت برادەرانی ڕیفۆرم خەریکی کودەتای سپین، نەخشەکەشی بەوجۆرەیە کە لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە لیستی گۆڕان دەنگێکی زۆر بەدەستدەهێنێت‌و باڵی ڕیفۆرمیش کە خۆراکی ڕۆحی ئەو لیستە دەدات، لە ڕێگای ئەو دەنگانەوە سەرکردایەتی ئێستای یەکێتی ناچاردەکەن کە خواحافیزیی لە حیزب بکەن؟**

* ئێمە ناچاریان ناکەین خواحافیزیی بکەن، چونکە یەکێتی هی خۆمانەو خۆمان دروستمانکردووە، ئێمە دەمانەوێت بە گفتوگۆ کێشەکانی ناو یەکێتی نیشتمانیی چارەسەربکەین، ئەو گفتوگۆیەش بۆ کەوتە دوای هەڵبژاردن، ئەوە خۆیان وایانویست.

**ڕۆژنامە: واتا دوای هەڵبژاردن گفتوگۆ دەکرێت؟**

* ئەوە دەکەوێتە دوای هەڵبژاردن، نامەوێت حوکم بدەم، چوار برادەری مەکتەبی سیاسی بە ئاشکرا داوایانکرد کە پرۆسەی چاکسازیی بکرێت لەناو یەکێتیدا، لەگەڵ بەڕێز مام جەلال‌و مەکتەب سیاسیدا کۆبوونەوە، دواجار مام جەلال بڕیارێکی دەرکرد کە بە هەموو جۆرێک دەستێوەردانی حیزب لە حکومەت قەدەغەیە، هیچ مەڵبەندێک جێبەجێی نەکرد، مەڵبەندەکان بڕیاری سکرتێری گشتیان جێبەجێنەکرد، مەڵبەند خۆی قایمقام دادەنێت، دەبێت چەند دڵت خۆش بێت بەو قایمقامە؟

**ڕۆژنامە: لە ژیانی سیاسیی خۆتدا قایمقامێکت داناوە؟**

* نەخێر، کە بەرپرسی مەڵبەندی کەرکوک بووم هەرگیز تەدەخولم لە ئیشی حکومەتدا نەکردووە.

**ڕۆژنامە: برادەرانی ئێوە هیچ تێوەگلانێکیان هەیە لە گەندەڵیدا، تا سبەینێ لە میدیاکاندا لەڕوویان بدرێتەوە؟**

* نازانم، ئەوان گەندەڵییان هەیە یان نا، باوەڕناکەم کەسی گەندەڵیان تێدابێت، خۆ ئەگەر حیزب گەندەڵی تێدابێت، شمولی زۆر خەڵک دەکات، بەڵام پێی دەڵێیت بوەستە، ئێمە نەهاتووین تۆڵە بسەنینەوە، ئەگەر هەرکەسێک شتی لەسەر برادەرێک هەبێت، ئەوە دادگاو یاسا هەیە.

**ڕۆژنامە: پێتانوایە شتێکی وا لەم ماوەیەدا ڕووبدات؟ بۆ نموونە ئەوکاتەی کە بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانییەکان بوویت، کۆمەڵێک فایلت بۆ هەڵبدەنەوە؟**

* مەکتەبەکە نەسریەی نەبوو.

**ڕۆژنامە: دەتوانیت گرەو لەسەر ئەوانی دیکە بکەن کە جیاوازن؟**

* ئەگەر جیاوازنین بۆ داوای ڕیفۆرم دەکەن؟ ئەگەر ئەمان شتی گەورەیان لەسەرە بۆ دەبن بە ڕیفۆرم.

**ڕۆژنامە: ڕایەک هەیە کە هەندێک لەهەڵسوڕاوانی باڵی ڕیفۆرم دەیانەوێت شەڕی خۆیان لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن، تا بۆ ئەوانی دیکەی بسەلمێنن کە قورسایی ئەمان زیاترە؟**

* باڵی ڕیفۆرم لیستی نییە، ئەو باڵە پشتگیریی لیستی گۆڕان دەکات، بۆیە تەنیا باڵی ڕیفۆرم نییە، بەڵکو لیستی گۆڕان لیستی جەماوەرە.

**ڕۆژنامە: پێتوایە دوای هەڵبژاردن کۆنگرە دەبەسترێت؟**

* دڵنیانیم، لە مێژووی یەکێتی نیشتمانیدا کۆبوونەوە کراوە، هەرگیز دەنگ تۆمارنەکراوە کە تۆ چیت وتووەو من چیم وتووە، بەڵام لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتیدا بە کامێرای ڤیدیۆ گیراوە کە فڵان چی وتووەو ئەوی دیکە چی وتووە، (٢٤) ئەندامی سەرکردایەتی‌و مەکتەبی سیاسی تێدابووە.

**ڕۆژنامە: پێتوایە ئەوە بۆ نەبوونی متمانە دەگەڕێتەوە؟**

* دیارە متمانە بەیەک ناکەن.

**ڕۆژنامە: پێتوایە لیستی گۆڕان لیستی ناڕازییەکانە، ئایا ناڕازییەکان دەنگدەدەن بەو لیستە؟**

* من باوەڕ بە میللەتی خۆم دەکەم، چەندین بەڵگەش هەیە لەسەر ئەو شتە، ئەمانە بۆ هەڵبژاردنیان دواخست، دەبوایە لە ٥/١٩دا بکرایە، بۆ کاک مەسعود خۆی کاندید دەکات بۆ سەرۆکایەتیی، چونکە دەڵێن ئەگەر لە پەرلەمان کەممان هێنا، با سەرۆکایەتییەکەمان بەدەستەوەبێت. بۆ ئەو فشارو نانبڕینە هەیە، لابردنی بەرپرس لە وەزارەتەکانی ناوخۆو پێشمەرگەو بەڕێوەبەرە گشتییەکان، دیارە ترسیان هەیە، ترسەکە لە کێ، لە من نا، لە میللەت، میللەت دەنگ دەدات، چونکە خۆیان دەبینن بەچاوی خۆیان کە میللەت چەند ناڕازییە لە کردەوەو ئیشی حکومەت، کردەوەی حکومەت هی کێیە، هی هەردوو حیزبەکەیە، یەکێتی‌و پارتی.

ئێستا ڕێگاکان قیردەکرێن، بۆ پێش شەش مانگ ئەوە نەبووە، بۆ پێش ساڵێک نەبووە، دیارە ئەمە قسەکانی ئێمە دەسەلمێنێت کە ئەگەر حیزب تازەبکەینەوە، دەتوانین حکومەتیش تازە بکەینەوە

هەموو دەرگاو پەنجەرەکانیان لێداخستین‌و قوفڵیان کردین‌و گەمارۆیاندان، تا دۆخەکە وای لێهات باڵێک دروستبوو بەناوی باڵی ڕیفۆرم

## کوردۆ قاسم، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی:

# داواکاریی ئێمە بۆ چاکسازیی و ریفـ



**کوردۆ قاسم، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پێیوایە پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی شەرعیەتی نەماوە، چونکە پەیڕەو بۆ دوو ساڵ بوو، ئێستا هەشت ساڵی بەسەردا ڕۆیشتووەو ئاماژە بەوەشدەکات لە مێژووی یەکێتی نیشتمانیدا کە کۆبوونەوە کراوە هەرگیز دەنگ تۆمارنەکراوە کە تۆ چیت وتووەو من چیم وتووە، بەڵام لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتیدا بە کامێرای ڤیدیۆ گیراوە کە فلان چی وتووەو ئەوی دیکە چی وتووە، (٢٤) ئەندامی سەرکردایەتیی و مەکتەبی سیاسی تێدابووە**

**سازدانی: فازڵ نەجیب
محەمەد شێخ فاتیح**

**ڕۆژنامە: ئێوە وەک یەکێک لە سەرکردەکانی یەکێتی چۆن دەڕواننە ئەو دۆخەی کە ئێستا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی تێکەوتووە، لە دەرکردنی هەڤاڵان خۆیان‌و وازهێنانی هەندێک لە کادیرانی یەکێتی؟**

* بەحاڵەتێکی زۆر ئاسایی دەبینم، چونکە دوو فیکرو شێوازی جیاواز هەیە لەنێوان ئێمەو ئەواندا، ئەم دۆخە هی ئێستا نییە، چەند ساڵێکە هەیە، ئێمە کۆمەڵێک بووین ئەوکاتەی کاک نەوشیروان، جێگری سکرتێری گشتی بوو، ویستمان چاکسازیی بکەین لەناو حیزب‌و حکومەتداو بیکەینە دامەزراوە، دەمانویست یەکێتی تازەبکەینەوە، هەر لە سەرەتاوە زۆر هەوڵماندا ئاشتیانە لەگەڵ ئەو برادەرانەی دیکەدا لەگەڵ مام جەلال‌و برادەرانی مەکتەب سیاسی، ئەوانەی کە ماون لەناو یەکێتیدا، ویستمان حیزبەکە چاکبکەینەوە، بەڵام ئێستا ئەو دەسەڵاتە کەوتووەتە دەست کەسێک، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵە کەسێک لەدەوری هەن کە بەرژەوەندییان پەیوەندیدارە بەو برادەرەی کە خۆی سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، ئەو کۆمەڵە هەرگیز نەیانویستووە چاکسازیی هەبێت لەناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، بە هیچ جۆرێک.

**ڕۆژنامە: لەبەر چی؟**

* لەبەرئەوەی دژ بە بەرژەوەندیی ئەوانە.

**ڕۆژنامە: بەرژەوەندیی ئەوان چییە؟**

* دەسەڵات‌و پارەیە.

**ڕۆژنامە: لە بەرامبەردا ئێوە چیتان کردووە بۆئەوەی کە بە قسەی خۆتان ویستووتانە چاکسازیی بکەن؟**

* دیارە نەیانهێشت، ئیتر ڕۆژ لەدوای ڕۆژ توندیان دەکرد، ئێمە زۆر نەرمبووین لەگەڵیانداو دەمانویست ئاشتیانە بە نەرمی ئەو چاکسازییانە لەناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بکەین، بەڵام هەموو دەرگاو پەنجەرەکانیان لێداخستین‌و قوفڵیان کردین‌و گەمارۆیاندایـن، تا دۆخەکە وای لێهات باڵێک دروستبوو بەناوی باڵی ریفۆرم.

**ڕۆژنامە: لەبەرئەوە دەرگاو پەنجەرەکانیان داخست کە ئەوان بڕوایان وابوو کە ئێوەش بەرژەوەندیی خۆتان هەیە لەو مەسەلەیەدا؟**

* نەخێر لەبەر ئەوەبوو کە ئێمە بڕیاری جیابوونەوە بدەین.

**ڕۆژنامە: ئێوە نەتانەویست جیاببنەوە؟**

* نەخێر نەمانەویست‌و فیعلەن چەند جارێک هەم بەڕێز مام جەلال لە هۆڵی خاڵە شەهاب لە قەڵاچوالان وتی با بچن جیاببنەوەو حیزب دروستبکەن‌و پارەشیان دەدەینێ، چەندین کەس لەوانەی برادەرانی مەکتەبی سیاسی لە باڵەکەی دیکە جەختیان کردەوە کە بچینە دەرەوەو یارمەتیشمان دەدەن، ئێمە بەڕاستی نە ئینشیقاقمان کردووە نە دەشیکەین، ئێمە هەمیشە ویستوومانە بە ئاشتیانە بجولێین، بەڵام بەداخەوە زۆر توندیان کرد، تا وای لێهات هەم مووچەی کادیرو پاسەوانیان بڕی، ئێستاش خۆساغکردنەوە هەیە، خۆیەکلایی کردنەوە هەیە، ئەمانە هەمووی ئێستا لەناو ئەو حیزبەدا ڕوودەدات، هۆکارەکەشی داواکاریی بووە، داواکاریی فیعلی بۆ پرۆسەیەکی گەورە بۆ چاکسازیی لەناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، کە نە دەرکردنی تێدابووە، نە لابردنیشی تێدابوو، نە خۆساغکردنەوەشی تێدابوو، تەنیا تازەکردنەوەی حیزبەکە بوو. ئەم پرۆسەیە کە ئێستا دەستی پێکردووە، کە فشارمان دەخەنە سەر، دڵنیاتان دەکەمەوە لەوە زۆرتریش بکەن هیچ کاریگەرییەک لەسەر بڕیارەکانمان ناکات.

**ڕۆژنامە: باسی بڕینی مووچەتان کرد، ئایا جگە لە پاسەوانەکان مووچەی ئێوەیان بڕیوە؟**

* نەخێر.

**ڕۆژنامە: بۆچی؟**

* نازانم، دەبوایە مووچەی منیشیان ببڕیایە، بەڵام نەیانبڕیوە.

**ڕۆژنامە: گلەیی لە باڵەکەی دیکە لەوەدایە کە ئەوان گەنج و دەموچاوی نوێ ناهێننە ناوەوە، بەڵام ئەوانەی باڵی ریفۆرمیش هەر دەموچاوە کۆنەکانن؟**

* هێشتا نە کۆنگرە نە پلینیۆم نەگیراوە تا کەسی نوێ بهێنرێتە پێشەوە، چونکە کۆنگرە بڕیاردەدات کە نەوەی نوێ سەرکردایەتی بگرێتە دەست، ئەوە بە بڕیارێکی سەرکردایەتی نابێت.

**ڕۆژنامە: ئەو کەسانەی کە ئێستا دوورەپەرێزن لە یەکێتی، بڕیاریانداوە بەشداریی کۆنگرە بکەن؟**

* هێشتا بڕیارمان نەداوە.

**ڕۆژنامە: ئەی ئەگەر ئەوان بڕیاریاندا ئێوە دەربکەن؟**

* ناتوانن بڕیاری دەرکردنی ئێمە بدەن، یەکێتی بە خوێنی هەموومان دروستبووە.

**ڕۆژنامە: مەبەستت ئەوەیە ئەگەر ئەوان لەڕووی دیموکراسییەوە ئەو هەنگاوەیان نەناو ڕێگایەکی دیکەیان گرتەبەر، ئێوەش ئامادەن هەمان پەرچەکردارتان هەبێت؟**

* ئێستا هیچ بڕیارێک نادەین، چونکە هێشتا زووەو هەڵبژاردنمان لەبەردەمدایە، ئەوان ئێستا بڕیاریان نەداوە نە بۆ کۆنگرە نە بۆ پلینیۆمیش، کە پێشتر بڕیاربوو پێش هەڵبژاردن بکرێت، بەڵام دواخرا، چونکە کێشەیان بۆ دروستدەکات، چونکە خەڵکێکی زۆر خۆی حازرکردووە بۆ سەرکردایەتی‌و مەکتەب سیاسی، ئەوان پێویستیان بەو کێشانە نییە لەئێستادا.

**ڕۆژنامە: سەرنجەکانی ئێوە تەنیا تایبەت بووە بە بارودۆخی ناو یەکێتییەوە یان دۆخی یەکێتییە لەسەر ئاستی حوکمدارێتی لە کوردستاندا؟**

* ئەو شتە تەنیا پەیوەندی بە حیزبەوە نییە، چونکە کە حیزب تازەدەکەیتەوە، دەبێت حکومەتیش تازەبکەیتەوە، حکومەت کەموکورتییەکی زۆری هەیە، گەندەڵی هەیە لەناو حکومەتدا، دەبێت خزمەتگوزارییەکان باشتربکرێت، ئێستا ڕێگاکان قیردەکرێن، بۆ پێش شەش مانگ ئەوە نەبووە، بۆ پێش ساڵێک نەبووە، دیارە ئەمە قسەکانی ئێمە دەسەلمێنێت کە ئەگەر حیزب تازەبکەینەوە، دەتوانین حکومەتیش تازە بکەینەوە. دەستێوەردانی حیزب لە کاروباری حکومەتدا، یەکێک بووە لە هۆکارەکانی ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت، حیزب ڕێبەرایەتیی حکومەت دەکات لەم وڵاتەدا، هەم پارتی هەم یەکێتی حیزبەکانیان تەحەکوم دەکەن نەک حکومەت.

**ڕۆژنامە: ئەو گفتوگۆیانەی کە هەبووە، ئێوە پێشتر کارێکتان کردووە کە دەرکەوتبێت فیعلەن کۆمەڵێک کەس هەبوون جیاواز بیریان کردووەتەوە لەوانی دیکە، یان هەر شتەکان لە ناوخۆدا بوون، بۆچی لە میدیاکاندا راتان نەگەیاندووە؟**

* ئەو سەرنجانە هەر هەبووە، هی ئێستا نین، بە ناو نەوتراوە کێ گەندەڵە یان نا، ئێستاش ناوترێت، دەڵێین گەندەڵی هەیە، گەندەڵی شمولی هەموو دەکات.

**ڕۆژنامە: بۆ دیارینەکرێت؟**

* ئەوکات دیاریدەکرێت کە دەوڵەت بوو بە دامەزراوە، ئەوکات دەتوانێت هەموو شتەکان دیارییبکات، ئەگەر سێ دەسەڵاتەکە لەیەک جیابکەیتەوە، حکومەت‌و پەرلەمان‌و دادگا کاری خۆیان کرد، ئەوکات دەتوانیت

**بۆ ئەو فشارو نانبڕینە هەیە، لابردنی بەرپرس لە وەزارەتەکانی ناوخۆو پێشمەرگەو بەڕێوەبەرە گشتییەکان، دیارە ترسیان هەیە، ترسەکە لە کێ، لە من نا، لە میللەت، میللەت دەنگ دەدات، چونکە خۆیان دەبینن بەچاوی خۆیان کە میللەت چەند ناڕازییە لە کردەوەو ئیشی حکومەت، کردەوەی حکومەت هی کێیە، هی هەردوو حیزبەکەیە، یەکێتی‌و پارتی**

# کەرکوک لەنێوان مەترسیی سێ ئەگەردا

ياسين قادر سەعيد

«کەرکوک دڵی کوردستانە!»، «کەرکوک قودسی کوردستانە!»، ئەو دوو دروشمانەی ماوەیەکی زۆرە نایانبیستین، چیان بەسەرهات؟ ئەگەر بەڕاستی کەرکوک دڵو قودسی کوردستان بێت، کەواتە بەبێ گەڕاندنەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان، کورد نە دڵی دەبێت نە قودس.

کاتێک سەرکردایەتیی سیاسیی کورد ویستی وەرگێڕانێکی پراکماتیکی سیاسیی ئەو دوو دروشمە بکات، تەنیا ئەوەندەی پێکرا مادەی (١٤٠) بخزێنێتە دەستووری نوێی عێراقییەوە.

تا ئەمڕۆش هەوڵەکانیان بۆ جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ئەو مادەیە، پارەو کاتێکی ئێجگار زۆری تێچووە، بەڵام باسی ڕووداوو گۆڕانکارییەکان بەپێچەوانەی ئاراستەی هوتافەکانی ئەوانەوە بووە، بەڕادەیەک دەتوانین بڵێین چارەسەرکردنی گرێکوێرەی کەرکوک لە ڕێگای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ەوە بنبەستبووە، چیتر لەوپێناوەدا پێویست ناکات قوربانیی زیاتر بدرێت، بەڵکو باشتروایە ئیش لەسەر ئەلتەرناتیڤەکانی دیکە بکرێت.

بەڕای زۆرێک لە چاودێران، هۆکاری سەرەکیی شکستهێنانی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)، بە گشتیو بە پوختی لەم خاڵانەدا کۆدەبێتەوە:

١- خەمساردیی بەرپرسانی کورد لە بەغداو کەرکوک.

٢- گەندەڵیی بە هەموو ئاستو فۆرمەکانییەوە.

٣- بێ ئەزموونیو لاوازیی میکانیزمەکانی بەدواداچوونو لێپرسینەوە.

٤- نمایشکردنی نموونەیەکی دەسەڵاتداریی پۆلیسیو تۆتالیتاریو پێشێلکردنی مافی مرۆڤو پێشێلکردنی سەروەریی یاسا لەبەرچاوی نەتەوەو کەمایەتییەکانی دیکەی کەرکوک.

٥- کاردانەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی (بەتایبەتی سیاسەتی مالیکی)، ڕاگرتنی یەکپارچەیی عێراق لە ڕێگای دامەزراندنی حکومەتێکی ناوەندی بەهێزەوە، کە وایکرد فیرقەی (١٢) بۆ گرتنەدەستی پاراستنی کەرکوک لەجیاتی پێشمەرگە دابنێت.

٦- لێدوانی توندوتیژی هەندێک لە سەرکردە کوردەکان.

٧- ساردبوونەوەی ئەمریکییەکان هەتا لە بینینی ڕۆڵی ناوبژیوانیش لە جێبەجێکردنی مادە دەستوورییەکەدا.

٨- ئەو ڕاپۆرتە ناوخۆییو نێودەوڵەتیانەی هەمیشە ئاماژەیان بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستاندا داوە، کە دوایەمینیان ڕاپۆرتەکەی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتییە.

٩- دەستێوەردانی تورکیا لە هاوکێشەی کەرکوکدا.

هەموو ئەو فاکتەرانەی سەرەوە دەمانگەیەننە ئەو سەرئەنجامەی کە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) نەک تەنیا بنبەست بووە، بەڵکو دۆزی کەرکوک بە بەراورد لەگەڵ دۆزی کەرکوکی سەردەمی شاخ، پاشەکشێیەکی گەورەی کردووە، چونکە بە لایەنی کەمەوە ئەو سەردەمە بەڕاستی کەرکوک قودسی کوردستان بوو!

لە ئەگەری شکستهێنانی ئەگەری جێبەجێنەکردنی مادەی (١٤٠)دا، کورد خۆی لەبەردەم ئەگەری دووەمدا دەبینێتەوە، هەوڵەکانی دیمستۆرای نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ دۆزینەوەی نەک چارەسەرێک بۆ کێشەی خەڵک، بەڵکو ئەلتەرناتیڤێک بۆ مادەی (١٤٠).

بۆئەوەی لە سروشتی ئەو چارەسەرانە تێبگەین کە نەتەوەیەکگرتووەکانو ڕێکخراوە ناوچەییەکان لەمەڕ کێشەی کەرکوک ئاساکان پێشکەشی دەکەن، باشتروایە لە پاشخانی یەکێک لە هەرە کاریگەرترینیان بڕوانین.

ئاشکرایە زۆربەی ململانێ ئەهلی (ناوخۆیی)و نێودەوڵەتییەکان بە یەکێک لەم دوو شێوەیەی خوارەوە چارەسەر دەکرێن:

١- چۆکپێدادانی یەکلایەنانە (unilateral conquest)، بۆ نموونە چۆکپێدادانی تەیموری خۆرهەڵات لە ساڵی ١٩٧٦دا لەلایەن ئەندەنوسیاوە.

٢- دانوستانی ڕاستەوخۆی دوو لایەنی نێو ململانێکە (bilateral negotiation).

بەڵام نەتەوەیەکگرتووەکانو ڕێکخراوە ناوچەییەکانی وەک یەکێتی ئەفریقا (OAU)، کۆمکاری عەرەبیو ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکا (OAS)، دروستکراون بۆ ئەوەی ڕێوشوێنو میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ئەوجۆرە ململانێیانە بەرجەستە بکەن، کە وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ئاشتی دەردەکەون. لەساڵی ١٩٤٥-ەوە نزیکەی چارەکێکی هەموو ململانێ نێودەوڵەتیو ناوخۆییەکان ڕادەستی نەتەوەیەکگرتووەکان کراون، کۆی ژمارەی ئەو کەیسانەی ڕادەستکراون، شایانی سەرنجە، لەگەڵ ئەوەشدا لەنێوان ١٩٤٥و ١٩٩٠دا ئەو ڕێکخراوانە (٢٩١) کەیسیان بەڕێوەبردووە، کە تێیاندا (٦٨) (لە سەدا ٢٣)ی ئەو کەیسانە لەژێر ناونیشانی (ئەوپەڕی توندوتیژ)دا (high-intensity) (کە پەیوەستن بە ئاستێکی بەرزی هێزی چەکدارییەوە) پۆلێن کراون. لەساڵی ١٩٩٠-وە کەیسی گرنگی دیکەشی بۆ زیادکراوە، وەک جەنگی کەنداو، ئۆپەراسیۆنەکانی پۆگۆسلاڤیای پێشوو...

نەتەوەیەکگرتووەکان لەساڵی ١٩٤٥-ەوە ئەرکی ئاشتیپارێزی جێبەجێدەکات، ئەو ئەرکانەش لەژێر ناوی سەیردا کۆکراونەتەوە، بۆ نموونە (UNIKOM) (ئەرکی UN بۆ چاودێریکردنی عێراق-کوەیت)، (UNPROFOR) ١و ٢ (پاترۆڵەکانی UN بۆ چاودێریکردنو پاککردنەوەی مین لە کرواتیاو هاریکاریی مرۆیی لە بۆسنیا)...

یەکەمین ئەرکی ئاشتیپارێزی (UN) لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەساڵی ١٩٥٦دابوو کاتێک ئەرکی چاودێریکردنی ئاگربەستی نێوان ئیسرائیل، ئینگلتەرا، فەرەنساو میسری گرتە ئەستۆ.

ئەوکاتە ئەم ئەرکە بە ئاشتیپارێزی ناوبرا، بەڵام پێناچێت ئەوە ناوێکی گونجاو بووبێت، چونکە لەڕاستیدا ئاشتییەک نەبوو تا بپارێزرێت، بەڵکو ئەرکی (UN) تەنیا جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکانی ئاگربەستی نێوان لایەنەکان بوو، واش چاوەڕواندەکرا ئەم چالاکیانە سەرئەنجام دوا ڕێککەوتنی ئاشتی بەرهەم بهێنێت، بەڵام بەدەگمەن ئەوجۆرە پێشبینیانە هاتوونەتەدی. جەنگەکان وەستێنراون، بەڵام چارەسەرێکی فەرمی لەنێوان لایەنەکاندا دروست نەکراوە.

لەڕاستیدا ئەگەر بەوردی سەیری ئەجێندای (UN) بکەین لە هەڵسوکەوتکردنو یەکلایی کردنەوەی ئەو کێشەو قەیرانانەی پێسپێردراوە، دەبینین پڕبووە لەو کەیسانەی کە لە هەچ ساتو وەختێکدا بێت ئاگری جەنگ هەڵدەگیرسێننەوە، بۆ نموونە لەساڵی ١٩٤٨-ەوە تائێستا گروپێکی چاودێری سەر بە (UN) لە کشمیر دانراوە، لەساڵی ١٩٦٤-ەوە تائێستا هێزێکی سەربازیی (UN) لە قوبرس دانراوە، لە ساڵی ١٩٦٧ەوە تائێستا هێزەکانی پاراستنی ئاگربەستی (UN) لە بەرزاییەکانی جۆلان دانراوە، هەروەها لە ساڵی ١٩٨٢-ەوە لە لوبنان دانراون، ئەو پاترۆڵی ئاگربەستەی (UN) کە لەساڵی ١٩٩١دا بەمەبەستی کۆتایی پێهێنانی جەنگی سیبریاو کرواتیا نێردرا، تائێستا هەر لەوێیەو پێدەچێت بۆ دەیان ساڵی دیکەش لەوێ بمێننەوە. هەموو ئەمانەو چەندانی دیکەش توانیویانە جەنگەکانو شەڕەکان بوەستێنن، بەڵام نەیانتوانیوە ئاشتی بهێنن.

هۆکاری سەرەکی شکستی هەوڵەکانی دیمستۆرا لە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوکدا، دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ئەرکەکانی (UN) لەمەڕ ئەمجۆرە ململانێیەدا، چونکە ئەم کێشەو ململانێیانە لەنێوان دەوڵەتاندا نین، بەڵکو ململانێی نەتەوەکانی ناو یەک دەوڵەتن، ڕیشەی ململانێکان مێژووینو بە درێژایی مێژوو و هاتنو ڕۆیشتنی حکومەتە یەکلەدواییەکانی عێراق، تۆوی پاکتاوی ڕەگەزیو ئایینیو نەتەوایەتی لەو خاکەدا چێنراوە.

دەشێت (UN) ڕۆڵی گرنگ ببینێت لە یارمەتیدانی خەڵکی کەرکوکو عێراقدا، بەڵام مەحاڵە بتوانێت ئاشتیو پێکەوەژیانی هەمیشەیی لەنێوان نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانی ئەو شارەدا بەرپابکات.

لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە، واپێویست دەکات کورد لەدوای ئەو هەموو قوربانیانەی لەپێناو بەدیهێنانی دروشمەکانی کەرکوکدا داویەتی، جارێکی دیکەش دۆزی کەرکوک بۆ دەیان ساڵی دیکە هەڵنەپەستێرێت، لەبەرئەوە مەترسیی ئەگەری دووەم لە مەترسیی ئەگەری یەکەم کەمترنییە.

کاتێکیش مادەی (١٤٠) بنبەست دەبێتو کورد بە ئەلتەرناتیڤەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕازی نابێت، ئەوسا ئەگەری سێیەم تەنیا چۆکدادانە بۆ ناسیۆنالیزمی عەرەبیو دەستبەرداربوونی دروشمی (کەرکوک دڵو قودسی کوردستانە!!)، بەڵام پێناچێت ئەم ئەگەرەیان لەلای دەسەڵاتدارانی کورد هێندە گران بێت!!


لەگەڵ ئەوەشدا گەشەکردنی عەقڵی سیاسیی کوردو هێنانەکایەی چەندین میکانیزمی سیاسیی جیاوازو ڕەنگاوڕەنگ لە هەڵبژاردنەکانداو هاوبەشیکردنی زیاتری جەماوەر لە دروستکردنو دروستکردنەوەی سیاسەتەکاندا، دەشێت ئەو تروسکاییە بێت کە لە کۆتایی تونێلەکەدا بەدیدەکرێت.

Yassinace2000@yahoo.co.uk

سەرچاوە:

International Politics
A Framework for Analysis,
1994, Holsti, seventh
Edition, prentice Hall

# چاکسازیی چۆنو بە کێ دەکرێت



دانا فوئاد

لەم ساڵانەی دواییدا لە وڵاتانی خۆرئاوادا بەتایبەتی لە ئەمریکا، لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا چەندین دروشم بەناوی چاکسازییەوە بەرزکرانەوە بۆ گۆڕینی سیستمی سیاسیو حوکمڕانیی لە وڵاتدا، دوای ململانێیەکی زۆر دەرئەنجام لە زۆربەی ویلایەتەکان، دیموکراتەکان سەرکەوتنیان بەدەستهێنا بەسەر گەورەترین حیزبی ئەو وڵاتەدا کە حیزبی کۆمارییەکان بوو، دەرئەنجامی ئەمەش دروشمی چاکسازی ئەم ململانێیە گەورەیەی خوڵقاند، بەم دواییانەش لە وڵاتانی خۆرهەڵات لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا، ئەم دروشمانە بینراو بەشێوەی جیاجیا لەلایەن لایەنگری حیزبەکانەوە قسەوباسی لێدەکرێت، لە هەوڵدان بۆئەوەی ئەو چاکسازیە بچەسپێنن کە تائێستاش بەردەوامە، وەک لە هەڵبژاردنەکانی ئێرانو لوبناندا بەدیاردەکەون، کوردستانیش بێبەش نیە لەم ململانێیەدا، وەک سەرەتایەکی شۆڕشی نوێ باسی لێوەدەکرێتو خەڵکی بەئومێدی ئەوەن کە سەرتاپای کێشەکان بە چاکسازیی ڕیشەیی چارەسەر بکرێن.

ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە، ئەوەیە ئایا چاکسازی چۆنو بە کێ دەکرێت؟

ئەگەر بێین پێناسەیەکی ئەم وشەیە بکەین، دەبینین لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەر سیستمو بەرنامەیەک تا ساڵانێکی زۆر پەیڕەوبکرێت، پێویستە ئەو بەرنامەیە لەناخەوە بگۆڕێتو بەشێوەیەکی تازە سەرلەنوێ بنیات بنرێتەوەو خاڵە سەرەکییەکانی دووبارە بەشێوەیەکی نوێ دروستبکرێتەوە، جیاواز لەوەی کە پێشتر بنیاتنراوە، بەڵام ئەوەی گرنگە لەم باسەدا، ئەوەیە ئەرکێکی قورس کەوتووەتە سەرشانی هەموومان، ئەویش ئەوەیە کە دەبێت هەموو تاکێک بەئاگابێت لەم بارودۆخەو ئەرکی چاکسازی لەناخیدا چەکەرەی کردبێت، تا بتوانێت زاڵبێت بەسەر هەموو ئەو بەربەستانەی کە ڕۆژانە لەلایەن نەیارانی چاکسازیەوە بۆی دروستدەبێت، بێباک بێت لەو کێشەو گرفتانەی کە بۆی دروستدەبێت، بە گەشبینییەوە بڕوانێتە شتەکان، ئەوکاتە دەتوانێت بڵێت چاکسازیم دەوێتو پێویستە ژیانم بگۆڕم.

بۆ ئەوانەشی کە ئەرکی ئەم چاکسازیەیان لەسەرشانە، تەنیا لایەنەکان نییە، بەڵکو هەموو ئەوانەی کە لێپرسراوییەکیان لە کارێکدا لەئەستۆدایە، وەک (مەلاو مامۆستاو پارێزەرو ئەندازیارو پزیشکو بەڕێوەبەرو خاوەنکارو... هتد)، دەبێت خۆیان بۆ ئەم قۆناغە گرنگە ئامادەکردبێت، هەریەکەیان لەشوێنی خۆیەوە هەست بە بەرپرسیارێتی بکات، ئەگەر ڕۆژانێک ئیشوکارێکیان لەبەر بەرژەوەندیی شەخسی خۆیان یاخود لایەنێک بەئەنجام گەیاندووە، ئەوا دەبێت لە ئێستاوە هەستی بەرپرسیارێتی میللەتەکەیان لادروستبێتو گۆڕانکاریی لە سەرتاپای کارەکانیاندا بکەنو بەدڵسۆزییەوە کار بۆ بەرژەوەندییەکانی خەڵکی بکەن،لەبەرئەوەی گۆڕان پرۆسەیەکی دەستەجەمعییەو ئەگەر لایەنێک پشتیوانیی لەم پرۆسەیە بکاتو ئەمان بێدەنگبنو هیچ هەڵوێستێکیان نەبێت، ئەوا ئەم دەرفەتە گرنگەی کە بووەتە فریادڕەسێک کە لە هەموو جیهاندا باسی لێوەدەکرێت، لەدەستی دەدەین.

بەو ئومێدەی هەموو لایەکمان بەشداریی لەم شۆڕشە نوێیەدا بکەینو بە خەمخۆرییەوە ئاوڕ لە کێشەکان بدەینەوە.

# لیستی حیزبەکانو فەرزکردنی کاندیدەکان

د.شۆڕش حەسەن عومەر



هەموو هەوڵو داواکاریی چینو توێژەکانی خەڵکو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە هەرێمی کوردستاندا، لەپێناو سەپاندنی لیستی کراوە لەو هەڵبژاردنەی کە بەڕێوەیە، بەهەدەرچوو، لەبەرئەوەی پەرلەمانی کوردستان لەسەر ویستی دوو حیزبی دەسەڵاتدارو لە ڕواڵەتیشدا بە بیانووی تەکنیکی، لیستی داخراوی فەرزکرد، لیستی داخراویش هەڵبژاردنەکە بەو ئاقارەدا دەبات کە کێبڕکێی شەخسیی نێوان کاندیدی لیستە جیاوازەکان نەهێڵێت، کە لەوجۆرە کێبڕکێیەدا کەسایەتیی کاندیدەکان ڕۆڵی کاریگەریان دەبێت لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکە، بەڵام ئێستا کەسایەتیی کاندیدەکان لەپشت پەردەی لیستی حیزبەکانەوەنو خەڵک دەنگ بۆ لیستەکان دەدەن بەرلەوەی کەسایەتیی کاندیدەکان هەڵسەنگێنن، بەپێچەوانەش لە حاڵەتی لیستی کراوەدا سەنتەری بڕیاری حیزب ناتوانێت کەسایەتیی کاندیدەکان لەبەرچاو نەگرێتو حساب بۆ بیروڕاو بۆچوونی خەڵکو قاعیدەکەی خۆی نەکات لە دیاریکردنی کاندیدەکانیدا، کەچی لیستی داخراو ئەو دەسەڵاتە بە حیزب دەبەخشێت کە بە ئارەزوو و ویستی سەنتەری بڕیار، تێیدا کاندیدی لیستەکەیان پۆلێن بکەن بێگوێدانە ڕای خەڵکو ڕاسپاردەی قاعیدە حیزبییەکەشیان، بەکورتی کاندیدەکان لەلایەن سەنتەری حیزبەوە فەرز دەکرێن بەسەر جەماوەرو قاعیدەی حیزبدا، بەم پێیەش ئەمانە ئیختیارێکیان بۆ نامێنێتەوە، یا دەبێت لیستەکە وەک خۆی قبوڵ بکەنو دەنگی پێبدەن، یان ڕەفزی بکەنەوە، پاشان دابەشکردنی کورسییەکان بەپێی ڕیزبەندی ناوی کاندیدەکانو ئەو دەنگانەی لیستەکە بەدەستی هێناوە، ئەنجام دەدرێت، لێرەشدا بێگومان ئەو کاندیدەی لە سەرەتای لیستەکەدا ناوی هاتووە، ئەگەر هەڵبژاردنەکە بەشێوەی لیستی کراوە بێت هەرگیز هۆڵی پەرلەمان بە چاوی خۆی نابینێت، ئەمەیە ئەو دیموکراسیەی کە لافی پێوە لێدەدەن، کە لەسایەیدا کەسێک لە هۆڵی پەرلەمان خۆی دەبینێتەوە وەک نوێنەری میللەت، بەڵام خۆشی وەکو هەموو خەڵکی دڵنیایە ئەگەر هەڵبژاردن بەشێوەی لیستی داخراو نەبێتو دەستی سەرکردایەتیی حیزبەکەی لەپشت نەبێت، ئەوا ٢٪ی دەنگی پێویست بۆ ئەو کورسییەی کە لە پەرلەماندا داگیری دەکات، بەدەست ناهێنێت، بەڕاستی ئەمە مەسەلەیەکەو دەبێت هەڵوێستی لەسەر وەربگیرێت، ئەگەر جەماوەریش ئامادەیی ئەوەی تێدا نەبێت، ئەوا ئەرکی سەرشانی قاعیدەی حیزبە کە پێویستە ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی بزانێت، بەوپێیەی ئەو پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە جەماوەرەوە هەیەو ڕووبەڕووی پرسەکانی دەبێتەوە، ئەگەر ئەوەش نەکات، ئەوا قاوغێکی بەتاڵ دەبێت لە هەموو بیروباوەڕو ئامانجێک لە ئیشی ڕۆژانەیداو دەچێتە پەراوێزی حیزبەوە.

بۆیە لە کۆتاییدا حەقی خۆمانە بپرسینو بڵێین ئەگەر ئەمە حاڵی دیموکراسیەتی ناو دەزگاکانی حیزب بێت، چاوەڕوانی چی لە دیموکراسیبوونی کۆمەڵگا بکەین؟ هەروەها ئەو پەرلەمانەی خەڵک بەمشێوەیە کورسی لێوەربگرێت، ببوورن پۆستی تێدا بۆ دابین بکرێت! دەبێت چ ئەدایەکی لێ چاوەڕوان بکرێت؟

# لەنێوان هەڵبژاردنەکانی دانیمارک و کوردستاندا



دلێر محمد عەلی

لە مەراسیمی یادی ١٦٠ ساڵەی پەسەندکردنی یاسای بنەڕەتی (دەستوور) دانیمارکدا ٢٠٠٩/٦/٥ لەو شارەی لێی دەژیم ئامادە بووم، کە هەر لەم کاتانەشدا هەڵمەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکانی نوێنەرانی یەکیەتی ئەوروپا لە گەرمترین ساتیدابوو، هەر حیزبێک هەوڵ دەدات زۆرترین دەنگ بۆ خۆی بەدەست بهێنێت بۆ نوێنەرایەتیکردنی دانیمارکی بچوک لە ئەورووپای گەورەدا.

بۆ چەند چرکەیەک هۆشم بەرەو بەراوردکردنی هەڵبژاردن و عەقڵیەتی بەڕێوەبردن و تێگەیشتنی گرنگی هەڵبژاردنی ئێرە و کوردستان ڕۆیشت، کە ئێستا هەڵمەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنی ئەوێش لە گەرمبوندایە. لێرەدا من نامەوێت بەراوردی دیموکراسیەت و تێگەیشتن لە هەڵبژاردن بکەم، لەبەرئەوەی هێندە زۆرن کە دەتوانین بڵێین بەقەدەر جیاوازی نێوان ڕەش و سپیە، من لێردا دەمەوێت تەنیا ٢ خاڵ بخەمەڕوو، کە بە بۆچوونی من لە تێگەیشتنی ئەو ٢ جیاوازییە وەڵامی کۆمەڵێک خاڵی دیکە دەردەکەوێت.

یەکەم: ئەوەیە کە لە دانیمارک و هەموو وڵاتە دیموکراسیەکاندا حکومەتی وڵاتەکان نامە دەنێرن بۆ هەموو هاوڵاتییانیان لە هەر جێیەکی جیهاندا بن بۆ دەنگدان و تەنانەت ئامادەن (دیبات) واتە گفتوگۆ و چاوپێکەوتنیش بکەن لەگەڵ هاوڵاتییانیان لە هەندەران بۆ هاندانیان بۆ دەنگدان و هەڵبژاردنی نوێنەرانیان بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیان، بەڵام بەنیسبەت هەڵبژاردنی کوردستانەوە کە دەنگدانە بۆ پەرلەمانی ئەو هەرێمە نیمچە سەربەخۆیە، ڕێگا نادرێت بە کوردی هەندەران دەنگ بدەن، بەمەرجێک لە بوارو دەرفەتانی دیکەدا بە بەشێکی کاریگەریان ناودەبەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی گەلی کورد و تەنانەت داوای یارمەتی و هاوکاریشیان دەکرێت، ئەمە بێجگە لەوەی کە ڕێژەیەکی بەرچاو لە کوردی هەندەران خاوەنی خەباتی چەند ساڵە و قوربانی ژیان و ماڵ وێرانی و دەربەدەرین لەپێناو گەیشتن بەم ڕۆژەی کوردی باشووری تێدا دەژی، بەڵام بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق داوا و پاڵەپەستۆ دەخەنە سەر هەموو کوردێک بۆ دەنگ بدات و ئەوەشی دەنگ نەدات یان دژ بە (بەعێراقیبون) بێت، بە بێهەڵوێست و نانیشتمانپەروەر و تەنانەت بە خائینیشی ناوزەنگ دەبەن، باشە ئەگەر عێراقین ئەم هەموو بگرە و بەردەیە لەپێناو چیدایە!؟ خۆ هەر لە چوارچێوەی دەستوری عێراقیدا کارەکان بکەن و وەک عێراقیەکی سەر بە ئومەی عەرەبی هەڵسوکەوت بکەن باشترە، لەبەرئەوەی ئەو تایبەتمەندییە نیوە چڵە هیچ مانایەک نابەخشێت، خۆ ئەگەر وەک کوردستانی بیردەکەنەوە، ئایا چۆن دەبێت دەنگی چەند سەد هەزار کوردێکی دەرەوەی کوردستان خەفە بکرێت و بێ بەش بکرێت لە بڕیاردان لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کوردستاندا؟.

دووەم: لەسەر هەڵوێستوەرگرتن و تێگەیشتن لە گرنگی دەنگدانە، هەڵبەتە لە وڵاتانی ئەوروپیدا ئەگەر حکومەتێک یان حیزبێک لە بەرنامەی خۆی لابدات یان دژ بە هەڵوێستەکانی خۆی بجوڵێتەوە، خەڵک لە هەڵبژاردنی دواییدا دەنگی ناداتێ و باوەڕی لێ دەسێنێتەوە، سەبارەت بە کوردستانیش ئەوەی لەماوەی ٤ ساڵی ڕابردوودا هەستی پێدەکرا و دەبیسرا لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵ و بۆنەیەکدا، گلەیی و گازندە بوو لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و گەندەڵی هەمەلایەنەی سیاسی و ئیداری و دارایی و ....هتد، ئینجا پەرلەمانی بێ هەڵوێست و بێ توانا و زۆر شتی دیکە، پرسیار لەوەدایە ئایا دەنگدەری کوردستان ئەو گلەیی و گازندەیان دەخەنە بواری پراکتیکی و حیزبە کوردستانیەکان دەخەنە ئەو گۆشەی چیتر دژ بە بەرژەوەندییەکانیان نەجوڵێنەوە؟؟. جا بە بۆچونی من ئەوەی گلەیی و گازندەی هەبووە لە لایەنێک و دوبارە دەنگی پێبداتەوە یان ئامادە نەبێت بڕوات دەنگ بدات، مافی گلەییکردنی نامێنێت.

# شێرو ڕێوی

# نامەیەک لە نیکۆلا ماکیاڤیللییەوە بۆ دەسەڵاتدارانی کوردستان



دانا نەوزەر

**ماکیاڤیللی لە کتێبی میردا دەڵێت: «میر دەبێت هەڵگری کارەکتەری شێرو ڕێوی بێت، شێر ناتوانێت خۆی لە تەڵەکان بپارێزێتو ڕێویش ناتوانێت لە بەرامبەر گورگەکاندا خۆی بپارێزێت، دەبێت ڕێوی بیت بۆئەوەی خۆت لە تەڵەکان بپارێزیت، دەبێت شێر بیت بۆئەوەی بەسەر گورگەکاندا زاڵبیت، ئەوانەی کە دەیانەوێت تەنیا شێربن، هەڵە دەکەن، نابێت میر وەفای بۆ ئەو بەڵێنانە هەبێت کە دژی ویستی ئەو دێنەوە»*.**

بەڕێزان خاوەن شکۆیان

سەرەتا دەمەوێت ئەو ڕاستیەتان پێبڵێم کە ئەمە یەکەمجارمە لەدوای مردنمەوە نامەیەک بە دەستو خەتی خۆم بۆ میرێک دەنووسم، دەڵێم میر چونکە ڕاستییەکەی نازانم (٥٠٠) ساڵ دوای مردنی من، سیستمەکان چۆنن‌و ناوەکان چۆن گۆڕاون، بەڵام دڵنیام کە پێویستییەکانی میر هەمان شتن‌و گۆڕانیان بەسەردا نەهاتووە. من دەزانم کە جەنابتان وەک هەر میرێکی دیکە کە دەیەوێت قاچەکانی کورسییەکەی ژێری توندبکات، هەتا مردن‌و پاش مردنیش لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، دەتانەوێت کورتترین‌و کاریگەرترین ڕێگاکانی مانەوە لە دەسەڵاتدا بزانن، سوپاس بۆ ژیریی‌و سروشت کە من ئەم مەهارەتەم هەیەو دەتوانم ئەوەتان پێببەخشم.

سەرەتا میر بۆئەوەی میربێت، دەبێت دەسەڵاتی تەواوی هەبێت بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیاندا، تەنانەت ئەگەر بشتوانێت وا باشترە جارجار بچێتە خەوی ڕەعیەت‌و تووشی ترس‌و خۆفیان بکات، واتە پێویستە دەسەڵاتی ڕەهای هەبێت‌و خاوەنی سەروەریی بێت لەو ناوچانەدا کە هی ئەون، بەڵام وەک پێتان ڕاگەیاندووم ئێوە هێشتا خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆتان نین‌و چوار دەوڵەتی گەورە چاوی تێبڕیون، زۆریش خۆشەویست نین لە ناوچەکەدا، هەربۆیە پێشنیازی من بۆ گەیشتن بە ئامانجە مەزنەکە ئەوەیە کە زۆر جەخت لەسەر ئەم خاڵە نەکەنەوەو گەورەتر بیربکەنەوە، واتە نەتەوەو نەتەوایەتی‌و ئەوجۆرە ئەفسانانە تا ئەوکاتە باشە کە خزمەتی گیرفان‌و دەسەڵاتتان دەکات، ئەگەر بوونە بەربەست لەبەردەم خەونەکانتاندا، بێ دوودڵی دەستی لێبەربدەن، واتە میر ناچارنییە پابەندبێت بە بەڵێنەکانییەوە مادەم هێزی ئەوەی هەبێت کە پابەندنەبێت، ئەوەش دەزانم کە بەهۆی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی‌و عەشایەریتانەوە هێشتا هەندێکتان شەرم دەکەن لەوەی بە ئاشکرا پشت لە ئامانج‌و بەڵێنەکانتان بکەن‌و نهێنییەکە ئاشکرابکەن، هەربۆیە ئەوانەتان کە ئەم دەردی شەرمەیان هەیە، واباشترە بە دەم بەڵێنەکان دووبارەبکەنەوەو بە کردەوەش پێچەوانەکەی ئەنجامبدەن، نەتەوە بکەنە پەیژەیەک بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، لەگەڵ گەیشتن بە دەسەڵاتیشدا ئەو پەیژەیە فڕێبدەن بۆئەوەی جارێکی دیکە نەیەنەوە خوارەوە.

ئەمەی بۆم باسکردن کارەکتەری شێرە، شێر پێویست ناکات زیرەک بێت، بەڵکو دەبێت بەهێزبێت‌و دوژمنەکانی هەرچۆن بووە لەناوببات‌و دژی گورگەکان بوەستێتەوە، لەماوەی ڕابردوودا ئەم کارەکتەرەتان باش جێبەجێکردووە، دەشتوانم بڵێم سەرکەوتووبوون تێیدا، چونکە من خۆم سەرم سوڕدەمێنێت کە چۆن توانیوتانە ماوەی (١٨) ساڵ بەو شێوازەو بەبێ بوونی ناڕەزایی، حوکم بکەن، ئەمە بۆ خۆی گرنگەو بەڵگەیە لەسەر لێهاتوویی‌و شیاویی ئێوە بۆ ئەو کارە، بەڵام هەموو زەمەنێک تاکتیک‌و تەکنیکی تایبەتی خۆی هەیە، میری سەرکەوتووش ئەو میرەیە کە دەتوانێت هەردوو کارەکتەری شێرو ڕێوی بەڵام خەڵکی کارەبایان دەوێت‌و ئێوەش پێویستتان بە دەنگی خەڵکەو کاتەکەش زۆر کەمە، چارەسەرەکە ئەوەیە کە ماوەیەک بەر لە هەڵبژاردن، جا ئیتر ئەو ماوەیە پەیوەستە بە زاکیرەو بیرەوەریی خەڵکەکەتانەوە، بۆ نموونە ئەگەر خەڵکەکە بیرەوەریی بەهێزبێت، ئەوا ئەرکەکەتان زۆر قورس دەبێت، چونکە دەبێت ئەگەر تائێستاش نەتانکردبێت، ئەوە لەمڕۆوە کارەبای باش دابین بکەن، بەڵام ئەگەر خەڵکەکەتان بیرەوەرییان لاوازە، ئەوە زۆر خەم مەخۆن‌و هەفتەیەک بەر لە هەڵبژاردن یاخود تەنانەت شەوی هەڵبژاردن کارەبای باشیان بدەنێ، بابەتەکەیان لەبیردەچێتەوە، بەتایبەت کە من ئەوە دەزانم کە خەڵکی کورد کەسانێکی دڵپاکن‌و بەزەییان بە جەللادەکەشیاندا دێتەوە، جا ئیتر نموونەی کارەباکە بکەن بە پێوەرو بابەتەکانی دیکەش ئاوها چارەسەربکەن.

پرسیارێکی گرنگ هەیە کە ئەم پرسیارە هەروا ئاسان نییە، چونکە چارەسەرەکەی دیکە هێزەو ئێوەش لە حاڵێکدا نین کە هێز بەکارهێنن، گەورەترین هێزی ناوچەکە لە نزیکتاندایەو ئەمجارەش زۆر سۆزی بەلای ئێوەدا نییە. من لێرەدا پێشنیازێکم هەیە، جا ئیتر ئەمە لەسەر خۆتان کەوتووە کە چەندە بەباشی دەزانن، باشترین ڕێگا لەم حاڵەتەدا ئەوەیە کە هەوڵبدەن لەجیاتی ئەوەی بەرگریکاربن، ئێوە هێرشبەربن، واتە لەجێی ئەوەی ئێوە ناچاری بەرگری بن لەوەی کە کردووتانەو نەتانکردووە، ئێوە هێرشبەرن، بەڵام هێرشەکە دەبێت بە وردی ئەنجامبدرێت‌و وانەبێت کە ئەنجامی پێچەوانەی هەبێت، بۆ نموونە ئێوە دەزانن کە خەڵکی هەرێمەکەتان حەزیان لە ئاسایشەو ئەو خێروبێرەش بە هیچ شتێکی دیکە ناگۆڕنەوە، کەوابێت ئەرکی ئێوە ئەوەیە کە ئەوە لە خەڵک بگەیەنن کە دژەکانتان وەک مەترسیی بۆ سەر ئەو ئاسایشە بناسێنن، جا

**هەرگیز متمانە مەکەن بەوانەی کە بەهۆی مۆنیکایەکەوە بوونەتە لایەنگرتان، چونکە سبەینێ بۆ جۆرێکی دیکە پشتتان بەردەدات، ئەگەر ئێوە وا دەزانن دەمانچە خەڵکی فریودەدات، ئەوە بزانن جۆری چەکی باشتر هەیە کە خەڵکی دیکە پێیان بدەن**

لە خۆیدا بەرجەستە بکات. ئەوەندەی بزانم ئێستا کاتی هەڵبژاردنە (بەداخەوە کە دەبینم ئێوەش موبتەلای ئەو دەردە بوون، کاتی ئێمە ئەم نەگبەتییە نەبوو)، هەربۆیە بەهۆی گۆڕانی تەرازووی هێزەکانەوە، کەمتر هێزو کارەکتەری شێر کاریگەریی هەیە، بەڵکو کات کاتی ئەوەیە کە ڕۆڵی ڕێوییەکە ببینن، جا ئیتر ئەوە لەسەر داواکاریی‌و چاوەڕانییەکانی خەڵک کەوتووە، بۆ نموونە هەندێک کەس داوای شتی زۆر دەکەن‌و ناتوانن لەماوەی ئەم دوو مانگەدا بۆیان جێبەجێ بکەن، ئەوە باشترین ڕێگا ئەوەیە کە بەشێکی سادەو بچووکی داواکارییەکانیان بۆ بهێننەدی، بەشەکەی دیکەشیان لەشێوەی بەڵێندا بۆ بخەنەڕوو، بۆ نموونە کێشەی کارەبا، هەرچەندە کێشەیەکی ئەوەندە گەورە نییە، بەڵام وادیارە جەنابیشتان سەر لە کاری ئەدیسۆن دەرناکەن‌و زۆری دەوێت تا لێی تێبگەن، ئەگەر هیچ یەک لەمانە سوودی نەبوو چی بکەین؟ ئەم پرسیارە لە جێی خۆیدایەتی، چونکە میری زیرەک دەبێت وردبین بێت‌و هەموو ئەگەرەکان وەربگرێت، بەتایبەت کە دونیا دەوران دەورانەو هەرگیز نابێت دڵنیابن لە خەڵکی، هەرگیز متمانە مەکەن بەوانەی کە بەهۆی مۆنیکایەکەوە بوونەتە لایەنگرتان، چونکە سبەینێ بۆ جۆرێکی دیکە پشتتان بەردەدات، ئەگەر ئێوە وا دەزانن دەمانچە خەڵکی فریودەدات، ئەوە بزانن جۆری چەکی باشتر هەیە کە خەڵکی دیکە پێیان بدەن، لێتان ناشارمەوە شتێکی پێکەنیناویشم بیستووە، جا نازانم چەندە ڕاستە، دەڵێن لە یەکێک لە شارەکاندا ماکسی ژنانتان دابەشکردووە، جا ئەگەر ئەوە ڕاست بێت، ئەوە نیشانەی داهێنەریتانەو جێگای لێکۆڵینەوەیە، بەڵام دووبارە پرسیارەکە ئەوەیە کە چی بکەن ئەگەر دەمانچەو مۆنیکاو پۆست‌و ماکسی‌و قسەی خۆشیش سوودی نەبوو؟وەڵامی ئیتر ئەوە ڕێگای خۆی هەیەو کەسێکیش لە ئێوە شارەزاتر شکنابەم لەو بوارەدا.

لە کۆتاییدا هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم‌و هیوادارم ئەم چانسە لەدەست نەدەن‌و لەژێر ڕۆشنایی ئەم ڕێنماییانەداو بە هاوکاریی ئەو لەشکرە قەڵەمبەدەست‌و ڕاپۆرتنووس‌و چەکبەدەستانەی کە لەگەڵتاندایە، هەڵبژاردنەکان ببەنەوەو بۆ دوای ئەوەش خوا کەریمە.

**تێبینی: یەکێک لە هۆکارەکانی جەڵدەی دڵ هەواڵی ناخۆش‌و چاوەڕوان نەکراوە، هەربۆیە زۆر بۆی دامەچن‌و ئەوەندەش خەفەتی بۆ مەخۆن، بەتایبەت کە ئێوە ئیقامەی چەند وڵاتتان هەیەو بەشی عێل و عیال پارەتان لە بانکەکاندا داناوە. هەر بۆ پێشەوە**

*** غوڵامی بەر قاپی میران ماکیاڤیللی**

# گۆڕان لە سیستمی سیاسیی ئێستادا

ئاوات عەبدولڕەحمان

گۆڕان لە سیستمی سیاسیی ئەمڕۆی کوردستاندا بووەتە گرنگترین بابەتەکانی پەیوەست بەژیانی کۆمەڵگاو پێویستییەکی خـوازراوو ویستراوی ئەمڕۆ، لەپێناو باشتر بەکارهێنانی سامانە سروشتیی‌و مرۆیی‌و داراییەکان‌و بەرەوپێشچوونی پەیوەندی سیاسیی‌و کارگێڕی‌و تەکنەلۆژی‌و دامەزراوەیی لە سیستمی سیاسیی دەوروبەر کە ڕوودەدەن، زیادبوونی پێویستیی‌و بنەما سیاسیی‌و زانستییەکان کە دەبێتە پێشخستنی ژیان‌و باشترکردنی گوزەرانی مرۆڤ، لە بەرامبەردا سیستمی سیاسیی کوردستان لەماوەی ناسین‌و دروستبوونییەوە بە مانا سیاسیی‌و ئیدارییەکەی نەک شوێنکەوتووی پێشچوونەکان نەبووە، بەڵکو لە دۆخی سڕبوون‌و چەقبەستووییدایە بەرامبەر قەیرانە سیاسیی‌و ئیداریی‌و خزمەتگوزارییەکانی.

بۆیە لە ئەنجامی ئەو ئازارەی عەقڵ‌و هۆشی تاکی کورد چەشتی، ئاستی بیرکردنەوەو هۆشیارپی تاکی کورد بۆ درککردن بە پێویستیی ئەو گۆڕانە هەڵقوڵاوو خۆڕسکەی ناخی خود، کە زەنگی ناڕازیبوون لێدەدات، سەریهەڵداو لەلایەن نوخبەیەکی ڕۆشنبیری سیاسی پێشوازیی لێدەکرێت‌و هەوڵی ئاراستەکردنی دەدرێت، بەڵام وەکو هەموو هەوڵەکانی دیکەی چاکسازیی سیستم، ئەمیش هەوڵدەدرێت چەندین ڕێگرو لەمپەری لەبەردەمدا دروست بکرێت لەلایەن ئەو کەسانەی کە لە مانای گۆڕان‌و چاککردنی سیستمی سیاسی بە مانا قوڵەکانی تێدەگەن، چونکە دڵنیاین لە بەرژەوەندیی ئەواندا نیە.

گۆڕینی میتۆدی سیستمی سیاسی ناکرێت تەنیا لە گۆڕانی دەسەڵاتی سیاسیی‌و کارەکتەرە سیاسییەکاندا کورت بکرێتەوە، بەڵکو گۆڕانی ریشەیی لە بەدامەزراوەییکردنی کۆمەڵگاو دانانی پرەنسیپ‌و بنەمای سیاسیی مۆدێرن‌و کارگێڕی‌و بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان، هاوشێوەی وڵاتانی پێشکەوتوو و خۆشگوزەران لەئاست ویستی تاکی کورد، کە ببێتە پارێزەری ئەزموون‌و سەقامگیریی کۆمەڵگاو دیاریکردنی گوتاری سیاسیی‌و ستراتیژی سیستمی سیاسی، بە ئەرک دەکرێت، ئەوکات نوێنەرایەتیکردنی کۆمەڵگاو لێپرسراوێتی سیاسی لەو سیستمە نوێیەدا، کارێکی هەروا ئاسان نابێت لەسەر بنەمای مەنسوبیەت‌و مەحسوبیەت‌و گوێرایەڵی ببەخشرێت، بەڵکو کادیرانی میتۆدی ئەو سیستمە پێویستیان بە خۆئامادەکردنی پێشوەخت دەبێت‌و دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی بەشێوەیەکی ئەکادیمیی‌و زانستی دادەڕێـژرێـت، بۆ وەڵامدانەوەی هەر نوخبەیەکی کۆمەڵایەتی دەبێت.

پێشوازیکردنی چەمکی گـۆڕان لەلایەن هەندێک لە ئامادەبووانی سەرکردایەتیی سیستمی سیاسیی ئێستا، کارێکی ئەستەم دەبێت‌و ماناکانی کورت دەکەنەوە تەنیا لە پێشکەشکردنی پرۆژەی خزمەتگوزاریدا، کە تەنیا ئەرکێکی سیستمی سیاسیی نوێ دەبێت لەو ئەرکانەی دیکەی کە لەئەستۆیدایە، دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی تەواوی کارەکتەرە سیاسییەکانی دەسەڵات بۆ ناو پرۆژەکانی خزمەتگوزاریی‌و فرۆشتنەوە یان بەڕای گشتی نموونەی ئەو بۆچوونەیە، کە لە وڵاتی دامەزراوەیدا پرۆژەی خزمەتگوزاریی‌و ژیان‌و گوزەرانی باش بۆ مرۆڤەکان بووەتە ڕۆتین‌و پرۆژەی پێشوەختی بۆ تەسدیقکراوە لەلایەن پسپۆڕانی هەر دامەزراوەیەک‌و بەڕێدەکرێت، چونکە لە سیستمی سیاسیاندا بنەماکانی سیستمی خزمەتگوزاریی ڕەنگیداوەتەوەو چەسپیوە، بۆیە دەبینین لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردن‌و بەرزکردنەوەی دروشمی (change) لە هەڵبژاردنەکاندا، نـەک نابێتە مەترسیی بۆ ئەزموونەکەیان، بەڵکو بەرەوپێشچوونە مادی‌و مەعنەوییەکانی هەست پێدەکەن لەکاتی پراکتیزەکردنی تەواوی دەسەڵاتی سیاسیدا، چونکە بنەماکانی پاراستنی ئەزموون لە سیستمی سیاسیاندا لەلایەن کەسانی خاوەن پسپۆڕەوە دیاریدەکرێت‌و دەچەسپێت. بۆیە گۆڕان لە سیستمی سیاسیی ئێستای هەرێمی کوردستاندا، هێندە تێکدان‌و قەیران‌و ئاستەنگ نییە بۆ ئەزموونی حکومڕانی، ئەوەندی ئاستەنگ‌و قەیرانە بۆ کارەکتەری دەسەڵاتی سیاسی، کە ناتوانێت لەگەڵ ئەو پێوەرو مەرج‌و بنەما زانستیی‌و سیاسیانەدا جێگایەک بۆ خۆی دیاری بکات لەو ناوەندە سیاسییەی کە لەلایەن پسپۆڕانی سیاسی بە پێوەری پێشکەوتووی سەردەم دابڕێژرێت، کە ئێستا پێش بەدەستهێنانی متمانەی خەڵک، مەوقیعەکان دەبەخشرێت‌و ڕێککەوتنی لەسەر دەکرێت. کەواتە گۆڕانی ریشەیی سیستمی سیاسی دەبێت لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی هەستی پێبکرێت، لە پراکتیزەکردنی ئەدای دامـەزراوە کارگێڕیی‌و فەرمانگەکانی حکومیی شۆڕبێتەوە بۆ دەرکردنی ڕێنمایی‌و مەرج‌و هەڵسەنگاندنی زانستیی‌و بواری پسپۆڕیی، تەنانەت لە دانانی وەزیرو بریکارو بەڕێوەبەرە گشتییەکان‌و سەرەتای دەستپێکردن لە دابینکردنی هەلی کار بۆ کادیری نوێ، مەبەستم ناکرێت تەواوی پێگە ئیدارییەکان لەسەر ئەساسی حیزبیبوون بە ئەندامانی حیزبی دەسەڵاتدار پڕبکرێتەوە، لەدەست تەزکیەو ئینتیمای حیزبی‌و ئەوەی دەمەوێت بۆم بکە، لەگەڵت دەبم، ڕزگار بکرێت. ڕێنماییەکان و پرەنسیپی سیستمی سیاسیی جێگای دەسەڵاتی ڕەهای کارەکتەری دەسەڵاتی سیاسیی‌و کاری نایاسایی بە یاساییکردن بگرێتەوە، بۆیە قەیرانەکانی دەسەڵاتی ڕەهای خۆیان بە تێکدان‌و قەیران‌و ئاستەنگ بۆ ئەزموون‌و تێکدانی ڕیزەکانی کۆمەڵگا بانگەشە دەکەن.

# گۆڕانی بنەڕەتی‌و لەناوبردنی گەندەڵیمان دەوێت نەک گۆڕانی هاوکێشە سیاسییەکان!



مەهدی کاوانی

پرۆسێسی کاولکردنی لادێکانی کوردستان‌و ئەنفالەکان، گۆڕانێکی بـنـەڕەتـی بـەسـەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کوردستاندا هێناو تائێستاشی لەگەڵدابێت، کورد ئاهی مەینەتەکانی دەچێژێت.

ڕژێـمـی سـەدام لـە ڕێـگـای بەئەنجامگەیاندنی ئەو پرۆسەیە، گورزێکی کوشندەی لە بزاڤی چەکداریی داو توانی بەهۆیەوە یەکێک لە هەرە کۆڵەکەکانی سەقامگیربوونی نەتەوایەتی کە لادێکانی کوردستان‌و چیا سەرکەشەکانی بوو، دەربهێنێت. دیـارە پرۆسێسێکی وەها فراوان کە نزیکەی یەک ملیۆن کوردی لە هێزێکی بەرهەمهێنەرەوە کرد بە نابەرهەمهێنەر، بـەدوایـەوە نەک پرۆسێسی وەهـای لێکەوتبێتەوە کە ڕژێم توانیبێتی بەشێکی زۆر لە ڕاگوێزاوەکان بۆ مەرامی خۆی‌و لەناوبردنی بزاڤی نیشتمانی‌و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی شەڕ بەکاربهێنێت، بەڵکو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کوردی بەتەواوەتی لێک هەڵوەشاندەوە، لەلایەکەوە لادێکانی کوردستانی چۆڵکردو بەمەشەوە کوردستانی بێبەری کرد لە یەکێک لە کۆڵەکە هەرە گرنگەکانی، کە ئەویش ئابوورییە، لەلایەکی دیکەوە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی شارەکانیشی بەتەواوەتی ئاڵووێری بەسەردا هێنا، کە شارە کوردییە گەورەکان لەسەر حسابی لادێکانی کوردستان، قەرەباڵغییەکی زۆری تێکەوت‌و گرانبەهاییەکی زۆری لە هەموو ڕوویەکەوە خستە ناویان. کەواتە یەکێک لە هۆکارە هەرە سەرەکییەکانی گەرادانانی گەندەڵی لە کوردستاندا، دەگەڕێتەوە بۆ چۆڵکردنی لادێکانی کوردستان‌و کردنیان لە هێزێکی بەرهەمهێنەرەوە بۆ نابەرهەمهێنەر.

ڕاپـەڕیـنـی بـەهـاری ساڵی ١٩٩١و پێکهێنانی یەکەم کۆرپەلەی پـەرلـەمـان‌و حکومەتی کـوردی، زەمینەیەکی تا بڵێیت لەباری هێنابووە پێشەوە کە ئەو تەوژمە ناڵەبارە ڕێڕەوەکەی خۆی پێچەوانە بکاتەوە، دووبـاره ئـاوەدانـی‌و بنیاتنانەوە بەشێوەیەکی شارستانیانەو بە تەوژمێکی فراوانتریشەوە خۆی بگەیەنێتە کوردستان، ئەوکات چونکە گەمارۆی ئابووریی جیهان‌و ڕژێم لەسەر کوردستان بوو، لەبەر کارتێکردنەکانی، خەڵک ناچار دەبـوو بۆ پەیداکردنی بژێویی ژیانیان دووبـارە ڕوو لە لادێکانی کوردستان بکەن‌و پرۆسێسەکەش بە سەرکەوتووانە کـاری خۆی دەکرد، ئەوکات جوڵەیەکی بازرگانیی فراوان لە کوردستان هەبوو، دەتوانم بڵێم کوردستان ببووە نێوەندێک کە تێیدا جموجۆڵە بازرگانییەکانی نێوان عێراق‌و ئێران‌و تورکیا بە قاچاخ بووبێت یان بە فەرمی، ئاڵووێری تارادەیەک فراوانی تێدا دەکراو لە ڕێگایەوە هەستانی ئابووری کاری سەرکەوتووانەی خۆی دەکرد.

ئـەگـەرچـی لـە سـەرەتـاوە پرۆسێسەکە خەریک بوو نشونما بکات، بەڵام شەڕی ناوخۆی هێزە چەکدارە کوردییەکان‌و کەرتکردنی دەسـەڵاتـی هەرێم بۆ دوو بگرە سێ کانتۆن، نەک لە بنەڕەتەوە پرۆسێسەکەی هەڵوەشاندەوە، بەڵکو ئەوەی کورد لە سەردەمەکانی پێشووشدا پێکی هێنابوو، سەرلەنوێ دارمایەوە. بەکورتییەکەی حکومەتی هـەرێـم نـەهـات بـۆ دارشـتـنی نەخشەیەکی لـەبـار، بـۆئـەوەی جوتیارەکان بگەڕێنێتەوە بۆ شوێنی خۆیان‌و دووبارە بیانگێڕێتەوە بۆ بواری بەرهەمهێنان، بەڵکو هەوڵی ئەوەیداو سەرکەوتنیشی بەدەستهێنا کـە بیانکەن بـە کەرەستەکانی بەڕێوەچوونی پرۆسێسی شەڕی ناوخۆو قەبەکردنی دارودەستە حیزبی‌و دەسەڵاتەکانیان، واتە ئەوانیش وەک حکومەتی سەدام ئاسا جوتیارەکانیان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی خۆیان بەکارهێنا. ماوەی ئەو (٤- ٥) ساڵەی کە بەسەر ڕووخانی سەدامدا تێپەڕیوە، کە لە ڕێگایەوە نزیکەی (٤٠) ملیار دۆلاری ئەمریکی خۆی گەیاندە کـوردسـتـان، ئـەگـەر حکومەتی هەرێم نەخشەیەکی فراوانی بۆ سـەرلـەنـوێ ئـاوەدانـکـردنـەوەی کوردستان بەکارهێنابایە، ئەوا لە ڕێگایەوە دەتوانرا نزیکەی یەک ملیۆن لەو هێزە نابەرهەمهێنەرانەی بگوێزابایەوە لادێکانی کوردستان‌و بە سەدان پرۆژەگەلی کشتوکاڵی‌و بە پیشەسازیکردن‌و ئاژەڵداریی تێدا دەخست، ئەو گرانیەی کە لە هەموو ڕوویەکەوە ڕووی لە شارە کوردییەکان کردووە، نەیدەهێشت‌و ئەو زەمینەیەشی دروستدەکرد کە کورد پشت بە داهات‌و سامانی نیشتمانیی خـۆی ببەستێت، نەک بە هێنانە نـاوەوەی ٩٠٪ی پێداویستییەکانی لـەدەرەوە بێت. دوو پارتی دەسەڵاتدار لە سەردەمی شەڕی ناوخۆیاندا هەتا بۆیانکرا جوتیارە ڕووتـکـراوەکـانـیـان بۆ پڕکردنەوەی ماشێنی سەربازیی‌و قەبەکردنی قەڵەمرەوی دەسەڵاتی خۆیان بەکارهێنا، ئێستاش دەیانەوێت لە ڕێگای بەخشینەوەی پارە بۆیان‌و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی دەسەڵاتی ڕەهـای خۆیان، هاتنە پێشەوەی هەمەڕەنگی سیاسی بۆ ناو پەرلەمان، بێناوەرۆک بکەن، کەواتە بارە بابەتی‌و سایکۆلۆژییەکە بۆیان هەتا بڵێی لەبارەو تێشیدا سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە. دەتوانم بڵێم ساڵانە بەلای کەمەوە دوو ملیار دۆلاری ئەمریکی لەو بەشە پارە نەوتییەی کوردستان لـەو بـوارەدا خـەرج دەکـرێـت، لە ڕێگایەوە دە ئەوەندەی دیکە بە خراپەوە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی کــوردەواری گـۆڕانـی بەسەردا هاتووە. کەناڵە لێکەوتە خراپەکانی ئەو پرۆسەیە ئەوەندە فراوانەو پێویستی بە دەیـان بابەتی دیکە هەیە، بۆیە هـەر تەنیا ئەوەمان بۆ دەمێنێتەوە کە بڵێین دیاردەی هـەڵاوسـان‌و گرانیی‌و بێکاریی‌و گیروگرفتی سووتەمەنی‌و کارەباو دیاردە ناڵەبارە کۆمەڵایەتییەکان‌و کێشەی گەنجان‌و زۆرانێکی دیکە، بەشی هەرەزۆریان موتوربەکراوی ئەو دیاردە ناڵەبارەن.

ڕاسـتـە خـراپ بەکارهێنانی دەسـەڵات، بەحیزبایەتیکردنی پـەرلـەمـان‌و حـکـومـەت‌و دەزگـا یاساوڵەکان، تاریکاندنی بودجە، عصابة المافیا الحکومیة المنظمة.... هۆکارگەلێکی زۆرن بۆ تەشەنەکردنی گەندەڵی، بەڵام گەرادانانی گەندەڵی، هۆکارە سەرەکییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕووتکردنەوەی بەشی هەرەزۆری چینی جوتیاری کورد لە پرۆسێسی بەرهەمهێناندا.

بەشی هـەرەزۆری کۆمەڵانی کوردستان بە دیوی حیزب‌و ناحیزبدا قسە لەسەر هەمەڕەنگی سیاسی بۆ پەرلەمانی داهاتوو دەکەن، لەناویاندا مانشێتی گۆڕان خۆی کردووەتە ناو بەشی هـەرەزۆری ڕاگەیاندنی کوردی‌و لە ڕێگایەوە لێدوان لەسەر گۆڕان‌و پێکهێنانی سیستمێکی نوێی کۆمەڵایەتی، بووەتە وێردی زوبانی هەموو خێزانێکی کوردی‌و لیستی گۆڕانیش لەو نێوەندەدا بەشی شێری بەرکەوتووە.

بـەڵام ئایا هەمەڕەنگی نوێی سیاسی لەناو پەرلەمانی داهاتوو بەتایبەتی لیستی گۆڕان، دەتوانێت ئەو بەفرە بەستەڵەکبووەی پێشتر بتوێنێتەوەو بەدوایدا زەمینەیەکی وەها برەخسێنێت کە کۆمەڵگای کوردیش بەرەو سیستمێکی نوێ یان کراوەتر پێگوازە بکات، بەهۆیەوە بتوانێت زاڵبێت بەسەر گەندەڵیدا یان کەمکردنەوەی بەڕادەیەکی زۆر؟

ئەجێندا زۆرن، بەڵام گرنگ ئەوەیە لێکەوتەکان دەرئەنجام بەدەست بهێنن، ئێمە دەڵێین بودجە شەفاف نییە، کە خوردی دەکەیتەوە یەک ملیار دۆلاری ساڵانەی بودجەی یەکێتی‌و پارتی دەگەیەنێت، لیستی گۆڕان یان لیستی چاکسازیی‌و گۆڕانی چوار حیزبەکە کە چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکرێت هاوسەنگی کورسییەکانی پەرلەمان بەرامبەر دوو حیزبەکە بەدەست بهێنن، ئایا ئەوان دەتوانن دروشمەکانیان بکەن بە گۆڕانی بنەڕەتی؟

ئـەمـانـەو پـرسـیـاری دیکەش زۆرن‌و هەر هەموانیان دەچنە خانەی لەناوچوونی گەندەڵی لەبن‌و بۆتکەوە، بەدواشیەوە قسەکردن لەسەر پێگوازە بۆ کۆمەڵگای مـەدەنـی‌و سیستمێکی نوێی کۆمەڵایەتی، ڕێچکە ئاساییەکەی خۆی وەردەگرێت.

ئەگەر لیستی گـۆڕان‌و چوار حیزبەکەو ئـەو مـرۆیـانـەی کە ئـیـرادەی بەهێزیان لـەنـاو دوو پارتەکەی دیکەشدا هەیە، هەر هـەمـووانـیـان بەپێکەوەیی‌و لە بەرژەوەندیی کۆمەڵانی خەڵکدا نەتوانن بەلای کەمێک بۆ ئەو چوار ساڵەی داهاتوو چارەکە ملیۆنێک لە بەتاڵەی موقەنەعە بۆ لادێکانی کوردستان‌و بواری بەرهەمهێنان، بگوازنەوە، بەدوایەوە قسەکردن لەسەر گۆڕان بە هی هەمووانیان تەنیا دروشمی لێدەکەوێتەوەو بەدواشیەوە زیاتر، لەلایەک خەڵک بە دروشمی نابەجێ نارەحەت دەکات‌و بێبڕوایش دروسـتـدەبـێـت، ئەو بیرکردنەوانەش خۆیان دەگەیەننە ناو جەماوەر کە دەسەڵاتی دوو حیزبەکەو لێکەوتەکانی بەسەریان بووەتە ئەزەڵ‌و دەبێت قبوڵ بکرێت‌و گۆڕانیش هەڵناگرێت.

ڕەشبین نیم، بـەڵام گۆڕانی بنەڕەتیش پێویستی بە کەرەستەکانی گـۆڕان‌و ئـیـرادەی سیاسیی ئەو هێزانەیە کە گۆڕانیان کردووەتە دروشمی خۆیان، ئەگەر گۆڕان‌و هەمەڕەنگی سیاسی تەنیا لەپێناو ئەوەدابێت کە هاوکێشە سیاسییەکان لە دوو حیزبی باڵاوە بۆ چەند حیزب بگۆڕدرێتەوە، بەدوایەوە گۆڕان لە بنەڕەتدا هیچ مانایەک ناگەیەنێت، بەڵام ئەگەر بۆ پێگوازەی سیستمێکی نوێی کۆمەڵایەتی بێت، ئەوا دەبێت ئەوە قبوڵ بکەین کە ئێمە ئەمڕۆ گۆڕان دەکەین لەسەر کەسانێکەوە لە باشەوە بۆ باشتر، با سبەیش ئەوە بەسەر خۆماندا قبوڵ بکەین کە کەرەستەی داهاتوو هەتا گۆڕانیش بەسەر ئێمەدا بکەن لەپێناو لە باشەوە بۆ باشتر. کەرەستەکانی گۆڕان هەر هەموانیان لە ڕۆژگارێکی وەک ئەمڕۆمان لە پارەی نەختینە بگرین تا دەستی کار، بە تەکنیکی هەرە نوێ‌و بە فراوانی کەسایەتییە پرۆفیشناڵەکانیان، کەرەستە خاوەکان، کاڵا، هەرچی بتەوێت لە کوردستان لەبەردەستدایە، ئەگەر ئیرادەی خێر هەبێت بۆ گۆڕان‌و پێگوازە ناکرێت، من تەنیا نموونەیەک بە بەنداوی بێخمە دەهێنمەوە.

ئـەگـەر حـکـومـەتـی کـوردی لێبگەڕێت ئـەو بـەنـداوە (وەک نەخشەی بۆ کێشراوەو بڕیاری لێدراوە) تەواوبکرێت، حکومەتی عـێـراق لەسەر بـودجـەی خۆی، تەواوی دەکات، بەڵام با بێینە سەر لایەنە هەرە چاکەکانی تەواوبوونی ئەو بەنداوە:

٧٠٪ی ئـاوی ژێـرزەمـیـنـی کوردستانی پێیەوە زیاد دەکرێت، گۆڕانێکی باش بەسەر باشبوونی کەشوهەوای کوردستان‌و پاراستنی ژینگەی بەهۆیەوە لێی دەکەوێتەوە، زەویوزارە کشتوکاڵییە دێمییەکان بەلای کەمەوەو نیوەیان لێ بەراو دەکرێت، وزەی کارەبایەکی نوێمان پێدەبەخشرێت کە نەک هەر بەشی هەموو کوردستان دەکات‌و تاهەتایە لـەو بێکارەبابوونە ڕزگـارمـان دەکات، بەڵکو هەندەک بەشی دەرو جیرانانیش دەکات بە پارە بیاندەینێ یان.... داهاتێکی بەرچاوی سامانی ماسیمان بۆ مسۆگەر دەبێت کە دەتوانم بڵێم خۆی لە یەک ملیار دۆلار ساڵانە دەدات، ناوچەکە دەبێتە ناوچەیەکی گەشتوگوزاریی‌و سـاڵانـە بـە ملیۆنەها گەشتکەر ڕووی لێدەکات، بە دەیـان هەزار دەستی کاری کوردی هەڵدەمژێت‌و ساڵانەش بەلای کەمەوە بە سەدان هەزار ملیۆن دۆلار دەستکەوتمان لێی دەستدەکەوێت.... هەلومەرج ئەوەندە لەبارە لە ڕێگای گرتنەبەری سیستمێکی نوێی بەرهەمهێنان، کە دەتوانین پێیەوە بەلای کەمەوە یەک ملیۆن مرۆی کوردی بگوازینەوە بۆ لادێکانی کوردستان، بەهۆیەوە زەمینەیەکی زۆر فراون دەرەخسێت شارەکان لە مەینەتی قەرەباڵغی بێسنوورو گرانییەکی زۆرەوە ڕزگاریان دەبێت، بەڵکو پێگوازە بۆ سیستمێکی نوێ‌و بەدوایەوە دەتوانین هەنگاوی مەزنانەی دیکە بهاوێژین، کـە لـە پیشەسازیی بـچـووک‌و مامناوەندیی بۆ دروستکردنی پیشەسازیی گەورەش بەمەبەستی ناردنە دەرەوە هەنگاو بهاوێژین، بۆیە هەر هەموانمان هەوڵی ئەوە بدەین گۆڕانی بنەڕەتی نەک گۆڕانی هاوکێشە سیاسییەکان.

mahdikawani@yahoo.co.uk








چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩

# ئابووری

ژمـــاره (487) | چوارشەممە 2009/6/10 | aburi.rozhnama@gmail.com



بەڕێوەبەری پێشینەو بازاڕگەریی لە وەزارەتی کشتوکاڵ:

## بانکی کشتوکاڵی ٦٠٪ی تێچووی پرۆژەکانی جوتیاران دابیندەکات

ل ٥

بەهای دۆلاری ئەمریکی لە بەرامبەر دیناری عێراقی لە (١١٨,٥٠٠)هەزار دینارەوە بەرزبووەوە بۆ (١١٨,٥٥٠)دینار، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتەکانی بانکی ناوەندی لە خستنە بازاڕی دۆلاردا.

% 0.001

بەهای یەک بەرمیل نەوتی خاوی ئەمریکا لە بازاڕەکانی جیهاندا لە (٥٩)دۆلارەوە بەرزبووەوە بۆ (٦١)دۆلاری ئەمریکی، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ زیاد بوونی خواست لەسەر نەوت

%0.33

نرخی یەک مسقاڵ ئاڵتونی عەیارە (٢١) لە بازاڕەکانی کوردستاندا لە (١٥٥)هەزار دینارەوە بەرزبووەوە بۆ (١٥٩)هەزار دینار، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ناجێگیری لە بەهای ئاڵتوندا

% 0.025

# ئایا داهاتی تاکەکەس کاریگەریی لەسەر هەڵبژاردنەکان دەبێت؟



٢٥ تەموزی داهاتوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکایەتی هەرێم ئەنجامدەدرێتو پسپۆڕانی ئابوریش پێیانوایە کە داهاتی تاکەکەس هیچ کاریگەرییەکی لەسەر بەشداریکردنی هاوڵاتییان لە هەڵبژاردنەکاندا نابێت.

د.محەمەد رەئووف، پسپۆڕی بواری ئابووریو مامۆستای زانکۆی سلێمانی، وتی: «داهاتی تاکەکەسی هاوڵاتییان لە هیچ وڵاتێکدا کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر هەڵبژاردنەکان نییە، چونکە حکومەت خۆی بودجەی بۆ دابین دەکاتو ئەو ئەرکە لەسەرشانی حکومەتە نەک هاوڵاتییان».

ئەو پسپۆڕە ئابوورییە نموونەی وڵاتی هیندستانی هێنایەوە کە وڵاتێکی هەژارن، بەڵام زۆرینەیان بەشداریی کارای هەڵبژاردنەکان دەکەن.

هاوکات ئەسرین عەلی (٣٤ ساڵ)، کە پیشەی مامۆستاییە، وتی: «دەنگدان پەیوەندی بە میزاجو بیروراو باری گوزەرانەوە هەیە، چونکە ئەگەر خەڵک باری ئابووری خراپ بوو، باشتر بیر لە گۆڕانکاریی پرۆسەی سیاسی دەکاتەوە».

ئەسرین هیواشی خواست کە هەڵبژاردنی داهاتوو ببێتە هۆی باشکردنی گوزەرانی هاوڵاتییان، «بەتایبەتی ئەوانەی هەژارو کەمدەرامەتن».

### بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ بەبێ گرنگیدان بە بەنداوەکان، بەرجەستە نابێت

ل٣

### عەلوەی سلێمانی دەگوازرێتەوەو کاسبکارانیش نارازین

ل٤

### کەرتی تایبەت رێژەی سامانی ئاژەڵ بەرز دەکاتەوە

ل٧

# بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ بەبێ گرنگیدان بە بەنداوەکان، بەرجەستە نابێت

**رۆژنامە**

ئەندازیارێکی شارستانی ئاماژە بەوەدەکات کە حکومەتی هەرێم گرنگیی نەداوە بە بەنداوەکان کە رۆڵێکی گرنگو ستراتیژیان هەیە لە پەرەپێدانی کەرتی کشتەکاڵ، ئەوە لە کاتێکدایە چەندین سەرچاوەی ئاویو شوێنی گونجاو لە هەرێمی کوردستان هەیە بۆ دروستکردنی بەنداو.

وریـا خەفاف، ئەندازیارێکی شارستانی کە لەساڵی حەفتاکاندا بەرێوەبەری بەنداوی دوکان بووە، وتی: «تائێستا لەلایەن مامۆستایانی زانـــکـــۆو خـــوێـــنـــدکـــارانـــەوە توێژینەوەیەکی ورد لەسەر سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان نەکراوە، کە چەندی لێ بەفیرۆدەچێت».

هــەرچــەنــدە وەک هەرێمی کوردستان، وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکانی هەیە، بەڵام بە بڕوای چاودێران هێشتا وەک پێویست گرنگیی بە سەرچاوە ئاوییەکانو بەنداوەکان نەدراوە.

وریــا خــەفــاف ئــامــاژەی بەوەشکرد کە ئەو توێژینەوانەی کە دەکرێت بۆ ئەوەیە بزانرێت بە دروستکردنی ئـەو بەنداوە رووبەرێکی کشتوکاڵمان لەکیس دەچــێــتو زیــانــی زیــاتــرە یان قازانجەکەی زیاترە، دەبێت ئەمانە هەمووی حسابی بۆ بکرێت.

وتیشی: «هەموو ساڵێک لە بەنداوی دوکان پێنج مەتر بە قوڵایی ئاو کەمدەکات، لەبەر بەهەڵمبوونی ئاوەکە، ئەمەش رێژەیەکی زۆرە، ئەگەر بەقەبارە لێکبدرێتەوە ئاوێکی زۆر لەدەست دەچێت».

بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە ناوبراو وتی: «لە یابانو وڵاتانی دیکە لەبەرئەوەی ئاو لەوێ ئازیزە، چینێک (کەف– فوم) دادەنێن، وەک سپراو کەفی سابون وایە، دەیخەنە سەر ئاوەکە بۆئەوەی ئاوەکە نەبێت بەهەڵم، ئەگەر هەواشی لێبدات، ئەو ئاوە وەک خۆی دەمێنێتەوە».

هەرچەندە بە پێی رێککەوتنێکی نـێـوان وەزارەتـــی سـەرچـاوە ئاوییەکانی هــەرێــمو حکومەتی کــۆریــا بــڕیــارە ١٩ بــەنــداوی بچوکو مامناوەندی لە شوێنە جیاوازەکانی هــەرێــم دروســت بکرێت، بەڵام بە بۆچونی وریا خەفاف هونەر لەوەدانییە بەنداو دەکرێت یان ناکرێت، بەلکو هونەر لە دیراسەکردنیدایە، لەوبارەیەوە وتــی: «لــە روســیــاو ئەمریکاو ئۆکرانیا بەنداوێک تەنیا بۆ کارەبا دروستکراوە،چونکەدیراسەکراوەو لــەو ناوچەیەدا پێویستیان بە کشتوکاڵ نییە یان زەوییەکەی بۆ کشتوکاڵ نابێـت، بەپێی شوێنەکە بەنداویان دروستکردووە».

دەربارەی بەفیرۆدانی ئاو وتی: «هاوسەنگی ئاویی (موازنە مائیە) زۆر گرنگە، دەبێت لە ئەلفەوە تا یای دیراسە بکرێت، باران چەند دەبارێتو بڕی چەندی دەچێتە ناو زەوییەوە، بەڵام بەداخەوە عەقلی بەڕێوەبردن کەمە».

لەبەرامبەردا لەوبارەیەوە ئەکرەم ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتیی بەنداوەکانی کوردستان، لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە وتی: «ئاوی هەموو بەنداوەکانی کوردستان تا مانگی ئایار لە بەرزبوونەوەدایە، بــەڵام بەهۆی بەهەڵمبوونەوە رێژەیەکی لێ کەمدەبێتەوە تا دوو مەتر بە قوڵایی ئاوی لێ دەبێت بەهەڵم، بەڵام هەرگیز ناگاتە پێنج مەتر».

بەڕێوەبەری گشتیی بەنداوەکانی کوردستان وتیشی: «ئێمە پێمان خۆشە هەموو پسپۆڕانی بواری ئاو هاوکاریمان بکەن بە توێژینەوە بێت یان بە هەر زانیارییەک کە سوودی هەیە بۆ ئاوی کوردستان، چونکە ئێستا لەلایەن هەموو وڵاتانەوە گرنگییەکی تایبەت دەدرێت بە ئاو».

هاوکات پسپۆڕانی ئابووری لە هەرێمی کوردستان پێشنیاز دەکەن کە بەنداوی زیاتر لە کوردستاندا دروست بکرێت تا ئاوی کوردستان بەفیرۆنەچێت.

د.نەرمین مەعروف، مامۆستا لە کۆلێژی کارگێڕیو ئابووریی زانکۆی سلێمانی، وتــی: «ئەگەر سەیری خــوار بــەنــداوی دوکـان بکەین، دەبینین بەشێکی زۆر ئاوەکەی لێ بەفیرۆدەچێت، لەکاتێکدا حکومەتی هەرێم دەتوانێت بەنداوی دیکە دروستبکات لەو ناوچانەی دەکەونە سەر رێی ئاوی بەردراوەی بەنداوەکە».

ئاماژەی بەوەشکرد کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێت هیچ بەنداوێک لە هەرێمی کوردستاندا دروستبکات تا حکومەتی ناوەندی رەزامەندیی لەسەر نــەدات، بەڵام لەبەرئەوەی وەزیــری سەرچاوە ئاوییەکان کــوردە، بوونی ئەو رەزامەندییە ئاسانترە.

ئەو پسپۆڕە ئابوورییە وتیشی: «وەزیــری سەرچاوە ئاوییەکانی عێراق کوردەو ئەوە هیچ بەهانەیەک نــادات بــە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بەنداوی نوێ دروست نەکات، چونکە حکومەت پلانی پێنج ساڵەی داناوە بۆ کەرتی کشتوکاڵ، ئەگەر گرنگی نەدات بە بەنداوەکانو بەنداوی زیاتر دروست نەکات، ناتوانێت پلانەکەی وەک خۆی جێبەجێ بکات».



**دوو کۆمپانیای تورکیو بەریتانی بە بڕی ٥،٥ ملیار دۆلار**
**گرێبەستێک ئیمزا دەکەن بۆ دەرهێنانی نەوت لە هەرێمدا**

# حکومەت گومرک لەسەر بەرهەمی دەرەکی دادەنێت

هاوڕێز عەلی

حکومەتی هەرێم گومرک دەخاتە سەر ئەو بەروبومە کشتوکالیانەی لە دەرەوەی هەرێمەوە هاوەردە دەکرێن ئەویش بە مەبەستی گرنگیدان بە بەرهەمە کشتوکالیە ناوخۆییەکان، لێپرسراوی چاودێری کشتوکالیی لە عەلوەی سلێمانی، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو بڕیارە کاریگەری هەبووە لەسەر زیادکردنی بەروبومە ناوخۆییەکان.

کەریم عەلی، لێپرسراوی چاودێری کشتوکالیی لە عەلوەی سلێمانی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند:

ئێستا گومرگ دەخرێتە سەر ئەو شتانە بۆئەوەی بەرهەمی خۆمالیی بێتە عەلوەوەو بفرۆشرێت، ئەمەش بە قازانجی ئابووریی هەرێمی کوردستان دادەنرێت، چونکە لەوکاتەوە هاوردە کەمتربووەتەوە.

وتیشی: «ئێستا بەدەیان تەن خەیارو بەرهەمی میوەی خۆمالی دێتە عەلوەوەو دەفرۆشرێت، هیواداریـن کە جوتیاران زیاتر کاربکەن بۆئەوەی کە ئەوەندە بەرهەمی خۆمالیمان هەبێت پێویستمان بە بەرهەمی وڵاتانی دراوسێ نەمێنێت کە هاوردەی بکەین».

# شۆفێرانی بارهەڵگر لە حاجی ئۆمەرانماندەگرن

بورهان نەوزاد



شۆفێرانی ئۆتۆمبیلە بارهەڵگرەکانی خاڵی سنووری حاجی ئۆمەران ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو دەستیان بە مانگرتن کرد، هۆکاری مانگرتنەکەشیان گەڕاندەوە بۆ جێبەجێکردنی پرۆتۆکۆلی هاوبەشی نێوان هەرێمو کۆماری ئیسلامیی ئێرانو «خراپیی مامەڵەی کارمەندانی گومرگی تەمەرچیان لەگەڵ شۆفێراندا».

محەمەد ئەحمەد، نوێنەری شۆفێرانی خاڵی سنووری حاجی ئۆمەران، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: وەکو سەرجەم شۆفێرانی بارهەڵگر لە حاجی ئۆمەران دەستمان بە مانگرتن کردووە، ئەویش «بەهۆی خراپیی مامەڵەی کارمەندەکانی گومرگی تەمەرچیان بەرامبەر بە شۆفێرانی هەرێم»و جێبەجێکردنی پرۆتۆکۆلی هاوبەشی نێوان هەرێمو کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە ڕێگا بە شۆفێرانی ئێرانی دەدات کاڵا هاوردەی هەرێمی کوردستان بکەن لە بەرامبەردا شۆفێرانی هەرێم بێکار دەبن، لە هەرێمی کوردستانیش هیچ کەلوپەلێک نییە هەناردەی ئێران بکرێت، بۆیە لەدژی دەوەستینەوەو بە هیچ شێوەیەک شۆفێرانی هەرێم ئامادەنین ئەم پرۆتۆکۆلە جێبەجێبکرێت.

ئەو شۆفێرانەی مانیانگرتووە ژمارەیان (٧٠٠) شۆفێرە، وەکو ئاماژەیان بۆکرد ئامادەنین بچنەوە سەرکارەکانیان هەتا جێبەجێکردنی ئەو پرۆتۆکۆڵەی نێوان هەرێمو ئێران کۆتایی پێنەهێنرێت.

لای خۆشیەوە دەرسیم تەحسین تەها، بەرپرسی کۆمەڵگای حاجی ئۆمەران، ڕاگەیاند: لیژنەیەک پێکهێنراوە لەنێوان هەردوولادا لەبەر بەرژەوەندیی شۆفێرانی هەرێم، بڕیارە چارەسەرێک بدۆزینەوە.

# جوتیاران ڕەخنە لە چۆنێتی قەرزی بانکی کشتوکاڵیی دەگرن



بورهان نەوزاد

دوای ئەوەی وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی ستراتیژیی (٥) ساڵەی وەزارەتەکەی خستە جێبەجێکردنەوە بۆ گرنگیدان بە کەرتی کشتوکاڵ، یەکێک لەو بەرنامانەی کردنەوەی بانکی کشتوکاڵیی بوو بۆ پێدانی قەرز بە جوتیارانی هەرێم، بەڵام جوتیارانی دەڤەری باڵەکایەتی ڕەخنە لە چۆنێتیو چەندایەتی ئەو جۆرە قەرزە دەگرن.

لەوبارەیەوە ڕەشید حسێن، جوتیارێکی دەڤەری باڵەکایەتی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: کردنەوەی بانکی کشتوکاڵیی هەنگاوێکی باشە بۆ جوتیاران، بەڵام وەزارەتی کشتوکاڵ ئامادەنییە قەرەبووی جوتیاران بکاتەوە لەکاتی زەرەرکردنیان لەو پرۆژەیەی ئەنجامی دەدەن.

ناوبراو ئاژەی بەوەشکرد ئەگەر ئێران بە نموونە وەربگرین، هەر جوتیارێک زەرەری پێگەیشت، حکومەت نیوەی زیانەکەی دەداتەوە، جگە لەوەش سوودەکەشی وەرناگرێت.

ئەو جوتیارە وتیشی: «کردنەوەی ئەو بانکە هیچ خزمەتێک بە کەرتی کشتوکاڵیی ناگەیەنێت، بەڵکو تەنیا بازرگانیکردنە بە جوتیارانو هاوڵاتیان لە ڕێگای ئەو بانکەوە، چونکە سوودی قەرزەکە ٢٪ دەچێتە سەر پارەکە، لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر جوتیارەکە نەیتوانی لەکاتی خۆیدا قەرزەکە بداتەوە، ئەوا ساڵانە بە ڕێژەی ١٢٪ سوود دەخرێتە سەر قەرزەکە، بۆیە جوتیاران ئامادەنین ئەو شێوازە قەرزە وەربگرن».

جێی ئاماژەیە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر داوای وەزارەتی کشتوکاڵ، بڕی (١٠٠) ملیۆن دۆلاری دابینکردووە بەمەبەستی قەرزدان بە جوتیاران، بۆ ئەنجامدانو پەرەپێدانی پرۆژەکانی بەرهەمی دانەوێڵە، خانووی پلاستیک، باخدارییی، نەمامگە، هەنگەوانی، پەرەپێدانی بەرهەمی ئاژەڵی، بواری ماسیو نوێکردنەوەی پرۆژەکانی پەلەوەر... هتد، خەرج دەکرێت، هەر جوتیارێک دەتوانێت بۆ تێچوونی پرۆژەکانی تا (٥٠) هەزار دۆلار لەو بانکە سوودمەند بێت، هەروەها لەبری وەرگرتنی قەرزەکە، دەبێت گەرەنتییەکی وەک زەوی یاخود خانووبەرە بدات، ساڵانەش بەشێوەی قیست پارەکە بگەڕێنێتەوە بۆ بانک.

## ساڵانە پارتیو یەکێتی ١١٪ی بودجەی هەرێمی کوردستان بۆخۆیان دەبەن

## بەڕێوەبەری پێشینەو بازاڕگەریی لە وەزارەتی کشتوکاڵ

# بانکی کشتوکاڵی ٦٠٪ی تێچووی پرۆژەکانی جوتیاران دابیندەکات

هێمن محەمەد
ئارام شێخ وەسانی



**نوری ئیسماعیل، بەڕێوەبەری پێشینەو بەبازارکردن لە وەزارەتی کشتوکاڵ، لە چاوپێکەوتنێکیدا باس لەو سلفەی سەد ملیۆن دینارە دەکات کە دابینکراوە بۆ جوتیارانو دواتر بە قیست لێیان وەردەگیرێتەوە، هەروەها ئاماژە بەوەدەکات کە بانکی کشتوکاڵیی هەبووە، بەڵام چالاک نەبووە.**

**یەکێک لە هەنگاوەکانی پلانی پێنج ساڵەی بەرەوپێشبردنی کەرتی کشتوکاڵ، بریتییە لە بەگەڕخستنەوە بانکی کشتوکاڵیی بۆئەوەی زیاتر جوتیاران هانبدرێن پەرە بە کەرتی کشتوکاڵیی بدەنو بوژانەوە لەو کەرتەدا دروستبێت.**

نوری ئیسماعیل، بەڕێوەبەری پێشینەو بەبازارکردن لە وەزارەتی کشتوکاڵ، لەلێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئێمە وەک وەزارەتی کشتوکاڵ داوامانکرد بانکی کشتوکاڵیی بەکاربخرێتەوە، دواتر داواکە پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران کرا، دواتر بڕی (١٠٠) ملیۆن دۆلار تەرخانکرا بۆ بەگەڕخستنی ئەو بانکە، کە هەر چوار بەڕێوەبەرێتییە گشتییەکان بگرێتەوە، کە بۆ هەریەکەیان (٢٥) ملیۆن دۆلار تەرخانکراوە بۆ ساڵی ٢٠٠٩».

بەپێی ڕێنمایی ژمارە (١٥) کە هەموو بەرهەمهێنانی قارچکیش بگرێتەوە، کە ئەوە شتێکی تازەیە لە کوردستاندا، لەوبارەیەوە نوری ئیسماعیل وتی: «چەندین جوتیار داوای جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە دەکەن، ئێمەش کارمان بۆ ئەو داوایەی جوتیاران کردووە، هەوڵمانداوە کە ڕێنمایی ژمارە (١٥) هەمواربکرێت، ئەو تەوەرەشی بۆ

وەزیر لە ئێستادا بڕیاردراوە (٢٠٠) ملیۆن دینار بۆ هەریەک لە بانکەکانی هەولێرو دهۆک دابین بکرێت، وەک قۆناغی یەکەم، لە سلێمانیش پێشتر بانکی کشتوکاڵیی لەکاردابووە، ئێستا ئەوان پارەیان ماوە لە بانکەکەیان».

سەبارەت بە وردەکاریی پێدانو

**ئەو قەرزەی بانکی کشتوکاڵی دەیداتە جوتیاران نزیکەی (١٢) لایەن تێیدا سوودمەند دەبن، وەک باخداریی، دانەوێڵە، بەرهەمەکانی دانەوێڵە، پرۆژەی بەخێوکردنی ماسی، هەروەها کڕینی کەلوپەلی کشتوکاڵیی بە هەموو جۆرەکانی ئۆتۆمبیلو دەراسە، لێدانی بیری ئیرتیوازیی، سامانی ئاژەڵ بۆ هێنانی مەڕو بزنو مانگا لەدەرەوەی وڵات، دروستکردنی هۆڵی تایبەت بە ئاژەڵان، هەروەها چاندنی باخ کە لە دە دۆنم کەمترنەبێت لە دەشتایی، لە ناوچە شاخاوییەکانیش لە (٥) دۆنم کەمترنەبێت**

ڕێوشوێنی چۆنێتی خەرجکردنی ئەو بانکە دیاریکراوە، ئەو قەرزەی بانکی کشتوکاڵی دەیداتە جوتیاران نزیکەی (١٢) لایەن تێیدا سوودمەند دەبن، وەک باخداریی، دانەوێڵە، بەرهەمەکانی دانەوێڵە، پرۆژەی بەخێوکردنی ماسی، هەروەها کڕینی کەلوپەلی کشتوکاڵیی بە هەموو جۆرەکانی ئۆتۆمبیلو دەراسە، لێدانی بیری ئیرتیوازیی، سامانی ئاژەڵ بۆ هێنانی مەڕو بزنو مانگا لەدەرەوەی وڵات، دروستکردنی هۆڵی تایبەت بە ئاژەڵان، هەروەها چاندنی باخ کە لە دە دۆنم کەمترنەبێت لە دەشتایی، لە ناوچە شاخاوییەکانیش لە (٥) دۆنم کەمترنەبێت.

بەشێک لە جوتیاران داوایانکردووە کە پرۆژەی یارمەتیدانی بانکی کشتوکاڵیی،

زیادبکرێت، بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ وەزارەتی دارایی دانیشتووین، دواتر بە بەشداریی لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەزارەتی کشتوکاڵو وەزارەتی دارایی بڕیاردرا کە ئەو تەوەرەش زیادبکرێتو ڕێنماییەکە هەمواربکرێت».

سەبارەت بە چۆنێتی خەرجکردنی ئەو بڕە پارەیەی لە ڕێگای ئەو بانکەوە دەدرێتە جوتیاران، ئەو بەڕێوەبەرەی وەزارەتی کشتوکاڵ ئاماژەی بەوەشکرد کە نابێت تێچووی پرۆژەکان لە (٦٠) ملیۆن زیاتربێت، ناوبراو وتی: «بەپێی دوایین ڕێنمایی هەموارکراو دەبێت پرۆژەکان تێچوویان لە (٦٠) ملیۆن زیاتر نەبێت، ئێستا پرۆژەی بانکی کشتوکاڵیی کەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، هەروەها لەسەر بڕیاری

وەرگرتنەوەی قەرزی بانکی کشتوکاڵیی لە جوتیاران، نوری ئیسماعیل ئەوەی ڕوونکردەوە کە لیژنەی بەڕێوەبەرێتییە گشتییەکان هەڵدەستێت بە خەمڵاندنو پشکنین بۆ دیاریکردنی پرۆژەکە کە چەندی تێدەچێت، هەروەها ناوبراو وتی: «٦٠٪ی تێچووی پرۆژەکە بۆ جوتیاران خەرج دەکرێت، دواتر لەلایەن لیژنەیەک کە پێکهاتووە لە خەڵکانی پسپۆڕ بۆ بەدواداچوونی پرۆژەکان، بۆئەوەی بزانرێت کە قۆناغی یەکەمی پارەکە بە سەرکەوتوویی لەلایەن جوتیارەکەوە خەرجکراوە یان نا، ئینجا قۆناغی پێدانی دووەمی پارەکە بۆ جوتیارەکە خەرج بکرێت».

شێوازی وەرگرتنەوەی پارەکە لە پرۆژەیەکەوە بۆ پرۆژەیەک دەگۆڕێت، ئەگەر وەرزی بێت بە دوو بەش وەردەگیرێتەوە بەبێ هیچ زیادە خستنە سەرێک، تەنیا کارەکانی باجی لەسەر جوتیارانە، بەڵام قیستی تراکتۆرو دەراسە بە پێنج قیست وەردەگیرێتەوە.

هەروەها لە ڕێنماییەکانی بانکی کشتوکاڵیدا ئاماژە بەوەکراوە بەوەی کە زیاتر گرنگیی بدرێت بە پێدانی قەرز بەو جوتیارانەی پرۆژەی خانووی پلاستیکیو پێداویستییەکانی ئەو پرۆژەیە دابین دەکەن.

نوری ئیسماعیل سەبارەت بە پلەبەندی گرنگیی پرۆژەکان وتی: «بەپێی ڕێنماییەکانی وەزیری کشتوکاڵ، دەبێت زیاتر گرنگیی بدرێت بە خانووی پلاستیکی، پێدانی قەرز بۆ ئەو بابەتە لەپێشەوەی بابەتەکانی دیکەیە».

ناوبراو باسی لەوەشکرد کە بانکی کشتوکاڵیی هەر هەبووە، بەڵام چالاک نەبووە، ئەگەرچی لە سلێمانی هەر هەبووەو پرۆژەشیان هەبووە، بەڵام ئێستا بەشێوەیەکی گشتی لە هەموو کوردستاندا ئەو بانکە دەستبەکار بووە، ئێستا پێشنیازکراوە کە بانکێکیش لە گەرمیان بکرێتەوە، «ئەزموونیشمان هەیە، چونکە ئەو بانکە لە سلێمانی هەبووە، ئەزموونێکی سەرکەوتووبووە».

### پرۆفایل

**نوری ئیسماعیل حسێن لە ساڵی ١٩٥٣دا لە هەولێر لەدایکبووە، دەرچووی ئامادەیی بازرگانییەو پەیمانگای (تعاون والارشاد زراعی)ی تەواوکردووە. لە ٢٠٠٦ەوە بەڕێوەبەری پێشینەو بازاڕگەری لە وەزارەتی کشتوکاڵ.**

## وەزیری نەوتی عێراق:
## ڕەوانەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان کارێکی ئاساییە، بەڵام ئیمزاکردنی گرێبەستەکان نادەستوورییە

## لە بەرامبەر گواستنەوەی عەلوەی سلێمانیدا

# بۆ هەر دوکانێک بڕی بیست هەزار دۆلار لە کاسبکاران وەردەگیرێت

هاوڕێز عەلی

شارەوانیی سلێمانی عەلوە دەگوازێتەوە بۆ دەرەوەی سلێمانی، بەڵام لە بەرامبەر ئەو گواستنەوەیەدا بۆ هەر دوکاندارێک بڕی (٢٠٠٠٠) دۆلار دوو دەفتەر دۆلار لە کاسبکاران وەردەگیرێت، دیاریکردنی ئەو بڕە پارەیەی لەلایەن کاسبکارانەوە بە نرخێکی زۆر دەزانن.

عەلوەی نوێی سلێمانی لەلایەن کەرتی تایبەتەوە دروست دەکرێت، کاسبکارانیش داوا دەکەن کە کرێچی شارەوانی بن نەک کەرتی تایبەت، سەرۆکی شارەوانی ئەوە ڕەتدەکاتەوەو ئاماژە بەوەدەکات کە بڕیاریانداوە زۆر پرۆژەی دیکە بدەن بە کەرتی تایبەت.

شەوکەت عومەر ساڵح، سەرۆکی سەندیکای بەقاڵەکانی عەلوەی سلێمانی، بە ڕۆژنامەی وت: «لەلایەن شارەوانییەوە بڕیارە عەلوەیەکی نوێمان بۆ دروستبکەن کە کۆمەڵێک شتیان لە قازانجمان نییەو زیانی لێدەکەین».

ئاماژەی بەوەشکرد ئەو عەلوەیەی کە دیاریانکردووە زۆر دوورە لە شەقامەوەو بۆ شوێنی عەلوە نابێت، دەبوو نزیکتربوایە، کەسێک نییە لێی بپرسێتەوە ئایا ئەو دوکانانەمان چۆن دەدەنەوە.

سەرۆکی سەندیکای بەقاڵەکان باسی لەوەکرد کە بڕیارە لە بەرامبەر پێدانەوەی دوکانەکانیان هەر کەسێک بڕی دوو دەفتەر دۆلار (٢٠٠٠٠هەزار دۆلار)ی لێوەربگرێت.

وتیشی: «ئەو بڕە پارەیە زۆرەو ئێمە کە هەر کرێچی بین لە ناو دوکانەکانماندا، بۆچی ئەو پارەیە بدەین.».

سەرۆکی سەندیکای بەقاڵەکان ئەوەشی خستەڕوو کە حکومەت هیچ هاوکارییەکی نەکردون، وتی: «حکومەت تائێستا هیچیان بۆ نەکردوین کە سەردانی چەندین بەرپرسمان کردووە، باشتروایە کە پرۆژەی وادەکرێت، تەنیا ەچاوی بەرژەوەندیی خۆیان نەکەن».

کاسبکارانی عەلوەی سلێمانی گواستنەوەی عەلوەکە بە کارێکی گونجاو دەزانن، بەڵام لەکاتێکدا کە ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانی کاسبکاران‌و هاوڵاتییانی تێدا بکرێت.

محەمەد عومەر، خاوەنی یەکێک لە دوکانەکان لە عەلوە، وتی: «گواستنەوەی عەلوە شتێکی گونجاوە، بەڵام شارەوانی کە ئەو گرێبەستەی کردووە لەگەڵ کۆمپانیاکان، ئەم ئیشەی کە کۆمپانیاکان کردویانە بە زیانی هاوڵاتییان دەشکێتەوە، ئێمە ئەو خەرجییە دەخەینەوە سەر هاوڵاتییان، کۆمپانیای ئەهلی بەس قازانجی خۆی لێک دەداتەوەو هیچی دیکە».

محەمەد عومەر پێیوایە کاتێک عەلوەکە دەگوازرێتەوە، شارەوانی هیچ مەرجێکی بۆ دانەناوە تا ڕێژەیەکی زۆر لە هاوڵاتییان کە لەسەر یەک دوکان دەژین، زەرەمەند نەبن، «تائێستا شارەوانی هیچ خاڵێکی بۆ کۆمپانیاکان نەنووسیوە کە دەبێت بەمشێوەیە ئیش بکەن، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە کاسبکار لەسەر دوکانێک دەژین، ئەو هەموو خەرجییەی کە کردومانە زەڕبی سفر دەکرێت، ئێمە هەڵوێستمان دەبێت‌و ماندەگرین».

محێدین محەمەد، یەکێکی دیکەیە لە خاوەن دوکانەکان‌و وتی: «کە عەلوە دەگوازنەوە بە کەسپان نەوتووە، وەرگرتنی ئەو دوو دەفتەرە هەڵەیە، چونکە تۆ کرێچیت، بەقەد موڵکەکەی خۆمان نابێت، هەژارەکان ناتوانن ئەو پارە زۆرە بدەن».

ئەو کاسبکارە بە پێویستی زانی ئەو پرۆژەیە سەر بە شارەوانی بوایە، وەک وتی: «ئێمە کرێچی شارەوانی بوینایە نەک هی کەرتی تایبەت، کە نزیکەی (٧٢٠) خێزان نانبڕاو دەکەن».

> **گواستنەوەی عەلوە شتێکی گونجاوە، بەڵام شارەوانی کە ئەو گرێبەستەی کردووە لەگەڵ کۆمپانیاکان، ئەم ئیشەی کە کۆمپانیاکان کردویانە بە زیانی هاوڵاتییان دەشکێتەوە، ئێمە ئەو خەرجییە دەخەینەوە سەر هاوڵاتییان**

یەکێکی دیکە لە کاسبکاران داوای ئەوە دەکات کە عەلوەی ئێستایان بۆ نۆژەنبکرێتەوە نەک بیانگوازنەوە، کاوە فەرەج وتی: «بە هیچ شێوەیەک سوود نابینین، تەنیا کۆمەڵێک دوکان سوودمەند دەبن لەم بوارەدا کە ژمارەیان لە پەنجا دوکان تێپەڕناکات، ئێمە داوای ئەوە دەکەین کە شوێنەکەمان بۆ چاک بکەن، نیوەی ئەو سەرمایەیە لێرەدا خەرج بکەن باشترین عەلوە دەردەچێت، وەک خۆم ناچمە ئەوێ، لەبەرئەوەی بۆ هەر دووکانێک داوای دوو دەفتەر دۆلار دەکەن، ئێمەش ئامادەنین ئەو بڕە پارەیە بدەین».

لە بەرامبەر داواکانی کاسبکارانی عەلوەدا، سەرۆکی شارەوانیی سلێمانی جەخت لەوەدەکاتەوە کە عەلوە دەگوازرێتەوەو بڕیاریانداوە زۆر پرۆژەی دیکە بدەن بە کەرتی تایبەت.

عومەر مەحوی، سەرۆکی شارەوانیی سلێمانی، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «سلێمانی گەورەبووەو عەلوەی ئێستا تایبەتمەندیی تێدانییە، ئەو عەلوەیەی کە دروستدەکرێت، هەموو تایبەتمەندییەکانی تێدایە، ئێمە بڕیارمانداوە کە زۆر پرۆژەی دیکە بدەین بە کەرتی تایبەت».

سەرۆکی شارەوانیی سلێمانی ئەوەی ڕوونکردەوە کە هەموو ئەوانەی لە عەلوەی سلێمانیدان، کرێچی شارەوانین، هەروەها وتی: «نابێت کەس قۆرغی هیچ بکات بۆخۆی، ئەوانە کرێچی شارەوانین، شارەوانی یاسا جێبەجێ دەکات، دەبێت هەموو ساڵێک ئەو دوکانانە بخرێتە زیادکردنەوە».



### شارەزایەکی بواری نەوت:
### نەوتی هەرێم بە قاچاخ بە تورکیاو ئێران فرۆشراوەو کەس نازانێت پارەکەی بۆ کوێ چووە

www.netewe.com

### ڕێژەکە بەرەو کەمبوونەوە دەچێـت

# بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی سامانی ئاژەڵ پەنا بۆ کەرتی تایبەت دەبردرێت

ئارام شێخ وەسانی
هێمن محەمەد

**کەرتی ئاژەڵداریی وەک کەرتەکانی دیکەی کشتوکاڵو پیشەسازیی لە کوردستاندا بایەخی ئەوتۆی پێنەدراوە، ئەمەش زیانی بەو سامانە ئابوورییە گەیاندووە**

## ئاستەنگەکان

کەرتی ئاژەڵداریی بە هەمانشێوەی کەرتی کشتوکاڵ لە چەند ساڵی رابردوودا بەرەو چووە، لەدوای ئازادیی عێراق بەهۆی کەمبوونەی ئەو جوتیارانەی کە کاریان لە کەرتی کشتوکاڵدا دەکرد، ژمارەیەک دەستی کار روویان لە کەرتی ئاژەڵداریی کردووەو گرنگیان پێداوە.

شەماڵ نوری وەک ئابووریناسێک باسی لەو کێشەیە کرد کە کەرتی ئاژەڵداریی تووشی هاتووە، لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە وتی: «لەسەرجەم قۆناغەکانی رابردوودا بەهۆی پشتگوێخستنو گرنگینەدان بە کەرتی ئاژەڵداریی لەلایەن حکومەتەوە، کە ئەو کەرتە بە پلانو بەرنامەیەکی رێکوپێکو زانستیی رێکنەخراوەو ئەو کەرتە بەرەو پووکانەوە چووە»، بەرهەمە ناوخۆییەکانی ئەم کەرتە لە دوا ئاماردا بۆ ٣٠٪ کەمتر دابەزیوە، واتە بەرهەمی بیانی لە هەرێمەکەدا ٧٠٪ دەبێت، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر بەتەواوەتی سوود لە کەرتی کشتوکاڵی کوردستان وەربگیرێت کە خاوەنی نزیکەی (٨) ملیۆن دۆنم زەوی کشتوکاڵییە، ئەوە توانای دابینکردنی بەرهەمی پتر لە (٤٠) ملیۆن کەسی دەبێت».

باس لە چوونە دەرەوەی بەرهەمی ئاژەڵی ناوخۆ دەکرێت، وەک یەکێک لە هۆکارەکان ئەژمار دەکرێت، دەربارەی هۆکارەکانی کەمبوونەوەی سامانی ئاژەڵ لە هەرێمی کوردستاندا، رەمەزان محەمەد، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ، بۆ رۆژنامە وتی: «ناردنە دەرەوەی ئاژەڵ تاکە هۆکار نییە، چونکە زۆرینەی ئەو ئاژەڵانەی کە دەنرێردێنە دەرەوە، ئەو ئاژەڵانەن کە لە ناوچەکانی باشوورەوە دەهێنرێنە کوردستان، هەروەها چەند هۆکارێک کاریگەریی گەورەیان لەسەر کەمبوونەوەی رێژەی بەرهەمی ئاژەڵداریی هەبووە، وەک وشکەساڵیو چۆڵبوونی گوندەکانو گرانیی ئالیکی ئاژەڵ».

گۆشتی ئاژەڵ، یەکێکە لەو پێویستیانەی کە هاوڵاتییان دەیخۆن، بەوهۆیەوە رۆژانە سەدان ئاژەڵی گەورەو بچووک سەردەبڕێن، رەمەزان محەمەد ئاماژەی بەوەکرد کە رێژەی سەربڕین زۆرە، واتا رێژەی سەربڕین زیاترە لە رێژەی بەرهەمهاتوو، لە ئێستادا زیاتر ئەو هاوڵاتییانە کاری ئاژەڵداریی دەکەن کە دەستیان ناچێتە کارکردنی جیاوازو پێی راهاتوون.

لە بەرامبەر ئەوەدا شەماڵ نوری، ئابووریناس، پێیوایە ناردنە دەرەوەی ئاژەڵ کاریگەریی گەورەی دەبێت لەسەر کەمبوونەوەی سامانی ئاژەڵ، شەماڵ وتی: «وێڕای لاوازیی گەشەی کەرتی ئاژەڵدارییو بەرهەمەکانی، کەچی ساڵانە بە هەزارەها مەڕومالاَت بە قاچاخ ئەودیوی سنوورەکانی هەرێم دەکرێت، لە ساڵی رابردوو لە سنوورەکانی کوردستانەوە پتر لە (٤٠٠) هەزارسەر مەڕومالاَت بە قاچاخ رەوانەی ئێران کراوە».

## ڕێژەی ئاژەڵ لە کوردستاندا

تائێستا لە کوردستاندا رێژەو وتی: رووپێویەکی دیاریکراو نییە بۆ دیاریکردنی رێژەی سامانی ئاژەڵ لە هەرێمی کوردستاندا، جگە لە چەند ئامارێک کە بەشێوەی تایبەتو ورد ئامادەنەکراوە، بەپێی ئەو زانیاریانەی رۆژنامە لە وەزارەتی کشتوکاڵەوە بەدەستی گەیشتووە، رێژەکە رێژەی ئاژەڵ لە سەرتاسەری هەرێمدا دەخەملێنرێت: ساڵی پار بەم شێوەیە خەملێنراوە لە هەموو کوردستاندا (٤,٥٠٠,٠٠٠) چوار ملیۆنو نیو مەڕو بزن هەبێت، لەگەڵ (٣٨٤) سێسەدو هەشتاو چوار هەزار رەشەوڵاخ، بەڵام بۆ ساڵی ٢٠٠٩ وا پێشبینی دەکرێت رێژەکە کەمبووبێتەوە بەهۆی چەندین هۆکاری جۆراوجۆر، دیارترینیشیان هۆکاری وشکەساڵی، ئێستا (٣,٢٠٠,٠٠٠) سێ ملیۆنو دووسەد هەزار مەڕو بزنو (٢٥٠,٠٠٠) دووسەدو پەنجا هەزار رەشەوڵاخ لە کوردستاندا هەیە. سەبارەت بەم ئامارانە بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ وتی: «لە کوردستان ئێمە بە چەند شێوەیەک رووپێوی گشتیی ئاژەڵەکانی کوردستان دیاری دەکەین، یەکێک لەو رێگایانە بریتییە لە رووپێوی کوتانی ئاژەڵان، کە ساڵانە فەرمانگەی تەندروستی ئاژەڵ ئەنجامی دەدەن، هەروەها پشت بەو ئامارانەش دەبەستین کە لەکاتی دابەشکردنی ئالیک بۆ ئاژەڵان وەدەستی دەخەین».

بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ، هێمای بۆ ئەوەکرد کە لە کۆتایی ساڵی پاردا بە هاوکاریی دەستەی مەرکەزی ئامار، رووپێوێکیان ئەنجامداوە بۆ دیاریکردنی رێژەی ئاژەڵ، بەڵام تائێستا ئەنجامەکانی تەواونەبووە، وتی: دوا ئامار سەبارەت بە رێژەی ئاژەڵ کە لای ئێمە بێت، بەمجۆرەیە: ساڵی پار لە هەولێر (١٢٢٧) هەزار مەڕو بزنو (٩٨) هەزار رەشەوڵاخ، بەڵام ئێمە پێشبینی دەکەین کە رێژەکە کەمبووبێتەوە بە (٧٩٨) هەزار مەڕو بزنو (٦٤) هەزار رەشەوڵاخ».

## گەڕان بەدوای چارەسەردا

ئەسوەد عەبدوڵڵا، جوتیارێکی ناوچەی خۆشناوەتییەو خاوەنی زیاتر لە (٤٠٠) سەر مەڕ بووە، بەڵام بەهۆی چەند هۆکارێک ئاژەڵەکانی فرۆشتووە، ئێستا لە هەولێر کاری دوکانداریی دەکات، ئەسوەد دەڵێت: ئێمەئەوئاژەڵانەمان بۆبەخێونەدەکرا، بەهۆی وشکەساڵییەوە هەموو بەرهەمەکان بەرەو کەمبوونەوە رۆیشتبوون، بەداخەوە حکومەتیش درەنگ بەهانامانەوە هات، بۆیە وازمهێنا نەمدەتوانی بەوشێوە بژیم، ئەگەر ئەو کارە بەرهەمو سوودی نەبێت، جوتیاران ناتوانن بەردەوامبن لە بەخێوکردنی ئاژەڵ.

لە پلانی بەرەنگاربوونەوەی وشکەساڵیی رابردوودا، حکومەت رایگەیاند کە نزیکەی (٥٦) ملیۆن دۆلاری تەرخانکردووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی وشکەساڵی، ئەمەش وایکرد کە خەڵک زیاتر دەست بە ئاژەڵدارییەوە بگرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رێژەکە رۆژ بەرۆژ بەرەو کەمبوونەوە دەچێت، بۆ ئەو مەبەستەش حکومەت هەستی بەو قەیرانە کردووە، بۆیە پەنای بردووەتەبەر کەرتی تایبەت بۆئەوەی ئەو کەرتە جارێکی دیکە ببوژێتەوە.

بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ وتی: «ئێمە لە چەند لایەنێکەوە هەوڵی ئەوە دەدەین ئەو کەرتە جارێکی دیکە بکەوێتەوە سەرخۆیو بەرەوپێشەوە بچێت، ساڵی رابردوو هەڵمەتێکی دابەشکردنی جۆمان کرد، نزیکەی (١٢٥) هەزار تەن جۆمان دابەشکرد، ئەمە وەک هاوکارییەکو هاندانێک بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی وشکەساڵی».

پرۆژەی بەخێوکردنی (٤٠٠٠) هەزار مانگا وەک پرۆژەیەکی کەرتی تایبەت بەڕێوەدەچێت، ئەو پرۆژەیە لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە مۆڵەتی پێدراوە، لەلایەن کۆمپانیای نوری میسرییەوە ئەنجامدەدرێت، بە هاوبەشیی لەگەڵ کۆمپانیای زۆزکی خۆماڵیی، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ، لە کۆتایی قسەکانیدا وتیشی: «ئەم پرۆژەیە بڕیاربوو بەشێوەیەکی فراوان هەولێرو سلێمانیو دهۆکو گەرمیان بگرێتەوە، بەهۆی ئەوەی لە هەولێر زووتر زەویان بۆ دابینکراوە، پرۆژەکە زووتر کەوتووەتەکار، ئێستا لە سلێمانیو گەرمیان سەرقاڵی دابینکردنی زەوین بۆ پرۆژەکە، بێگومان ئەم پرۆژانە کاریگەریی باشی دەبێت بۆ زیادکردنی سامانی ئاژەڵ لە کوردستاندا».



**بەهۆی ئاگرێکەوە (٣٠٠) دۆنم زەوی کشتوکاڵیی لەنزیک شارۆچکەی سەیدسادق دەسووتێت**

# ترس لە گەندەڵی، لە جیهاندا پەرەدەستێنێ




جەمال ئیختیار

بەپێی لێکوڵینەوەو ئامارێکی تازە، کاریگەرییەکانی قەیرانی ئابووری لە ئاستی جیهانیدا بووەتە هۆی پەرەسەندنی ترس لە گەندەڵی، بەتایبەتی لەناو کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتدا.

سایتی (بی بی سی) لە راپۆرتێکدا کە (٣)ی ئەم مانگە بڵاویکردووەتەوە، دەنووسێت ڕێکخراوی نێودەوڵەتی شەفافیەت لە لێکۆڵینەوەیەکی تازەدا ئەوەی خستووەتەڕوو کە ٥٣٪ لە (٧٣٠٠٠) بەشداربووی وەڵامدەرەوە، کە لە (٦٩) وڵاتی جیهان بەشداریان لەو مەسحەدا کردووە، پێیانوایە کە کەرتی تایبەت گەندەڵە، لەکاتێکدا ئەو ڕێژەیە لە ساڵی ٢٠٠٤دا، ٤٥٪ بوو.

راپۆرتەکەی شەفافیەتی نێودەوڵەتی هەروەها باس لەوەدەکات کە زۆر خەڵک پێیانوایە کە کۆمپانیاکان‌و دەزگاکانی کەرتی تایبەت، شیرینی دەدەن بۆئەوەی کاربکەنە سەر سیاسەتی گشتی‌و ئەو کەسانەی ئەو سیاسەتانە دیاریدەکەن.

وەڵامدەرەوەکان‌و ئەوانەی کە لە لێکوڵینەوەکەدا بەشداریان پێکراوە، وتوویانە کە پارتە سیاسییەکان لە گەندەڵترین یەکەکانن.

هوگوێت لابێڵ، بەرپرسی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی کە دەزگایەکی چاودێریکردنی گەندەڵییە لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا، دەڵێت کە بەدەستهاتنی ئەو ئاکامە ئاکامی هۆشیاربوونەوەی خەڵکە بەهۆی پاشماوەی قەیرانی ئابووریی جیهانی، لاوازبوونی رێوشوێنەکان (یاسایی)و نەبوونی وەڵامدانەوەو بەرپرسیارێتی.

لێکوڵینەوەکە هەروەها تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە دانی بەرتیل لەلایەن کەرتی تایبەت بە سیاسەتمەداران، گرفتێکی جدییە لە جۆرجیاو ئەرمەنستان‌و هەروەها مەسەلەیەکی سەرەکیشە لە ئەمریکاو کەنەدا.

نیوەی بەشداربووان ئامادەیی‌و حەزی خۆیان دەربڕیوە کە پاداشتێک بدەن لەپێناوی کڕینی شت لەو کۆمپانیانەی کە ئالودە نەبوون.

خانمی لابێڵ درێژە دەدات کە هەڵبژاردنی زەحمەت‌و گرنگ لە ئێستادا ئەوەیە کە کۆمپانیاکان بەشێوازێکی زۆر شەفافتر پەیوەندییە داراییەکان‌و تێکەڵاوییەکانیان لەگەڵ حکومەت ئاشکرابکەن‌و لە راپۆرتەکانیاندا بیخەنەڕوو.

لەناو بەشداربوواندا ١٠٪ دەڵێن کە لە ساڵی رابردوودا ئەوان ناچاربوون کە پارەیەکی گیرفان وەکو بەرتیل بدەن بە پۆلیس، کە وەکو یاساغترین جۆری بەرتیل ئەژمار دەکرێت، زۆربەی ئەوانەی کە ناچاربوون بەرتیل بدەن، بنەماڵە کەمدەرامەتەکان بوون.

لابێڵ درێژە بە قسەکانی دەدات‌و دەڵێ: پێچەوانەبوونەوەی گەشەی ئابووری، بنەماڵە هەژارەکان پاڵدەنرێن کە بە ناچاریی سەرچاوە کەمەکانیان بۆ بەرتیل پێدان تەرخان بکەن، ئایا باوکان‌و دایکان بەرتیل بدەن کە منداڵە نەخۆشەکانیان بتوانن دکتۆر ببینن؟ ئایا ئەوان خواردن دەکڕن بۆ بنەماڵەکانیان؟

وڵاتانی کامیرۆن، لیبیریا، سیرالیون‌و ئوگاندا، لە ئالودەترینی ئەو وڵاتانە بوون کە لە ساڵی رابردوودا زیاتر لە ٥٠٪ی هاوڵاتییانیان ناچاربوون بەرتیل بدەن.

هاوکات رۆژنامەی شیکاگۆ تریبیون نووسیویەتی «گەندەڵی بەردەوامەو لەئاستی پێویستدا ئیش نەکراوە بۆ کەمکردنەوەی».

سایتی بلومبێرگیش بڵاویکردووەتەوە کە «حاڵەتەکە لەدوای قەیرانی ئابووریی جیهان، وردە وردە زیاتر خۆی دەردەخات».

لە چوارچێوەی خوێندنەوەی خۆی بۆ راپۆرتی شەفافیەتی نێودەوڵەتی، رۆژنامەی ئیسرائیلی (جروزالیم پۆست) باس لەوەدەکات ئیسرائیل کە لە زۆربەی وڵاتانی دیکەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست باشترە، ٨٢٪ی هاوڵاتییانی ئەو وڵاتە پێیانوایە کە کەرتی تایبەت زۆر گەندەڵەو ناوی عێراقیش لەناو وڵاتە زۆر گەندەڵەکاندا هاتووە، کە تێیدا هاوڵاتییان ناچارن بۆ جێبەجێکردنی ئیشەکانیان بەرتیل بدەن، هەروەها چەندین شێوازی دیکەی گەندەڵی.

مانگی رابردوو سایتی (ئێن پی ئاڕ نیوز) بڵاویکردەوە کە گەندەڵی سەرتاپای عێراقی لە نزمترین ئاستەوە تا بەرزترین ئاست داگرتووە، ئیشەکان لە عێراق لەسەر شێوازی گەندەڵی بەڕێوەدەچن.

# خولێک بۆ ئامادەکردنی راهێنەران

# لەبواری پاراستنی بەکاربەرو قەدەغەکردنی قۆرغکردنی بازاڕدا

رۆژنامە

لە بارەگای کۆنفرانسی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان‌و بازرگانیی ناسراو بە یونکتاد، لە جنێڤ رۆژی دووشەممە (٢٠٠٩/٦/٨)، وەفدێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پێکهاتووە لە نوێنەرانی وەزارەتی بازرگانی‌و خوێندنی باڵاو دەزگای وەبەرهێنان، بەشداریانکرد لە خولێکی ئامادەکردنی راهێنەران سەبارەت بە یاساکانی مونافەسەو پاراستنی بەکاربەر، کە بڕیارە (٥) رۆژ بخایەنێت.

لە یەکەم رۆژی خولەکەدا کە د.کۆپساک چیتیکولی راوێژکاری سەرۆکی ڕێکخراوی یونکتاد، خاتوو ئەحلام گەیلانی سەرۆکی نوێنەرایەتیی عێراق لە جنێڤ بەشداریان تێداکرد، هەردوولا ئاماژەیان بە گرنگیی ئەوجۆرە خولانە کرد لەپێناو بنیاتنانی توانای سەرچاوە مرۆییەکان، لەپێناو پەرەپێدانی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی‌و عێراق بە گشتی .

وەزارەتی بازرگانیی هەرێم بە هاوکاریی ڕێکخراوی یونکتاد، هەردوو پرۆژەیاسای قەدەغەکردنی قۆرخکردنی بازاڕو پاراستنی بەکاربەری پێشکەش بە پەرلەمانی هەرێم کردووە، تا بەشێوەیەکی ریشەیی‌و یاسایی سنوورێک بۆ هەر دیاردەیەکی قۆرغکردنی بازاڕو نەبوونی دڵنیایی لە کوالێتی شتومەک‌و خزمەتگوزارییەکانی ناو بازاڕی هەرێم دابنرێت، هەروەها وابڕیارە لە قۆناغی دووەمی ئەو پرۆژەیەدا ئەو راهێنەرانەی کە لە جنێڤ ئامادە دەکرێن، چەند خولێک بۆ ئەو فەرمانبەرانە بکەنەوە کە بڕیارە لە دەزگای قەدەغەکردنی قۆرغکردنی بازاڕو پاراستنی بەکاربەردا کاربکەن، بۆ ئەوەی ئامادەیان بکەن بۆ ئەو ئەرکانەی کە هەردوو یاسا دەیخاتە ئەستۆی دەزگاکەیان.



## نەتەوەیەکگرتووەکان:
## یەک لەسەر شەشی هاوڵاتییانی عێراق بەدەست نەبوونی خۆراکی پێویستەوە دەناڵێنن

## هەوڵی لێک نزیککردنەوەی کەرتی تایبەت و گشتی دەدرێت

# وەبەرهێنەران کێشەی پێدانی زەوییان هەیە




ئارام شێخ وەسانی
ئارا ئیبراهیم

وەبەرهێنەرانی کوردستان کێشەی پێدانی زەوییان هەیە، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ پشتڕاستکردنەوەی ئەو کێشەیە، ئاماژە بــەوەدەکـات کە هۆکارەکەی بۆ نەبوونو کارکردن بۆ دروستکردنی ماستەرپلانی شارو شارۆچکەکان دەگەڕێتەوە.

دوای ئەوەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ هاوکاریکردنی حکومەتی هەرێم لە بــواری وەبەرهێناندا، بۆ ئەو مەبەستە لەماوەی رابــردوودا تیمی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی، کە تیمێکی ئەمریکییە، پلانێکیان پێشکەش بە وەزارەتــی پلاندانانی هەرێمی کرد، پلانەکە بۆ بەرەوپێشبردنی کەرتی وەبەرهێنانو کشتوکاڵو لابردنی ئاستەنگەکانی بەردەم پرۆسەکە بووە.

لە هەفتەی رابــردوودا لە هۆڵی ژووری بــازرگــانــی هــەولــێــر، کۆنفرانسێک وەک درێژەپێدەری بەرنامەی پەرەپێدانی کەرتی وەبەرهێنانو کشتوکاڵ سازکرا.

عەبدلواحید تەها، بەرپرسی راگەیاندنی ژووری بازرگانی هەولێرو بەشداربووی کۆنفرانسەکە، بە رۆژنامەی وت: «لە کۆتایی ساڵی رابردوودا ڕێکخراوی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی ئەمریکی هەڵسەنگاندنێکی ئابووری پێشکەش بە وەزارەتی پلاندانان کرد، یەکێک لە هەوڵەکانیان ئەوەبووە کە ئامادەکاریی بکرێت بۆئەوەی کەرتی گشتیو کەرتی تایبەت بە هاوبەشیی کاربکەن».

لە کۆنفرانسەکەدا وەزیری پلاندانانی هەرێم باسی لەوەکرد کە دەبێت گرنگیی بە کەرتی کشتوکاڵ بدرێت، چونکە ئەو کەرتە دەبێتە هۆی سەرچاوەی پەرەپێدانی ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا، تیمی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمیش راپۆرتێکیان لەوبارەیەوە پێشکەشکرد.

لەوماوەیەدا کۆبوونەوەو گفتوگۆ لەسەر دوو کەرتی ئابووری کرا، رۆژی یەکەم بریتی بوو لە کشتوکاڵو بازرگانی، رۆژی دووەم پیشەسازیو بیناسازیی، لە رۆژی کۆتاییدا باسی وەبەرهێنانو خزمەتگوزارییەکان کرا.

لە کۆنفرانسەکەدا نوێنەری ڕێکخراوە پیشەییو وەزارەتەکانو زانکۆو راوێژکاری ڕێکخراوی تیمی ئاوەدانکردنەوەی ئەمریکی (ماتون نونیز)، ئامادەبوون.

دارا جەلیل خەیات، سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازیی هەولێر، لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە وتی: «ئەو سێکتەرانەی هەڵبژێردرانو گفتوگۆیان لەبارەوە کرا کە چی بکرێت بۆ بەرەوپێشبردنی ئەو کەرتانە، لە کۆتایی هەر رۆژێکدا پوختەیەک لە دەرئەنجامەکان ئامادەکراو دواتر دەدرێت بە سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێم».

دارا ئاماژەشی بەوەکرد کە کۆنفرانسەکە درێژکراوەی کارەکانی تیمی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمە، کە ئەمریکییەکان سەرپەرشتی دەکەن.

ئەم کۆنفرانسە بە گشتی وەک تەواوکەرێک وایە بۆ ئەو راپۆرتەی کە لەماوەی رابردوودا تیمی ئەمریکی پێشکەش بە حکومەت و وەزارەتی پلاندانانیان کرد، لێرەدا جەختکرایەوە لەسەر ئەوەی چی بکرێت بۆئەوەی ئەو سێکتەرانە پێشبخرێن.

دەربارەی گرفتەکانی وەبەرهێنان، سەرۆکی ژووری بازرگانی هەولێر وتیشی: «پێشبینی دەکەم کە وەبەرهێنەران داوای پێداچوونەوەی هەندێک لە بڕگەکانی یاسای وەبەرهێنان بکەن، لە کۆنفرانسەکەشدا لەلایەن وەبەرهێنەرانەوە ئاماژەی پێکرا».

سەبارەت بە پێویستی هەبوونی یاسایەک بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان کەرتی تایبەتو کەرتی گشتی، دارا جەلیل وتی: «ئەوە پێویستی بە یاسا نییە، چونکە سیستمی ئابووریی هەرێم لەسەر سیستمی بازاڕی ئازاد بەڕێوە دەڕوات، واتــا رۆڵ دەداتــە کەرتی تایبەت بۆئەوەی رۆڵێکی چالاکی هەبێت کە ئیشو کارەکان بەرەوپێش ببات، هەروەها حکومەتی هەرێم ویستی لەسەر ئەوەیە کە کەرتی تایبەت بە ئیشوکاری زۆرینەی سێکتەرەکانی وەبەرهێنان هەستێت، بۆئەوەی لەو سێکتەرانەدا گەشەکردن رووبدات».

هەروەها حەیدەر مستەفا، بەڕێوەبەری گشتیی زانیارییو لێکۆڵینەوە لە دەستەی وەبەرهێنان، لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە وتی: داوا لە وەبەرهێنەران کراوە هەر پێشنیازو سەرنجێکیان هەیە سەبارەت بە دەستەی وەبەرهێنان بە گشتی لایەنی یاساکەیو لایەنەکانی یدکەی، با بیخەنەڕوو بۆئەوەی پێشکەش بە حکومەت بکرێتو ئیشی لەسەر بکرێت.

وەبەرهێنەرانی کوردستان کێشەی پێدانی زەوییان هەیە، ئەمە یەکێکە لەو گرفتانەی کە وەبەرهێنەران دەیانەوێت چارەسەری بکەن.

حەیدەر وتیشی: «بەشێک لە وەبەرهێنەرانی کەرتی تایبەت کێشەی نەبوونی زەویان هەبوو، بۆ ئەمەش باس لەوەکرا کە پێدانی زەوی کاری شارەوانییە، نەک دەستەی وەبەرهێنان».

لە کۆتایی کۆنفرانسەکاندا جەخت لەسەر هەبوونی شەفافیەت کرایەوە لە کارەکاندا، جگە لەوەش باس لەوەکرا چۆن کەرتی تایبەت زیاتر بەشداربێت لەبواری وەبەرهێناندا.

بەڕێوەبەری گشتیی زانیارییو لێکۆڵینەوە لە دەستەی وەبەرهێنان ئەوەی روونکردەوە کە «بڕیاردراوە کە پەرە بە تواناکان بدرێتو هەرجارەی پرۆژەیەکی وەبەرهێنان دیاری بکرێتو بانگەشەی بۆ بکرێت».

هێرش مــوحــەڕەم، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان، لە لێدوانێکیدا بە رۆژنامەی وت: «دەزانین کێشەی زەوی هەیە، بەڵام ئێمە پەیوەندی دەکەین بە لایەنی پەیوەندیدار بۆ پێدانی زەوی بەوەبەرهێنەران، چونکە زۆرجار ئەو زەوییەی کە وەبەرهێن داوای دەکات، زەوییەکی کشتوکاڵییەو پیشەسازیی نییە، جاری واهەیە زەوییەکی دیکەی پێدەدەین لە ناوچەیەکی دیکە».

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان ئەوەی روونکردەوە کە نەبوونی ماستەرپلان لە شارو شارۆچکەکان هۆکارێکن بۆ دروستبوونی ئەو کێشەیە، وتیشی: «تا ماستەرپلانەکان لە شارو قەزاو ناحیەکاندا تەواونەبێت، ناتوانین ئەو کێشەیە چارەسەربکەین، بەڵام کە تەواوبوو، دەتوانین زەوی بدەین بە وەبەرهێنەران لە چوارچێوەی یاسادا».

بەپێی ئەو ئامارەی کە سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان ئاماژەی پێکرد، «لەماوەی سێ ساڵدا (١٦٢) پارچە زەوی دراوە بە وەبەرهێنەران، رووبەری زەوییەکانیش لەنێوان بیست دۆنم بۆ دوو هەزار دۆنم زەویدایە».

ناوبراو تێبینی وەبەرهێنەرانی لەسەر یاسای وەبــەرهــێــنــەران بەهەند وەگــرتو وتی: «هەوڵدەدەین کاری وەبەرهێنەران لە کوردستاندا بەرەوپێش ببەینو پشتیوانی وەبەرهێنەران دەکەم، هەر کێشەیەکیان هەیە با سەردانمان بکەن تا گفتوگۆی لەبارەوە بکەین».

ئابووری
سەرپەرشتیار
محەمەد شێخ فاتح
٠٧٧٠ ١٤١ ٦٠٠٦
ئارا ئیبراهیم
٠٧٧٠ ١٥٠ ٩٠٣٢